کوردستانی عێراق: کام مێژوو و کام داهاتوو؟-1-.. عەدنان کەریم

(شکستی ستراتیجیی ناسیونالیزمی کورد و پێویستیی ستراتیجیکی شەشگۆ)

(بەشی یەکەم)

باکگراوندکی مێژوویی

یەکێك لە پێکهێنەرە ئاڵۆزەکانی دونیای سیاسەت لە عێراقی هاوچەرخ و لەهەمان کاتیشدا یەکێك لە پرسە سەرەکیەکانی تا ئێم سالانەی دوایی بریتی بوو لەمەسەلەی کورد.
لەهەشتاکانی سەدەی پێشوودا فاشیزمی بەعس کە سەددام حوسێین ئەندازیار و ئابڕی بوو، سیاسەتی (دوایین چارەسەر) ی پێیەو کرد لە بڕانبەر ئەو مەسەلە ئاڵۆزەدا: جینەسایدبە ئومەدی قڵاچکردنی کورد وەکوو گەلێك کە بە ڕەگەزکی گەورەی بردەم هاتنەدیی خەونە فاشیستیەکەی خەی دەزانی.
لەگشتیترین ئاست و لەڕووی بابەتیەوە وبە فراوانترین مانا مەسەلەی کورد بڕەهەمی پیادەکردنی سیاسەت و ڕێبازی پشێلکردنی پرەنسیپی بەیەکسان تەماشاکردنی گەلانی دانیشتوانی عێراق ،بەتایبەتی گەلی کورد بوو، هەر لە دامەزراندنی نیزامی پاشایەتیی عێراق لە ساڵی ۱۹۲۱ لەلایەن بەریتانیای داگیرکەری ئەوکاتەی ئێم وەاتەوە.
پیادەکردنی ئێم نەهجە لەبواری مەسەلەی کورد، بەدیاریکراوی لەعێراقدا، ڕاستەوخۆ بەقازانجی ڕەوتی شۆفینیی نەتەوەیی و پاشان عروبی لە عێراقی ئەوکاتداشکایەوە. دیارە دواتەتی عێراق بڕەهەمی تەوافوقی بەریتانیا و نوخبەی عەرەبیی تازەسەرهەڵداوی عێراقی بوو کە هەم بە پێکهاتە و کەسایەتیکانی و هەم بە ئایدیا فکری و سیاسیکانی، کەکتەلکی عەرەبی بوو. بەشی زۆری ئەو ئیلیتە سیاسیە، کە زۆربەیان پێشتر لە سوپای عوسمانیدا پلەیەکی بەهەز و شارەزاییەکی باشی سیاسی و عەسکەریان هەبوو، لە سوریا لەدەوری فەیسەڵی کوڕی شا حوسێینی شەریفی حیجاز کەبونەوە و ئیئتیلافکی سیاسیی ئاشکرایان هەبوو و کەوتبوونە ژێرکاریگەریی ڕێبازە نەتەوەییەکەی (ئیتیحاد و تەرەققی) ی تورکیەوە کە ساڵی ۱۹۰۸ لە

ئەستێنبووە خەیان لێکخستبوو بە هەموو ئەگەرەکانی دوای هەرەسی ئیمپراتۆریی عوسمانی.
بەومانایە دەوڵەتی هاوچەرخی عێراق کە ساڵی ١٩٢١ لەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆریی ووخاوی عوسمانی لەعێراقدا دادەمەزرێت، بەرهەمی بیرکگەیشتنی ئامانجەکانی بەریتانیای داگیرکەری عێراق و بزووتنەوەی تازە سەرهەڵداوی نەتەوەیی عەرەبیی عێراقی بوو کە ئەو نوخبە عەسکەریەی دەرچووی کۆلیجە سەربازیەکانی ئەستێنبووەی عوسمانی و گەورە ئەفسەرەکانی پاشماوەی سوپای تێکشکاوی ناوبراو نوێنەرایەتیان ئەکرد. لەو کاتەدا بەهەی شکێنەگرتنی بزووتنەوەیەکی سیاسی لە ناو کورد، چی بزووتنەوەیەکی سیاسیی خاوەن ئامانجی ناسیونالیستیی ڕۆشنی وەکوو ئەو بزووتنەوە عەرەبیەی ئاماژەم پێدا و چی خامۆشیی گشتی و سەرتایی بوونی کەمەگای کوردی لەووی فەرهەنگی و سیاسیەوە بگشتی وبەدارنەبوونەوەی لە ڕکوودی دوورودرێژی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی و دەسەڵاتکەی لە کوردستاندا، هیچ پێکهاتەیەکی ئەو ئان و ساتەی کەمەگای کوردی، ڕێکی نەبینی لە دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخی ناوبراو لەعێراقدا. جگە لەوەش هیچ جۆرە تەماح و داواکاریەکیی سیاسیی بەهێز نەهاتنە سەر شانۆی سیاسەت ومەزی دانوستان لەو قۆناغە هەستیاردا کەلە سایەدا کێکی سیستمی سیاسیی نوێ تیایدا دابەشکرا.
بەڵام لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١ – ١٩٥٨) سیاسەتی پڕشەلکردنی مافی گەلی کورد لەعێراقدا ئاراستەیەکی نەرم و لیبرالی بەخۆوە گرتبوو بەمانای ئینکاردکردنەکی نەرم و پشتگوێخستنی داواکاریەکانی ئەوکاتەی ئیلیتی ڕۆشنبیر و سیاسیی کوردبوو لەبواری دانپیانان بە مافە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی کورددا کە لەلایەن ئەو دەستە سیاسیەی ئەو سەردەمەی کەمەگای کوردیەوە بەرزئەکرایەوە. ستراتیجیی نیزامی پاشایەتیی هاشمیی عێراق لەو قۆناغە درێژدا بریتی بوون لە ئارامکردنەوەی کورد و ئیستیعابکردنیان لەچوارچێوەی عێراقێکدا کە بەفەرمی و لەسایەی دەستووری ساڵی ١٩٢٥ دا خەسڵەت و ناونیشانی هیچیەك لە نەتەوە و ئاینەکانی عێراقی پێوە نەلکابوو، گەرچی بەکردەوە هێزی دەسەڵاتدار لە مەملەکەتێکدا ئیلیتی ناسیونالیستی عەرەبیی سوننی بوون. بەڵام کورد بە هەی کوردبوونیەوە، بە پێچەوانەی سەردەمی بالادەستیی ناسیونالیستیی عەرەبی لەهەردوو قۆناغی١٩٦٣ و ١٩٦٨دا، ئازار و ئەزیەت نەدەدرا.
شایانی ئاماژەشە کە تا کۆتایی سیەکانی سەدەی پێشوو شتەك نەبوو لە دونیای سیاسەت لە عێراقدا بەناوی (مەسەلەی کورد) ەوە وەکوو مەسەلەیەکی سیاسی کە لەهەناوی ئەوەوە هێزی سیاسیی ڕێکخراو سەری

هێدابێ و بەرنامە و ستراتیجیی دیاریکراو بۆ چارەکردنی هاتبێتە سەر شانۆ و بووبێت بە بابەتی ململانێی نێوان کورد وەکوو گەلێك لەگەڵ دەسەڵاتدارێتیی سیاسیدا.
گرفتانی مەسەلەی کورد لە بابەتێکی کەلتووریەوە بۆ بابەتێکی سیاسی، بەرهەمی دوو دیاردەی نوێ بوون لە عێراقدا:
یەکەم: بەهێزبوونی بانگی ئیدیکال و شۆڤێنیی ناسیونالیستیی عەرەبی کە عێراقی بە وڵاتێکی عەرەبی ناوزەد ئەکرد و کوردی بە هاووڵاتیی پلە دوو و میوان لەخاکی عێراقی عەرەبیدا ئەزانی.
دووەم: دەرکەوتن و هاتنەسەرشانی سیاسیی لایەن بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کوردەوە کە لەسەرەتای چلەکانەوە وەکوو میوانێکی نویی سەر شانی ململانێ سیاسیەکان دەبینرێت تەنانەت بۆئەوەی ئاستی جیاکاریی نەتەوەیی، بە فەرمی، ئاوگڕێکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێت.
ئەو جیاوازیە واتە گرفتانی مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی سیاسی وگرکۆرەیەکی ژیانی سیاسی لە عێراقدا بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە و شایانی وەستانە چونکە ئاکامی زۆری لێئەوشتەوە وەکوو دواتر بینیمان. هەر بۆ نموونە و بۆ براورد، ئەم ئاوگڕە لەکوردستانی سوریادا زۆر درەنگتر دەتەدی و تا حەفتاکان دوادەکەوێت، گەرچی ستەم بەرانبەر بەکورد هەر لە پێنجاکان و شەستەکانەوە قاڵبێکی زۆر تووندوتیژتر دەگرتە خۆی لەچاو عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا.
سەرهەڵدان و بەهێزبوونی هێوتی عروبی ئیدیکال لەناو ئیلیتی سیاسی و هۆشنبیری عەرەبی لە عێراقدا لە سیەکانی سەدەی پێشووەوە، لەدەرەوەی بازنەکانی دەسەڵات، لەئاکامی زۆر فاکتەری ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا، وەکوو هێکخراوی نادی المثنی و شکڵگرتنی ناسیونالیزمی عەرەبی لە عێراقدا و بەهێزبوونی لەناو نوخبەی سوپا و هۆشنبیران وەرەنگدانەوەی لەبواری هۆشنبیری و بتایبەتیش لە ژیانی هێژنامەگاریی عەرەبیی عێراقیی ئەوکاتەدا، تەکانێکی نویی هەم بە تەماحە سیاسیەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لەعێراقدادا و هەم هێوتی هاستەوی و شۆڤێنیی تیایدا بەهێزکرد.
ساڵانی نێوان ١٩٣٠-١٩٤٠ سەردەمی خۆگرتن و تەبلوری بانگی ئیدیکالی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەبی بوو لەعێراقدا. بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەبی لە عێراقدا یەك ئامانج و یەك ئاراستەی نەبوو بەهێکوو دوو ستراتیجی لە دەرونیدا تێفاعولی دەکرد:
یەکەمیان: باهێکی نەتەوەیی هیفرمخوازی لیبرال بوو کە بەدیهاتنی ئاواتەکانی (نەتەوەی عەرەب)ی لەوەدا دەبینیەوە کە بە ئارامی و لە چوارچێوەی هاوکاری و دەستایەتی لەگەڵ بریتانیا وبونیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز لەعێراق و هاوکاری و یەکگرتوویی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبیەکاندا ئەو ئامانجە بێنتەدی. ئەم باهێی ناسیونالیزمی

عەرەبیی عێراقی هەر لەسەرەتاوە لەبری هێگڵی بەرگریی داگیرکاریی بەریتانیا لە عێراقدا لە ١٩١٧ بەدواوە، هێگڵی سازان و هاوکاریان هەبژارد و بەوجۆرە سووکانی نیزامی پاشایەتیی عێراقیان گرتەدەست. ئەمان خوازیاری گفتوگۆبوون لەگەڵ بەریتانیا لە پێناوی سەربەخۆیی سیاسیی عێراق و توانیان ساڵی ١٩٣٢ بەپێی هێکەوتننامەیەك لەگەڵ بەریتانیا، سەربەخۆیی عێراق ڕابگەیەنن و عێراق وەکوو دەست و پایگای نفووزی بەریتانیا ببێت بە ئەندامی هێکخراوی کۆمەڵەی گەلان .League of Nations

تا ناوەڕاست وتەنانەت کۆتایی چلەکانیش ئەمان باڵی بەهێزی ناو کۆمەڵگا و بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی بوون لە عێراقدا. ئەم باڵە کە داهێزری سیاسەتی سەردەمی پاشایەتیی عێراق بوو لەهەوڵی ئەوەدابوون کە دانپیانان بە مافەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی سیاسەتێکی ڕیفەرمخوازی و دانپیانان بە مافە کەلتووریەکانیدا لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا جێبکەنەوە. بەوهەیشەوە کە عێراق بەفەرمی و لەووی دەستووریەوە، هیچ ناو و تایتێکی نەتەوەیی یا مەزهەبیی پێوەنەلکابوو، حکوومەتی پاشایەتیی ئۆکاتە لەهەوڵدا بوو مافەکانی کورد لەچوارچێوەی فەرهەنگی و مافی تاکەکان بە بە جیاوازی لە سەربناغەی شوناسی هاووڵاتیبوونی یەکسان لەدەستووردا، جێبەجێبکات. ماوەیەك دوای دامەزراندنی پاشایەتی و تەنانەت لەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانیشدا (١٩٢٠ – ١٩٣٢) ئیلیتێکی بەهێزی کورد پێگەیان هەبوو لەدەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزیی عێراق و لە ئیداراتی ناوخۆی کوردستاندا.

دووەمیان: لە نیوەی سیەکانەوە هێزبی ئادیکال و تووندەڕەوی ناسیونالیستیی عەرەبی (هێزبی عروبی) لە عێراقدا سەردەرهەنەت. وەکوو هەر بزووتنەوەیەکی تر سەرەتا لە بواری بیروباوەڕ و سیاسیەوە ئەم هێزبە سەردەرهەنەت و سەرانی ئەم بزووتنەوە تازەیە زوو دەکەونە ژێرکاریگەریی نووسینەکانی بیرمەندە سەرەتاییەکانی بیری ناسیونالیستیی عەرەبی لەبابەتی قوستەنتین زریق و شبلی شمیل و ساتیع ئەلحوسەری و دیانی تری لوبنانی و میسری و سوری کە سەرگەرمی داشتنی پایەکانی بیری ناسیونالیستیی عەرەبی بوون. کاریگەریەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لەسوریا و میسر وباقی دونیای عەرەب جێپەنجەیان لەم سەرهەدانەدا هەبوو. دوای هەرەسی عوسمانیەکان دەستبژێری (ئیلیتی) نەتەوەیی پەرشوبڵاوی عەرەبی ئومیدیان بە بەریتانیا و فەرەنسا زۆر بوو کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم پابەند بن بە بەخشینی سەربەخۆیی بە جیهانی عەرەب. بەڵام لەگەڵ بەستنی پەیماننامەی سایکس بیکۆ (١٩١٦) و دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوچەکە بە پێی سیستمی ئینتیداب لە نێوان فەرەنسا و

بەریتانیا و پشتکردنیان لە بینەکانیان سەبارەت بە سەربەخۆیی بۆ مانایی بالی ئادیکالی ئیلیتی ناسیونالیستیی عەرەب چاوەڕوانیان ئەکرد، زەمینەی دووشەقبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی و دابەشبوونیان بەسەر بالی ئیفەرمخواز و بالی ئادیکالدا، سەریهەڵدا.
کاریگەریەکانی جیهانی قەناغی نێوان شەڕی جیهانیی یەکەم ودووەمیش بەتایبەت هەبوو لە سەرهەڵدانی هێوتی ئادیکال و تووندڕەوی ناسیونالیستیی عەرەبدا. سەرهەڵدانی نازیەت و فاشیەت لە ئیتالیا، وەکوو دوو نموونەی بەهێزبوونەوەی دوو نەتەوە کە لە یەکەمین شەڕی جیهانیدا تێکشکێنراوبوون بەتام خەرا دەبووژانەوە، هاتنەوەئارای بەتینی بلفەر و چەکەرەکردنی ستراتیجیی دامەزراندنی ئیسرائیل بەهاوکاریی ئەژئاوا و بەتینی بەریتانیا و زوڵم و زەر لەسەر فەلەستینیەکان، شێپەلی تازەی دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە لە ئەوروپا و بزوتنەوەی تازەسەرهەڵداوی بەهێزی سەربەخۆخوازی لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین؛ هەموویان پێکەوە، هێڵی گۆڕیان گەڵا لە تەشەنەکردن و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەبی لەعێراق و وڵاتانی تری عەرەبیدا.
جگە لەو فاکتەرانەش ،هاتنەسەرشانەی یەکێتیی سۆڤیەت وەکوو پاڵەوانێکی نوێی گەڕانی سیاسەتی نەودەوڵەتی، بە پشتی قەناعی بەرگری لەگەلان و سەربەخۆیی نەتەوەکان و دژایەتی کەڕنیالیزم، هێندەی تر فووی کردە ئاگری تازەی بزووتنەوە ناسیونالیستیە بەهێز و چالاکەکانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی پشتیوانیی سۆڤیەت لە کەمالیەکانی تورکیا و بووژانەوەی تورکیا بوو بە نموونەیەك بە چاوبینە دەستی هاوکاریی سۆڤیەت بە ناسیونالیستی عەرەبیش کە عەراق تادەهات ئەبوو بە یەکەك لەسەنگەرە بەهێزەکانی.
دیارە فاکتەری جوگرافیش هێڵی بوو هەم لەبەهێزبوونی ئەم باڵە قەومیە عەرەبیە لە عەراق و هەم لە تونددەڕوبوونی چونکە بە دەروازەی هێژەهەڵات و باکووری " جیهانی عەرەب " دەناسرا لەگەڵ دوو وڵاتی زلهێز و خاوەن ئیمبراتۆریی وەکوو ئێران و تورکیا کە هەمیشە چاویان بەیوتە عەراق.
ئەم بزووتنەوە ناسیونالیستیە عەرەبیە لە عەراقدا هەر زوو توانی کارتی شەرعیەتی نەتەوەپەرستیی عەرەبی لە نیزامی پاشایەتی وەربگرێتەوە و رووتی کاتەوە لە هەر ناونیشانێك کە گرێی بداتەوە بە (نەتەوەی عەرەب) و عەراقەوە و ئەوانی وەکوو مشتێك خائین و کڕگرتە وهاوکاری داگیرکەری بەریتانیی دوژمن بەنەتەوەی عەرەب ناوزەد دەکرد و ئاوگەڵکانی دونیاش هاوکاربوون بە گوتارە ناسیونالیستیەکەی ئەم بزووتنەوەیە کە تا دەهات ڕیشەی لەناو

خۆکدا دادەکوتا و ورد و درشتی مەسەلە سیاسیەکانی ناوژی ئەکرد بەبابەتی بێگانە بە ئاست و ناوابوونی ئیوایەتە فکری وسیاسیەکانی خۆی.
ئیگرکی بەردەم بەهێزبوونی ئەم ناوەتە بریتی بوولە بزووتنەوەی شیوعی کە لە عێراقدا هەم بەهێزتر بوو و هەم ناقیبی یەکەمی ئەو بزووتنەوە ناسیونالیستیە عەرەبیە بوو.
شیوعیەکانی عێراق سەرباری پاپشتیان لە ئاواتە نەتەوەییە عەرەبیەکان لە عێراقدا وەکوو هەموو وڵاتانی تری عەرەبی، بەتام بەهەی تایبەتمەندیی تووندڕەوی و ئاستەوێی میللی نەتەوەپەرستیی عەرەبی لەعێراقدا، ئەیان لەوان گرت کە ببن بە ئاماهەنگری ئامانجی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری لە عێراقدا کە ئاواتی زێرینەی خەڵکەکەی بوو.
ئاستەوێی باڵی ناسیونالیستیی عەرەبی تا ئەو جێگەیە پێی لەهەبەی کە لە سەردەمی شەڕی جیهانیی دووەمدا بە ئاشکرا ئاماژە بە نازیەت و ئەمانیای هیتلەری بکات وەکوو هاوپشت و دەستی نەتەوەی عەرەب و بگرە شیخ ئەمین ئەلحوسەینی کە موفتیی قودس بوو و لەوە وەکوو سەرکردەیەکی بزووتنەوەی ١٩٣٦ لەفەلەستینەوە بە عێراق هاتبوو، بەناوی خۆی و هاوڕێکانیەوە لە عێراقدا بە ناردنی پەیامی دەستایەتی لە بەرلین چاوی بە هیتلەر دەکەوت. ئەوانە بە شیوعیەکان کە ململانێی سەقیەت و ئەمانیا لەوپەڕی گەرمیدا بوو، مایەی غەزەب و نەفرەتکی زەر بوو.
لە ساڵی ١٩٤١ یشدا بزووتنەوەی (العقداء الأربعة) یا " شەشی مایس !" کە ئەمین ئەلحوسەینی ئابەری ڕووحیان بوویاخیبوونکی بەهێزیان بە ئیلهام لە سەرکەوتنەکانی بەرەی ئەمانیا و ئیتالیا لە شەڕی جیهانیی دووەمدا هەڵگیرسان کە هێندەی نەمابوو دەسەاتی پاشایاتی بووخێنێت.

ناسیونالیزمی کوردیش خۆی هەڵئەخات

هەزەنەتەوەییە کوردیەکان هەر لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە لە کوردستاندا ستەمی نەتەوەیی سەر گەلی کوردیان کرد بە پایە و بواری سەرهەدان و چالاکیی خەیان. جموجۆڵی سیاسی و هەشنبیریی ئەو بزووتنەوە ناسیونالیستیە کوردیە سەرتا لەژێرکاریگەریی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ناو گەلانی تورك و عەرەب، دونیابینی و فکری سیاسیی خەیان داشتووە و لە ژێرناوی لامەرکەزی یا ئێتنانەمیدا بەرنامە وستراتیجیی سیاسی و فکریی خەیان فەرمانەکردووە. سیاسەت وپلانی ئەوان بریتی بووە لە هاوبەشبوون لەدەسەاتی سیاسیی عێراق و

فەرمانڕەوایی کردن لە کوردستانی عێراقدا بەهاوبەشی دەسەڵاتدارکانی ناوەند بەناوی گەلی کوردەوە. تاقیکردنەوەکانی ساڵانی ١٩٤٦ – ١٩٩١ و مێژووی ئەو هەزانە لەوقناغە درێژدا لە بازنەی شەڕ – مفاوەزات – شەڕدا خولاوەتەوە و لەدرێژەی خەیدا لە جیاتی چارەی ستەمی نەتەوەیی، ئەو بزووتنەوە ناسیونالیستیە خەڵکی بووە بە بارەکی قورسی تر بەسەر خەبات و ئامانجی ڕەوای خەڵکی کوردستانەوە لە پەناوی چارەیشەیی ستەمی نەتەوەیی. ئەم هەزانە ئەو خەبات و هەوڵەی خەڵکیان ئاڕاستەزتر و پڕ گرێ و کێشەترکرد وڵەوتاندیان. پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغەکانی ١٩٤٦ – ١٩٧٥ نموونەیەکی زەقی ئەو هەڵە سیاسیە کوردستانیە بوو و دواتریش یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، گەرچی بەناوی هەڵەکی بەدیل لەبەرانبەر ئەو بزووتنەوە و هەڵە تەقلیدیە هاتەمەیدانی سیاسەتەوە، بەڵام پاش چەند ساڵ لەدامەزراندنی، ئەویش لەچوارچێوەی هەمان دونیا بینی و پراتیك و نەریتدا گیرسایەوە.
پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشەنگی بزووتنەوەی سیاسیی ناسراو بە کوردایەتیە ولە مناڵدانی ئەو بزووتنەوەیەدا لەدایك بوو، هەگبەری دواکەوتووترین شوناسکانی دونیای سیاسەت و فکری کەمەگای کوردستان بوو. ئەم هەڵە هەر لەسەرەتاوە هەگبەری ئایدیۆلۆجیەکی تەسکی ناسیونالیستیی کۆنسەرڤاتیف و ئاستەمو بوو ئەویش لەوانگەیەکی کۆن وسواوی تایفی وخەڵکی ودەربەگیەوە. ئیلیتی ڕۆشنبیری کورتبینی قاندراو بە بیری کلاسیکی نەتەوەیی کوردی ئەو سەردەمەش، بەو دونیابینیە تەنگ وکەمی تاقیکردنەوەوە، لەجیاتی هەڵسان بەڕەخنەکی پشەو، سەرکردایەتی وچارەنووسی حیزبەکەیان، کە خەیان دایانمەزراندبوو، بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە ئاسپێرن بە کەسایەتیەکی سەرەك خەڵی تایفی وسادە ودونیانەدیوی سیاسەتی وکوو مەلا مستەفا وخۆشیان ئەکۆن بەقوڕغان وخوامی ئەو عەقڵیەتە خەڵکی وکۆنەپەرستە.
پارتی دیموکرات وسەرکردایەتیەکەی هەر لەسەرەتاوە نەك هیچ جۆرکی پشەو وئازادیخوازانە نابینن لەهیچ بوارێکی کەمەایەتی وسیاسی وفکریدا، بەکوو هەزی ناوبراو ئەبن بە هەگبر لەبەردەم هەوەڵەوەی پشکۆتنی ژیانی شارستانی و فەرهەنگی و سیاسی و کەمەایەتی لە کوردستاندا. ئەو هەڵە سیاسیە و ئەو کەسایەتیە خەڵکیە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستیی کورد ئاگرنە دەست و خەباتی گەلی کورد بە ڕزگاری و یەکسانی و دیموکراتی بە چەندین دەیە تووشی پاشکشە و ئیفلیجبوون ئەکۆن و لەقاڵبەکی هاستەویی کۆنەپەرستانەدا یەخسیری ئەکۆن. هەموو ئەوانەش لەسەردەمکدایە کە هەوتی ئازادیخوازی و پشکۆتنخوازیی دوای تشکانی نازیەت و

فاشیەت وەکوو نەسیمەکی ئازادی جیهانی سەیەم ئەگرتەوە و جگە لە کوردستان، ئەویش بەهەی هەژموونیی پارتیەوە بەسەر ژیانی سیاسیدا، هەموو بزووتنەوە میللیەکان بە بەدیهێنانی مافەکانیان ئاراستەیەکی سیاسیی ئازادیخواز و چەپ و پێشکەوتوو ئەگرنەبەر.
وەستگاکانی مژووی ئەم هەزە پێن لە سیاسەتی چەوت و گومراکەر و گومانماوی و کۆنەپەرست.
لە ١٩٦١ دا لەدژی یاسای پێشکەوتووخوازی چارسەرکردنی زەوی وزاری حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم یاخی ئەبن و بە هاندانی شای ئێران و پەیمانی سەنتۆ ئەدەنە پاڵ دژبەگەکانی کوردستان کە یاسای ناوبراو کۆتایی بە ستەمی جوتیارانی کوردستان دەهێنا و یاخیبوونە چەکدارەکەیان ناو ئەنێن " شۆڕشی ئەیلوول ". ساڵی ١٩٦٣ ئەبنە چاوساغ و هاوکاری کوودەتا خوێناویە فاشیستەکەی بەعس کە بە وێرانکردنی عێراق و خاپوورکردنی کوردستانیش دوایی هات. لەو ساڵەوە تا ڕۆکوتنیان لەگەڵ بەعسدا لە ١٩٧٠، یا ئاشی بزووتنەوە چەکدارەکەیان بە فیتی ئەمریکا و ئیسرائیل و شای ئێران بە مەرامی ئەو دەوڵەتانە ئەخەنەگەڕ یا خەریکی مفاوەزاتی لامەرکەزیی ٦٤ و ٦٦ ئەبن.
بەوجۆرە پارتی دیموکراتی کوردستان لەشستەکانەوە ئامانجی ڕزگاریی گەلی کورد لە ستەمی نەتەویی و خەباتیان بەتوونەدی ئەکا بەدەسمایەی بەدیهێنانی ئیمتیازات بە مەلا مستەفا و سەرکردایەتیی گوڕەیەی حیزبەکەی لای ئێران و لایەنەکانی تر و بەوەش ئەو خەباتە ڕەوایەی خەڵکی کوردستان بەتاڵ ئەکاتەوە لەهەر ناوەڕۆکێکی ڕەوا و پێشکەوتوو و ئازادیخواز و چەکی شانی پێشمەرگە بەئاسانی لەم شانەوە ئەگوازرێتەوە بە ئەو شان بە خزمەتی شای ئێران یا میتی تورکیا.
ئەم هەزە سیاسیەی (شۆڕشی چەواش) بەوشەوە ناوستە بەڕکوو ئەبێت بە ئامرازێکی ناوچەیی بەدەستی تورکیا و ئێرانەوە بە دژایەتیکردنی چالاکیی هەزە سیاسیە ئەپەزیسیۆنە کوردیەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستان و بەوجۆرە ڕێی چاوساغی بە ساواك و میت ئەگەڕێت بە لەناوبردنی کەسایەتیەکانی ئەو هەزانە.
پارتی لەناوخەی کوردستانیشدا پەیڕەوی کردووە لە سیاسەتی کوشتن، تیرۆر، ڕاونان و زیندەبەچاڵکردنی نەیارانی سیاسیی خەی و هەر هەوڵێکی تری پێشکەوتنخواز، وەکوو کوشتاری شیوعیەکان و ڕاوەدوونانی هەگرانی بیری چەپ و چالاکوانانی کۆمەڵەی مارکسی و ڕۆشنبیران و کەسانی ئازادیخواز.
گرچی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی وەکوو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر و یەکەمین پرۆژەی نیشتیمانیی کوردستانی لەپیناوی گرەدانەوەی خەبات

بە ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوەیی کورد بە ئازادی و یەکسانی و دیموکراتیەت و بەئاقارێکی ئازادیخوازانەدا دامەزرا، بەڵام ئەویش زوو بوو بەقوربانیی تەسکبینیی هەندە لەئەبەرکانی و ئەپەرتەنیست بوون و خەشباوەیی هەندێکی تریان و بەتایبەتیش بوو بە نەچیری پاشقولی هەڵە باوەکانی باکەی تری بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرکردایەتیی جەلال تاڵەبانی.

کەمەڵەی مارکسی – لینینی نەیتوانی دابڕانێکی ڕیشەیی بکات لەدونیابینیی کوردایەتی و گۆڕچی سەرتاوەکوو هەزێکی ئەنتی پارتی هاتەناو کایەی سیاسیی کوردستانەوە، بەڵام سەرەنجام بوو بەبەشی چەپی هەمان بزووتنەوە و هەزی کەمەڵایەتیی کوردستانی. بەو مانایە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیش، کە کەمەڵەکەی سەرکیی بوو، نەیتوانی دابڕانێکی چەنایەتی بکات لەبواری دونیابینی و فکر و سیاسەت و پراتیکی باڵی زاڵی تائۆکاتی بزووتنەوەی کوردایەتی.

یەکێتیش وەکوو هەزێکی دەسەڵاتخواز هەر زوو میحوەری ستراتیجیی خۆی لەسەر هەمان پایەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی تەقلیدیی پێشتر داشت و زەر زوو دەسبەرداری هەموو ئەو ئیدیعا شۆشگێڕە و ئازادیخوازە بوو کە کەمەڵە لەسەرەتادا هەڵگری بوو و سەرەنجام لەبوارەکانی ستراتیجی و تاکتیك و شێوازی هەڵسووڕانی سیاسی و هێکخراوەیی و سەربازیدا، جیاوازیێکی ئۆتۆی نەمایەوە لەگەڵ پارتی، ئەوە نەبێت هەردوولا، جگە لەهەوێیان بە دژایەتیی ئازادیی هەڵسووڕانی هەر هێوەتێکی شۆشگێڕەی تر و گەڵانیان بە هەزی دژ و سەروو خەڵکی؛ لەهەوێی پاکتاوکردنی یەکێتی و پیادەکردنی سیاسەتی تاکەڕەوی و تاك دەسەڵاتدا بوون لەکوردستاندا.

لەرەوە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانی، بەکردەوە، لەجیاتی ئەوەی ببێتە دەسپێکی قۆناغێکی تری خەباتی سیاسی لەکوردستاندا، و تێجاوزکی چەنایەتیی هەژموونیی تائستای پارتی بکات،کەمەڵەشی هاکشایە ناو تەڵەکانی هەمان عەقڵ و ستراتیجیی سواوی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە. بەوشێوەیە دامەزراندنی یەکێتی نەبوو بەهەی ڕیشەداکووتانی ستراتیجیێکی نوێ و ئازادیخواز لە مەژووی کوردستاندا، بەکوو ئەو شانسەی لەباربرد و بەوش گەورەترین خزمەتی بە بزووتنەوەی سیاسیی کلاسیکیی کورد و کۆنەپارێزیی سیاسی لە کوردستاندا کرد و ئەو پرۆژە شۆشگێڕەی لەناو پرۆژەی مەژووی کوردایەتیدا تواندەوە و هەیلووشی.

بەتاکەکردنەوەی ناوەکی ئەو هێوە شۆشگێڕە و ئازادیخوازە سەرەتاییەی کەمەڵە، بەهەموو کەم وکوڕی و لاوازیە زاتیەکانیەوە، ئەو گورزە گەورەیە بوو کە یەکێتی وەشاندی لە پرۆژەی نیشتیمانی و پێشکەوتنخواز و شۆشگێڕەی لە کوردستان، سەرباری هەموو ئیددیعا

پێچەوانەکانی خودی یەکێتی.
کردنی خەباتی چەکداری و پیشمەرگایەتی بە بتەك لەسەر حیسابی خەبات و نەوزایەتیی شارەکان، لەکاتێکدا کەمپەینگای کوردستان بووبوو بە کەمپەینگایەکی مودرین و شاریی گەورە، و هەژمونخوازیی و گیانی تۆتالیتاری و دژایەتیی هەر بیروڕایەکی جیا و گیانی پاوانخوازی و شەئنگێزی و گەندەڵی بەسەر هەمان چوارچێوەی ستراتیجی و پراتیکیی بزووتنەوە سواوەکەی پێشوو، زوو ئەم هەڵە سیاسیشیان هاکش کردەوە ناو بازنەی بزووتنەوە چەکداریە سیاسیە کلاسیکیە کوردایەتیەکەی جاران و هەموو بەربەرەکانێکانیشی لەگەڵ پارتیدا شتەك نەبوون جگە لە گیانی پاوانخوازی و دەسەڵاتخوازیی تاکلایەنە. بەوماناییە ئەوەی یەکێتی ناوی نابوو " شەشی نوە " تەك چووە سەر هەمان تەچکەی جاران و بوو بەبەشەك لە ململانێ دێرینەکانی ناوچەکە و لەشوێنکەدا لەگەڵ پارتیدا گیشتنەوە بەیەك.
کارەساتی خەگرەدانەوەی یەکێتی و پارتی و هەڵەکانی پێشمەرگە بە ئەرانەوە لەشەی هەشت ساڵەی ئەو دوو وڵاتەدا، کەمەکوژیی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی گەلی کوردی لەلایەن فاشیە نەتەوەپەرستەکانی بەغداوەی بەدوای خۆیدا هێنا. لەو قۆناغەدا هەردوو لا بوون بەبەشەك لە ماشێنی شەڕی ئێران و چاوساغ بە هێنانەناوەوەی پاسداری ئێران بە قووڵایی خاکی کوردستان بەیانووی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو ژمارەدا کە چەند ساڵ پێشتر لەکاتی سەرگەرمیی مفاوەزات لەگەڵیدا جەلال تالەبانی ئیووت: سەددام دوژمنی ئێمە نیە بەکوو حکومەت!!. لەو قۆناغەوە یەکێتیش لە کەشی مژووویی نەوان عەراق و ئێراندا سەربەخۆیی لەدەست ئەدات و پێویست ئەبێ بەو میحوەرە ئێرانیەوە کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی لە شستەکانەوە خۆیان پەوگرەدا.
بەوجۆرە زنجیرەی شەڕ – مفاوەزات – شەڕی هەڵە سیاسیە چەکدارەکانی بزووتنەوەی کورد بەردەوام ئەبێ تا قۆناغی هاپەینی ساڵ ١٩٩١ کە خەڵکی کوردستان بەسوود وەرگرتن لەو درز و کەلێنانەی کە لەدەسەڵاتی ژەمی بەعسدا لە پەنای شەڕی کوێیتدا پەیدابوو، زەربەی کوردستان پاك ئەکەنەوە.
بەپێچەوانەی هەموو چاوەشکاریەکانی ئەم دوو هەڵە و لایەنە بچووکە هاوپەیمانە نەتەوەیی و ئیسلامیەکانیانەوە لەبەرەی کوردستانیدا، ئەو خەڵك بوون لەهاپەیندا ئەوانیان قوتار کرد لە کەمپ نشینیی ئێران و ئاوارەیی و بنبەستی سیاسی وستراتیجی و سەربازیەکی قووڵ کە تێی کەوتبوون، نەك بە پێچەوانەوە.
بەشایی سیاسیی ڕیزی خەڵك و فریوخواردنیان بەو هەزانە لەدوای هاپەین و مژووی خوێناویی ژەمی فاشیی بەعس ومەترسیی گەندەڵی

بۆ کوردستان و مانەوەی لەدەسەڵاتدا، هەروەها لایەنگریی ئەمریکا لەم تاقمە گوێ لەمشتی حیزبەکانی بەرەی کوردستان و غیابی هێز و پلاتفۆرمێکی نیشتیمانی کە خەڵك لەدەوری کۆببێتەوە، جگە لەئاوارەیی و شکستی ڕاپەڕین، فرسەتێکی زێڕینیان بۆ ژیانەوەی ئەم هێزانە خۆشکرد و چارەنووسی خەڵك لەدەمی ئەژدیهای بەعسەوە کەوتە بەردەستی تاقمێك کە نزیکەی٣٢ ساڵە یاری بە موقەدەراتی گەلەك و وڵاتەکەوە ئەکەن.
شکۆی دەسەڵاتی نەوان یەکێتی و پارتی لەسەر پارە و داهاتی گومرك، ٣١ ی ئاب و هێنانەوەی بەعس ، دزی و ئاوەووتی ژێرخانی کوردستان لەدوای ڕاپەڕین، دابەشکردنی کوردستان بە دوو زۆن، ڕسواکردنی پەرلەمان و کردنی بەگاتەجاری بە پەردەپۆشکردنی تاڵانیی وڵات، پێش لەشکری بۆ تورکیا و هێنانی سوپاکەی بۆ جەرگەی خاکی کوردستان، تەراتێنی پاسداری ئێران لە زەنی سۆز و تاڵانکردنی سامانی نەوتی لەنەوان دوو خەزاندا و ....، تەنیا بەشێکن لەکارنامەی ئەم هێز و دەسەڵاتەی کە بەردەوام بووە لە داپۆشینی هەموو ئەو تاڵان و بڕیانە بە دروشمی چەواشەکارانەی کوردایەتی و نەتەوەیی.
گەرچی ئووخانی ژێرەمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا وەرچەرخانێکی ئیجابی بوو لەوانگەی ئامانجی خۆکەوە، بەڵام ئەو سیستەمە تایفی و نژادیەی کە ئەمریکا کردی بە شوناسی عێراق دوای سەددام حسین، بواری مانەر و چەواشەکاریی بە هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم ڕەخساندەوە و هێزە ئیسلامیەکانی وەکوو بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش لەجاران زیاتر بوون بەتەواوکەر و هاوکاری ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە لە هەرەمی کوردستاندا.
ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارە تایفیەی کە ئەمریکا بە قەناغی دوای ٢٠٠٣ دیزاینی کرد، بوارێکی باشی بە ئەم دەسەڵاتە ڕەخساند کە شرعیەتی نونەرایەتیی خەڵکی کوردستان بدرێ پێیان.
ئەوان لەناوەندە نەودەوڵەتیەکان و لەبەغدا لە جیاتی چاری مەسەلە ئاڵۆزکانی پاشماوەی ستەمی بەعس وەکوو کەرکووك و ناوچە تەعریبکراوەکان و قەرەبووکردنەوە قوربانیە زۆرەکانی خەڵك و پەدانی شایستە دارایەکانی خەڵك، توانیان گشت ئەو مافانەی خەڵك بکەن بە پست و ملیارەها دۆلار وئیمتیازات و کرێدیتی دیبلۆماسی و سیاسی و دران بە یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانە بچووکە کوردستانیەکانیان.
ئەمریکا لەم بوارەدا زۆرترین لێپرسراوەتیی بەرئەکەوێت.

عەدنان کەریم/ سیدنی
adnankerim22@hotmail.com

یەکێتیی ناوماڵی کورد: تەزە چەواشەکارەکە!.. عدنان کریم

هەرەمی کوردستانی عێراق، بەهەموو ماناکان، لەجەرگەی قەیرانێکی سیاسیی هەمەلایەنەدا گیرساوەتەوە. قەیرانیك کە نە زەربەی خەنکی کوردستان ئامادەن چیتر دەسبەکاوەکەیانەوە بگرن و هەموو ئاکامە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دەسەڵاتداریی کلیپتۆکراتیی ئێستا قەبووڵ بکەن و نادەسەڵاتدارەتیی ناوبراو ئەتوانێت بەهەمان شێواز درێژە بە حوکمڕانی بدات.
ئەم قەیرانە هەمەجەمسەرە ئاکام و لێکەوتەی هەمەجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. پردی ئاشتەوایی نەوان خەنك و دەسەڵات بەتەواوی ڕووخاوە و هیچیەك لە بەڕێزنەکانی دەسەڵات کارسازیکیان نەماوە لەناو خەنکدا و ئاوڕی ئەمڕۆ بووە بە خودئاگاهیی گشتی و هەستی عەفوییی سەرتاسەری لەناو خەنکدا ئاوڕیە کە ئەم دوو جەمسەرەی کەمەنگا، خەنك و دەسەڵات، تا هاتووە بەدوو ئاراستەی دژ و ناکۆك بەیەك گیرساونەتەوە و پێیوەتەوە بە بەرجەستەبوونەوەی هەرچی زیاتر لە چوارچێوەی دژبوون و ناکۆکیکدایە کە ئەبە لە ئیشوە چارەسەر وپێناسە بکرێتەوە. ئیتر ئاوە لەناو بەشکی فراوانی خەنکدا وەکوو گریمانەیکی چەسپاوی لیهاتووە کە چیتر بواری پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەنێوان ئەم دوو بەرەیەی کەمەنگای کوردستانیدا نەماوەتەوە مەگەر بەناچاری و تا ڕادەیەکی خەڵەتاوی.
ئەم قەیرانە کە لە ڕاستیدا بریتیە لە بنبەستی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی هەرێم، بەتام لەناوەخۆدا ئاوەنێکیشە بە نواندنی شکستی پرۆژەی سەرجەم بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد وەکوو ڕۆیا و ئایدیۆلۆجی و ستراتیجیکی سیاسی بەگشتی لە کوردستانی عێراق لەم قۆناغەدا.
بەو مانایە ئیتر تەفکرین و وردبوونەوە لەم قەیرانە تەنها وەکوو شکستی دەسەڵاتدارەتیی هاوپەیمانیی سەقامگیری پارتی و یەکێتی و گۆڕان، بەجیاوازیی پلەگ و هەز و شێوری سیاسیانەوە لەدەسەڵات و کەمەندا، مانایەکی نیە جگە لە بینینی نیوەی دیمەنە سیاسیەکە و ڕەگاش پاکئەکاتەوە بە هەز ولایەنگرانی شەرمنەکی تری ناو ڕەوتی نەتەوەیی کوردستان بە ئاوڕی لەسەر کەلاوەی ماڵی داڕووخاوی ئەو

سەکوچکەیە، جاریکی تر گیان بکاتەوە بەر لاشەی نیومردووی هەمان ستراتیژی و بزووتنەوە.
بەڵام سیماکانی ئەم قەیرانە لەردا دوایيان نایات. لەوبەری شانۆی سیاسیەکەی ئێستای هەرێمەوە نیوەکەی تری پێکهێنەری ئەم قەیرانە سەرتاتکە ئەکات: غیابی پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ کە بەنگدانەوەی هەوئیا و ستراتیج وتگەیشتن و بەتکردنەوەیەکی جەرایەتیی تەواوی سیستمی ٣٢ ساڵی دەسەڵاتدارەتیی ئەم تاقمە سیاسیەیە. بەبێ ئەمەی دوایيان بەگەیەکی ترمان لەبەردەستدا نابێت جگە لەخولانەوە لەناو هەمان بازنە و لە باشترین حاڵەتدا بژاردەی چاکسازیی ئەم دەسەڵاتە یا پێکهاتەیەکی باشتر لەدەسەلاتی ئێستا بەڵام پێکهاتبێت لە هەمان تاقم و نموونە وبیچمی سیاسیی تەقلیدی و سواوی ناو بازنەی کوردایەتی.
بە تەواچوون لەوەی پێشوو بەگەیەك لەبەردەستدا نیە جگە لە ناسینی ماك و ناوەڕۆکی قەیرانی ئێستا لە قووڵترین و بنەڕەتی ترین ئاستیدا. بەگەیەك کە دەست بخاتە سەر هەکارە بنەڕەتیەکان و کاراکتەرە سەرکیەکان و دەزینەوەی بەگەکانی تێپەڕبوون لەدەسەڵاتی سی ساڵەی ڕابووردوو بە پایگا چینایەتی و ئایدیۆلۆجی و دەسەڵاتکەیەوە بە ئاراستەی پڕۆژەیەکی کوردستانیی نیشتیمانی کە بەسەرئاوگەڕکی بیشەیی و ئادیکال لە مەدلی دەسەڵاتی سیاسیەوە دەستپێئەکات کە بەنگدانەوەی خواستی هاوڵاتیی کوردستانی بێت .
دەسەڵاتکی تر کە نەك لەسەر بناغەی نەتەوەیی و حیزبی و لەدرێژەی تەمەنی بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبەکانیدا بەکوو لە دابڕانکی چنایەتی لەو دیدگا و ستراتیجی و تاقیکردنەوەیە و لە چوارچێوەی پێناسەکردنی کەمەگا لەسەربناغەی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا وەکوو هاوڵاتیی خاوەن ئەرك و ماف دامەزرابێت و ئەوە بکات بە سەرلەوحەی پێناسی خۆی.
ئەمڕۆ کوردستانی عەراق شانۆیەکە بە ململانێیەکی سیاسیی گەورە. ئەو ململانێیە گەرچی هەشتا لە قەوارەیەکی ڕەشندا بەرجەستە نابێتەوە، لەناوەڕۆکدا ڕەمزێکە بە بەسەرچوونی سەردەمی هەژموونیی هەزگەلێکی تەقلیدی، سواو و ڕەگەز لەبەردەم گۆڕکردنی کەمەڵ و هەزگەلێکی کەمەڵایەتیی نوێ کە هەوئیدات بە کردنەوەی دەروازە بەووی سەردەمکی تر، لە ژینگەیەکی پڕ لەبەربەست و ئاڵنگزدا.
_____

لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەدواوە کوردستانی عەراق پێیناوەتە قۆناغکی نوێوە.
ئێستا ٣٢ ساڵی ڕابەق بەسەر ئەو ئاوگەڕە مێژوویەی وڵاتی ئەمەدا

تەپەئەبەت. قەناغەك كە هەبەز و دابەزى جەراوجەرى بەخوەبينيوە.
ئاكامەكانى ئاپەين سەرتا بە دەسەاتدارەتيى بەرەى كوردستانى گيرسايەوە كە هاوپەيمانيەكى نەوان كەمەلەك حيزب و لەكخراوى كوردستانى بوو كە ديارترين لايەنەكانى كە لەگەى كاريگەريان لەئاراستەكردنى سياسەت و هەوەستەكانيدا ئەبينى بريتى بوون لە يەكەتيى نيشتيمانيى كوردستان و پارتى ديموكراتى كوردستان. ئەم دەسەاتە بە سەرپەرشتيى ئەستوخەى ئەمريكا و هاوپەيمانانى ئەو سەردەمە لەدايك بوو و دريژەى بەتەمەنى خەى دا.
پاش قەناغەكى پترلە يەك ساە و لەژەر ناوى هەبژاردن بە پەرلەمانى كوردستان دەسەاتى فيعلى لە ئايارى ١٩٩٢ بەدواوە كەوتە دەستى هاوپەيمانيى دووقەيى يەكەتى و پارتى وەكوو سەركيترين و بەهەزترين دووجەمسەرى ناو بزووتنەوەى نەتەوەيى كوردى لە كوردستاندا.
لەئاستيشدا و سەرباری جياوازى لەبوارى پەشينە و مەژووى دوو هەزى ناوبراو، ئەوان لە ناوەكدا هەگرى هەمان بيرو باوە و ستراتيجى و سياسى بوون. ئەوان، گەر لە قەناغە جياجياكاندا بەيەكيشدا هەپژابن و كەشكانيشيان گەياندبەت بە ئاستى شە و كوشتارى گەورە، بەام جگە لە كەشەى نفووز و دەسەات و پاوانخوازى، هيچيان خاوەنى پرۆژەيەكى نيشتيمانيى بنياتنەر و ستراتيجيەك نەبوون كە بونياتنانەوەى وگەشەپەدانى وەات و دامەزراندنى سيستەمەكى گەل پەسەند لەسەر بنەماكانى ديموكراتى و عەدالەتى كۆمەلايەتى و يەكسانى لە ماف وگوزەراندا بە هاوەاتيى كوردستانى بكات بەچەقى ستراتيجيى خەى. ئەوە خاەى هاوبەشى بنەەتيى نەوان ئەو دوو هەزە بووە. بە پەچەوانەوە ئەوان لە قەناغە جياجياكانى دەسەاتدارەتياندا، چى پەكەوە و لەژەر دەسەاتى هاوبەشياندا و چى لەسايەى دوو ئيدارەييدا، بەرهەمەكيان نەبووە جگە لە قەرغكارى و هەژموونى كردن بەسەر دەسەات و زەوتكردنى سامانى گشتى و سەركوتى هەر دەنگەكى نەيار و ەخنەگر لە سيستەمى دەسەاتداريان و دابەشكردنى دەسەات و سامانى وەات لەنەوان دوو حيزب و دوو بنەماەدا و بەكورتى سەپاندنى شەوازى هەرە تووندى چەوساندنەوە و تووند وتيژى و سەركوت و شەوازى هەرە دواكەوتووى حوكمەانى.
ئەم مەدەلەى دەسەات نەك ەنگدانەوەى ئامانج و خواستى گەلى كورد نەبوو، بەكوو نموونەيەكى كەم وئنە بوو لە حوكمەانيى سياسى و كاريكاتەرەك بوو سەبارەت بە ديموكراسى و دەسەاتدارەتى.
ناوەكى دەسەاتدارەتى لە كوردستاندا بريتى بوو لە زەوتكردنى قووتى خەك و دابەشكردنى دەسەات بە شەوازى خەكيانەى سەردەم

کەنەکان لە نەوان دوو هێزی میلیشیایيدا کە بە زەری سەرنەزە و ئیستیغلالکردنی ستەمکی نەتەوەیی کەموێنە کە لەلایەن ژەمی هار و فاشیستیی بەعسەوە بە چەند دەیە بەسەر کوردستاندا پیادەکرابوو.
لەسایەی ئەو شیوازە لە حوکمڕانیی سیاسیدا، ئەمڕۆ کوردستان سەرتاخوار دابەش بووە بەسەر دووبەرەدا: بەرەی دەسەڵات و مشتەك کەمپانیا و تاقمکی پانوپۆڵی سەرمایەداری هەتەقیوی پەنای هەردوو حیزب و بنەماڵە لە لایەك کە جگە لەدەسەڵاتداری هەڵەای وڵات، هەموو سامانی کوردستانیان لەژێر چنگدایە و لەبەرەی بەرانبەریشدا زەرینەی خەڵکی کوردستان وەستاون کە نەك هیچ هەڵەکیان نیە لەسیستمی دەسەڵاتدارەتیی سیاسیدا، بەڵکوو ئەناەنن بەدەست دەیان شەوازی هەژاری و کەمدەرامەتی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریی کەمەایەتی و سەرکوت و پەراوێزخستن و بێکورتی بەبەش لە کەمترین مافە ئابووری و سیاسیەکانیان.
ئەوەی سەرەڕای سیمای سیاسی و کەمەایەتیی ئەستای هەرەمی کوردستانە لە سی ساڵی ڕابووردووەدا و لە ئەستادا گەیشتووە بەئاستانەی قەیرانێکی گشتی کەسەرتاپای وڵاتی داگرتووە.
تا ساڵی ٢٠٠٣ وەووخانی ژەمی دەسەڵاتداری بەعس قەناغی زەمینی ئەم دەسەڵاتە بوو. ئەوان لەو قەناغەدا دەیانتوانی بە کەڵگوەرگرتن لە مانەوەی ژەمی بەغدا، کە دژە کوردبوون خەسڵەتکی بنەڕەتیی بوو، خەیان لەژێر دەمامکی کوردایەتی و ترساندنی خەڵکی کوردستان لە گەڕانەوەی فاشیزمی بەعس و جینەساید بشارنەوە و خەڵکی کوردستان بەوە تەفرە بدەن. چەند ساڵی دواتریش بەهۆی تەوەگلانی دەسەڵاتی ناوەندیی عەراق لەکەشی تیرەریزم و شۆڕەی تایفی، ئەوان توانیان لەسایەی پشتیوانیی ئەمریکا و تەقاندنی خەڵك و ناچارکردنیان بە بەدەنگی لەترسی تەشەنەکردنی تیرەریزم بە هەرەم، سیاسەتە دژی خەڵکیەکانیان درەژە پەبدەن و خەڵك ناچار بکەن بەهەڵبژاردنی بەدەنگی لەسایەی هاوکەشە ئاڵۆزەکانی ئەو سەردەمەی عەراقدا و بەوجەرە تووڕەیی خەڵك بەلای تردا ئاراستە بکەن.
ساڵانی دوای ٢٠١٤ و بەناوی سەربەخۆیی ئابووریەوە و لەسایەی هاتنە ناوەوەی ئابووری نەوت بەناو هاوکەشە سیاسیەکان لە هەرەمدا، و سەرقاڵیی بەغدا بە کەشەکانی ئیرهاب و تایفیەت و بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی، دەسەڵاتدارەتیی هاوپەیمانی پارتی و یەکەتیی و دواتریش گۆران، توانیان بەهەی داهاتی لەحیساب نەهاتووی نەوت و گەندەڵیی لەادەبەدەر، جگە و پگەی دەسەڵاتدارەتیی خەیان بەهەزتر بکەن و لەهەمان کاتیشدا تەکانەکی تر بدەن بە چەواشەکاریی سیاسی و ئایدیەلۆجی بەناوی سەربەخۆیی ئابووریەوە.
ئاکامەکانی سیاسەتی بەناو سەربەخۆیی ئابووری، کەشتەك نەبوو جگە

لە گەورەترین هەڕەشەت و پرسەی تاڵان و داووەوتی ئابووری لە مێژوودا بە هاوکاریی تورکیا و هێندێ کەمپانیای بیانی، بوو بە هۆکارێك بۆ بەهێزبوونی تووڕەکی ئێلیگارشی- حیزبی لایەك و وەرچەرخانێکی سیاسیش بۆئاراستەی پڕاوێزخستنی یەکێتیی نیشتیمانی لە دەسکەوتەکانی ئابووریی تاڵانیی نێوت و دەسەاتی سیاسی بە قازانجی پارتی بەهاوکاریی تورکیا.
بەام پەبەپەی هێوینەوەی کابووسی تیرێریزم بەسەر بەغدا و جێربوونەوەی دەسەاتی ناوەندی، هاوکێشەکە هێژبەهێز لەبەرانبەر دەسەاتدارانی هەرێمدا بەقازانجی ناوەند ئێشکایەوە. ئیتر کەکوەرگرتنی دەسەاتی هەرێم و شاگێشکەبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشوبی تیرێریزم لە عێراق و سەرقاڵیی تەواوی حکوومەتی ناوەند بەو کێشەیەوە بە کەتایی گەیشت وئەوەش ئاوگەکی بەسەر هاوکێشەی ناوەند – هەرێمدا هێنا. حکوومەتی ناوەند بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی پێگەی یەکێتی و پارتی لەناو خەکی کوردستان و هسوابوونی مەدڵی میلیشیایی دەسەاتکیان و شکستی ئابووهێنەری شانگەریی هیفراندەم، جەوی دەسپێشخەریی گرتەوە دەستی خۆی.
هەوتی لەخەبایی بوون و سەرچێکانی دەسەات لە هەرێمدا تووشی سیناریۆی تراجیدی – کەمیدیی تەواو بوو و ئەقڵی قێرانکانی بەتەواوی لەملی خۆیان و بەتایبەتی لەگەردنی پارتی ئاا وەکوو سووکان بەدەستی پرسەی بەیارە سیاسی و ئابووریەکانی دەیەی پێشووی دەسەات لە کوردستاندا.
یەکێتیی گەرچی لەهەوەکی بەپەروادا بووە کە خۆی لە لەپرسراوەتیی شکست و قێرانەکە دوور بگرێت، بەام لەهەوەکانیدا تووشی شکست هاتووە چونکە چی لە شانگەریی هسوای هیفراندەم و چی لە پرسەی تاڵانیی بەناو ئابووریی سەربەخۆ و فایلی نەوتدا، هاوشانی پارتی، فووی کردێتە ئاگری ئەو سیناریۆ دژی خەکیە گەرچی هەی پاشکەیەتیی پارتیشیان نمایش کردبێت.
لە ٣٠ ساڵی پێشوودا هیچکات بۆئەندازەی ئەم بگە زەمانیە ئەو دەرکە گشتیە نەخەمیوە لە ناو جەماوەری بەرینی خەکی کوردستاندا کە دەسەاتی سیاسیی ٣٠ ساڵە و تووژی ئێلیگارشیی هاوپەیمانی بەسەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی بزانێت و لەهەمان کاتیشدا تادێت بەوای بە چاکسازیکردنی ئەم دەسەاتە نەمابێت.

یەکەیزی لەگەڵ کێ و بۆ؟

بەرنامە سیاسی و ئابووریەکانی دەسەلات کە پارتی ئەندازیاری یەکەمی

بوو و یەکێتی پاشکۆیەکی بەدرێستی بوو، لە ئاسمانەوە بۆ ئەوان دانەبەزیبوو. ئەو بەرنامانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حیزبی، بنەماڵەیی، سیاسی و چینایەتی وزەر بۆ وردی دیزان و فەرمانڕەوایی کرابوون. لەپرسەی ٣٢ ساڵی دەسەلاتدارێتیی ناوبراو لەهەرەمدا و بگرە بەهەی ئەو مەدڵە دەسەلاتەوە، ئاوگۆ و ورچخانی قووڵی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستاندا هاتوون. گاپ و قڕشتی چینایەتی هیچکات بەو ئەندازەیە قەبە نەبووە. مەگەر لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەزگای دەسەڵات و حوکمڕانی بەم ئەندازەیە لەبەرانبەر و دژ بەخەڵک بووبێت. جگە لەسەردەمی میرنشینەکانی سەدەساڵ لەمەوبەر، هیچکات لە کوردستان و عێراقیشدا دەسەڵات و حوکمڕانیی سیاسیی بەو ئەندازەیە مەرکی خەڵکی و خەزانیان بەخۆوە نەگرتووە.
لەبەرانبەر ئەو هەموو دیمەنانەی مەدڵی حوکمڕانیدا، دەسەڵات وەکوو پیشەی هەموو هەز و کێتە نەتەوەییە داخراوەکانی سەردەم بەسەرچووەکان و بە ژیانکردنەوە بەبەری لاشەی نیوەگیانی ئەم قەوارە یەدا، حیزب و ئایدیۆلۆجیستەکانی هەمیشە لەهەوڵی ئاراستەکردنی بیری خەڵکدان بۆ ئاراستەی دژەکی: حکوومەتی ناوند، مژووی پر چەوسانەوەی میللەتەکەمان و نەچمانەوە لە ئاستی پلانی نەیار و دوژمنەکان و دەیان داستانی هەڵبەستراوی لەو قوماشە.
ئەوە لەکاتێکدایە ئەو کاتەی کە ئەمان لە ١٩٩١ بەدواوە دەسەڵاتیان لە غەفڵەتێکی مژوویدا کووتە دەست، ئەم دەسەڵاتدارانەی ئەمڕۆی عێراق لەهیچ کونکەوە دیارنەبوون و بگرە لە تاروگەکاندا کووتبوون و هاوکار و هاوپەیمانی خەیان بوون. لەدوای لەناوچوونی ڕژێمی پێشووەوە، خەڵکی هەرەم لەلایەن هیچ هەز و دەوڵەتێکەوە و بەهەی کوردبوونەوە ئەزیەت و ئازار نەدراون بگرە دەسەڵاتدارانی هەرەم بەناوی کوردایەتیەوە بەغداشیان دادەدشی و ئاگری دووبڕکی تایفی و تانەت تیرەریشیان لەوە خۆشکرد و تاقمی دەسەڵاتداری ناوند هاوپەیمانی پلەیەکی هەزکانی کوردایەتی بوون. دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەریم پێکەوە بناغەکانی عێراقی نوێیان پێکەوە لەحیم کردەوە و دەستووریان بۆ داشت.
لەمەدا پرسی کورد و چەوسانەوەی نەتەوەیی سەکە و پانتڕی ئێکتی سیاسیی خەڵکی کوردستان نیە چونکە بەهەی کوردبوونیانەوە لەلایەن ڕژێمی ناوندیەوە ناچەوسێنرێنەوە. فووکردنی هەمیشەیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای هەرەم لە گیانی دوژمنایەتی و کینەی نەتەوەیی تەنها یەک ئامانجی لەپشتەوەیە: پەردەدان بەسەر ئەو هەموو ستەمکاری و ئەو مەدڵە سیاسیەی ژێر دەسەڵاتی خەیان کە هەکار و لایەنی یەکەمی چەوسانەوەی هاوڵاتیی کورد و هتگری یەکەمی بەردەم گۆشکردن و

پشکوتنی کۆمەڵگای کوردیە. دەسەڵات بە گوتاری ناسیونالیستی و تەزی یەکێیزی ناوماڵی کورد ئیرادەت ئاراستەی خەباتی ئەم قۆناغەی خەڵك بگۆڕێت بە ئاراستەیەکی تر و خەی لە لێپرسراوەتیی گەورەی مێژویی شکستەکانی و ئەو ماوەرانیە بەدزێتەوە کە بەسەر ئەم وڵاتەیدا هێناوە.
پاپۆنەر و ماتەمکانی پشتی خەباتی خەڵکی کوردستان بریتین لەدەیان کەشتی وەکوو کەچی سەدان هەزاریی و سەرهەڵگرتنی لاوان، گرانی، هەژاری، کاری منداڵان، گەندەڵی لەادەبەدەر، خزمەتگوزاریی خەستەخانە و قوتابخانە و پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئیدارەی دواکەوتوو و بیرەکراتیەت، سەرکوتی ئازادی و ناڕەزایەتیەکان و ..... کە ئەندازیاری هەموو ئەوانە دەسەڵاتکە بە ناو و نیشان و پێگەی دیار و ئاشکراوە کە هەزەکانی دوێنێی شاخ و دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕەی کوردستانن کە بوونە بە جێی نەفرەتی گشتیی خەڵك.
یەکێك لە پێناسەکانی سیستمی سیاسی و چینایەتیی ئەمڕەی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا بەهەموو خەسڵەتە چەوسێنەر و دژە دیموکراتی و بێگانەیی لەگەڵ سادەترین مەدلی دەسەڵات و حوکمانیدا، بریتیە لە خەسڵەت و ناونیشانی کوردیی ئەم قەوارە و دەسەڵات و پێکهاتەیە.
ستەم و چەوسانەوە و هەژاری و باری قورسی گوزەران و داماڵینی کرتەکانی خزمەتگوزاری لەهەریمدا، هەیکەڵی ناگەنتەوە بە کوردبوونی دانیشتوانی هەرێم و ستەمکی دڕەکی چونکە ئەو دڕد و چارنووسی هەموو کوردێك نیە بەکوو چینی دەسەڵاتدار و هاوپەیمانەکانی، کە ئەوانیش هەر کوردن، لەبارودۆخ و ئاستەکی گوزەرانی شاهانەدا ژیان بەسەرئەبەن و هەر ئەوانیش هەکار و بەرپرسیاری ستەم و چەوسانەوەی بەشەکەی تری کوردن کە زۆرایەتین لە کۆمەڵگادا.
هەموو ناوەندەکی چەواشەکارانەی ئایدیۆلۆجیی ناسیونالیستیی دەسەڵات و سەرجەم ناڕازیانی دەرەوەی دەسەڵاتیش کە گیردەی هەمان داوی ئایدیۆلۆجین، بریتیە لە هاشاکردن و شاردنەوەی ئەو خەسڵەتەی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی باوی هەرێمی کوردستان و دژینەوەی دوژمنەکی دڕەکی بە پاساوهێنانەوە بە شکستی سوابووی پرۆژەی سی ساڵەی دەسەڵاتی ئێستا و لەپشتی ئەویشەوە نزیکیی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستیی کوردی.
هەرچەن بەعس وەکوو قەوارەیەکی قەومیی عروبی توانی بەبەنجکردنی خەڵکی عەرەبی عێراق بە ژەهری عروبە، عەرشی دیکتاتۆریەتی خۆی و ماشینی کوشتاری هەمان خەڵکی عەرەب بە سی ساڵ ئاگرەت، پارتی و هاوجنسە کوردیەکانیشی بەهەمان ئومێد ئیانەوێت بە هەمان شێواز ئاشی چەوسانەوە و سەرکوت لە کوردستاندا لەژێر ڕەشمایی داڵزاوی

یەکگرتنگی و یەکدەنگی و یەکجارنووسیی هەموو کورددا درژە پێبدەن و ئەم قەیرانەی ئێستا لەسەر لاشەی قوربانیەکانیان، کەهەمان هاووڵاتیی کوردی ئەم هەرەمەن، تێپەڕێنن.
هەرچەن کەس سەرزەنشتی عەرەبێکی عێراقی و سووری و لیبی و سوودانی ناکات کە بچێ لە دژی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق و سوریا و لیبیا و سوودان ڕاپەڕین و شۆڕشیان بەرپا ئەکرد، هەر بەیەش ئەبێ هاووڵاتیی کوردی هەرەمی کوردستان باش لەو ڕاستیە تێبگات کە ئێقەی ناوەندیی سیاسەت کردن بگشتیی و داهاتووی هەرێم لەگەڵ تێگەیشتن لەو هاوکێشە سادەیەدایە کە : کێشەی ئەمەی هاووڵاتی و گەلی کورد لەم سەرزەمینە دیاریکراوەدا لەگەڵ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی کوردیدایە. ئەو خاڵە هاوبەشە باریکەی نێوان ستەمکار و ستەملێکراو لە کوردستاندا، کە شوناسی کوردبوونە، نابێ ئەو هەموو ستەم و مەژووی پڕ لەچەرمەسەری و چەوسانەوەیە بشارێتەوە کە زیاتر لە سی ساڵە بەدەستی ئەم بزووتنەوە و هێز و دەسەڵاتەوە چەشتووماندە.
لەمەدا دوایین چەکی ژەنگاویی ئەم کەتە نەخشەی ئەم هەرەمە و دەسەڵات بریتیە لە دەمزڕدکردنی تەزی سواوی ئایدیۆلۆجیی یەکێزیی ناوماڵی کورد لەپێناوی بەرگری لە قەوارەی هەرێم.
گرێیەکی ئەم پرسە لەوەدا خەی ئێنوێنەت کە زۆرێك لە ڕۆشنبیران و نووخبەی سیاسی لە بازنەکانی دەرەوەی دەسەڵات و حیزبە هاوپەیمانەکانیدا، لەبەرانبەر قەیرانی دوایی دەسەڵاتدا، ئەم تەزە دەمزڕرد ئەکەن و شاوەڵێز بانگەشەی بە ئەکەن. ئەم تەزە ژەهراویە، سەرچاوە و نیەتەکەی نائاگایی یا ساویلکەیی فکری بێت، یەك ئەنجامی لێئەکەوێتەوە بەتایبەتی لە سایەی تەرازووی هێز لە ئێستای هەرەمدا: هەڕەدانی پێتی ڕزگاربوون بە دەسەڵاتێك کە سەرباری ئەو هەموو قەیرانە قووڵانەی کە خەی خوەقاندوویەتی ئامادەیی ئەوەی تیا نیە یەك هەنگاو لە سیاسەتی سی ساڵەی پێشووی پاشگەز بێتەوە کە جگە لەماوەرانی هیچی تری بە هاوڵاتیی ئەم هەرەمە بەدیار نەهێناوە.
پووچەکردنەوە و ڕەخنەکردن و ناکامکردنەوەی ئەم تەزە وئەو عەقڵیەتەی بەرهەمی دەنێت و بەرگری لێئەکات، بەشکی دانەبەاو و دیوکی تری ئەرك و لێپرسراوەتیی مەژوویی فەرمانڕەکردن و ساغکردنەوەی پرۆژەیەکی نیشتیمانیی- ئازادیخواز و عەدالەتخوازە لە ئێستادا.
ئەوانەی شاو و ڕەڤ تێپەڕی یەکدەنگی و یەکێزیی ناو ماڵی کورد لێئەدەن، هەر نیەتەکیان هەبێت، ئاو ئەکەنە ئاشی ئەم دەسەڵاتەی کە نموونەی لە ستەمکاری لە مرۆڤی کورد کەمە لە مەژووی هاوچەرخدا.

دووبارەکردنەوەی سادەیی سیاسیی چەند جارێ لە مێژوودا تراجیدیی گەورە بەدوای خۆیدا دەنێت و لە ئێستادا بیرەکەی یەکدەنگیی ناوماڵی کورد ، یەکدەنگیەك کە جێی پشوازیی ئەم ستەمکارانەی دونیای هاوچەرخی ئەمەیە و ئەوان ئەکاتەوە بە بیاردەری داهاتووشمان، بۆی هەیە کارساتکی مێژوویی تر بەرهەم بهێنێت.
تۆزی یەکەیزیی ناوماڵی کورد تۆزکی ناواقیعیە و بەکردەوە سەرنج لەسەر کشە ئاستەقینەکان و بەرهەمهێنرانەی ئەم کشە و ستەمکاریانە لائەدات وئیرادەت ئاراستەی ناڕزایەتیی قووڵی خەڵک لەدەستاتی کوردیەوە بگۆڕتەوە بە دوژمن و نیارێکی نادیار.
جگە لەوەش ئەو ئاراستە سیاسیەی کە بانگشە بە ئەو گوتارە ئەکات سەرنجی خەڵك دوورئەخاتەوە لەسەر هێچکە دروستکان کە دەمانبەنەوە سەر شاڵۆ دروستکە بە خوێندنەوەیەکی واقیعی بە کشە ستراتیجیکانی ئەمەریکا و فەرمانڕەوایکردنی پرۆژەیەکی ستراتیجیی شەشگۆشە کە ئەرکی سەرکیی ئەم قۆناغەیە.

ئابی 2023

ئێران: لە ناپەینەك زیاتر!..
عدنان کریم

هەڵە ئیسلامیەکانی ئێران بەئاگایی ئایەتوڵا خومەینی لەخۆ نەیانتوانی بەئاسانی سواری شەپۆلی شەشی ساڵی ١٩٥٧ ی ئێران ببن. نەفرەتی گشتیی خەڵك لە ڕژیمی شای ئەو سەردەم، پایگای تاادیەك بەهێزی ئایەتوڵاکانی ئەوکاتە لە کەمەگای ئێران، ڕەخنەنەکردنی ئەو هێوتە دینیە لەلایەن هێزە دیموکرات و چەپەکانەوە لە دوو ساڵی ناپەینی گەلانی ئێران ٧٧-٧٩ و ستراتیجیەتی هەموو پەکەوە و دەس لەناو دەست بە ڕووخاندنی شا وزەر هەکاری تری هاوچەشن توانیان ژینگەیەکی سیاسیی گونجاو بەرهەم بهێنن کە لەئاکامدا لە منادانی شەشی ئەو کاتەوە، کەماری ئیسلامیی ئێران لەدایك بوو. هەربۆیە لە ڕیفراندەمی ساڵی ١٩٨٠ دا 98% ی بەشداربووانی ڕیفراندەمەك کە بە هەبژاردنی جۆری سیستمی سیاسی هەکخرا، دەنگیان دا بە بژاردەی کەماری ئیسلامی.

ڕاپەڕینی سەراسەری ئێستای گەلانی، بەمانایەك لە ماناكان، لەناوەڕۆكی خۆیدا بە ڕاستكردنەوەیەكی درەنگ وەختی ئەو هێزە مێژووییەیە. خومەینی بەهاوكاریی هێزەكانی وەكوو بەرەی میللی و نەهزەتی ئازادی و تەیفەك كەسایەتیی نیمچە لیبرالی وەكوو كەریم سنجابی و حەسەنی بەنی سەدرو مەهدی بازرگان و سادقی قوتب زادە، كە سەرانی ڕەوتی نیشتیمانی – لیبرالی ئەو سەردەمبوون، توانی پایەكانی نیزامەكی فاشیی دینی لە ئێراندا دابمەزرێنێ. بەڵام ئەوە هێزێكی مێژووییی گەورەیە گەر پەمان وابێ تەنها دیماگۆجیەتی ئایەتوڵاكان و دەستگرێیی لیبرالەكان و دەستپاچەیی و گومانیی چەپەكان و دەستسووككردنی ڕەژاوا بوو كە بواری گونجاویان ڕەخساند بۆ ئەو وەرچەرخانە مێژووییە و تێپەڕاندنی ئەو تراجیدیە سیاسیە تاڵە كە ئاكامەكەی دامەزراندنی (جمهوریی ئیسلامیی ئێران) ی لێكەوتەوە وەكوو نیزامەكی سیاسی كە لەسەر بناغەی دەستووریی (ویلایەتی فەقیە) و هێژموونیی ئایەتوڵاكانی ئەو وەاتە و جێبەجێكردنی حوكمی شەریعەتی ئیسلامی ڕاوەستاوە.
كاریگەریە قووڵەكانی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتی ئیمام (جمهوری)ە نەك تەنها گەانەوەی ئێران بوو وەكوو وەاتێكی خاوەن ڕابوردووی شارستانی و پایگایەكی ڕەشنبیری بە دواوە، بەڵكوو پریشكی ئیمام (غەفڵەتە مێژووییە) یەی بەسەر گەلانی ئێراندا تێپەڕی هەر زوو سنووركانی ئەو وەاتەی بڕاند و ئاخوندەكانی جمهوری ئیسلامی زەربەی وەاتانی ناوچەكە و قەیرانە سیاسی و ئابووریەكانی ناوچەكیان كرد بە شانەی ناردنە دەرەوەی ئەو (فاشیزمە ئیسلامی) یەی كە هەموو توانا ئابووری و جیۆپۆلیتیكی و شارستانی و بەها مێژووییەكانی ئێرانی لەو كارزارە دا خستەگەڕ و زەریش سەركەوتوو بوو تیایدا.
پێنەچێ ٤٣ ساڵ لە حوكمەانیی ئیسلامیەكان لە ئێراندا نەیانتوانیبێ میزاج و عەقڵیەت و فەرهەنگی ژیاندۆستی و ئازادیخوازی و پشكۆتنپەروەری و ئاواتی دەسگەیشتن بە جیهانێكی شكۆفا و سەردەمیانە لەناو خەڵكی ئێراندا بچێنن وخەفەی بكەن. كوشتن و زیندان، سەپاندنی زەرەملەی جیاوازیی جێندەری و حوكمی شەریعەت، دەسەڵاتی دەیان دامودەزگای سەركوت و خەفەقان و ... تاد، شكستیان هێنا لە وەرچەرخاندنی ئاراستەی خواست و ڕەوەوەی شارستانی و فەرهەنگیی گەلانی ئێران. ڕاستە لەسەرەو و بەواڵەت دەسەڵاتێكی ئیسلامیی خاوەن ئیجێندای سەدەكانی ناوەڕاست لەو ٤٣ ساڵەدا لەسەركار بووە بەڵام لەولاشەوە تەفاعولاتی شۆشگێڕانە و ئازادیخوازانە و یەكسانیخوازیی ملیۆنەها مرۆڤی ئێرانی لەناو ئەو مانجەڵی ئیستیبداد و ستەمە هەمەلایەنیەدا لە كوڵان و تەفاعول و ئامادەسازیەكی بەوێنەدا بووە وبە ڕەژەك گەڕاوە كە تای تەرازوو بە

قازانجی ئەوان بگەڕێت.
خەڵکی شەڕشگێڕی ئێران لەم ڕاپەڕینەدا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ جەوهەریترین بونیادەکانی ئەم ڕژیمە ئاینیە فاشیەدا ڕاگەیاندووە. ئەوان نەخوازیاری ئیسلاحی ڕژیمی ئیستان نە لایەنگری ئەم باڵ و ئەو باڵی دەسەڵات. ئەوە جیاوازیی چەنایەتیی سەرکیی ئەم ڕاپەڕینە شەڕشگێڕانەیەی ئێستایە لەگەڵ بزووتنەوەکانی سەوزەکان یا بزووتنەوەی داخوازیی خەڵکی لەسالی ٢٠١٩دا. بەوماناية بە جیاواز لە هەموو قەناغەکانی پێشووتر، ئەم ڕاپەڕینە بەرهەمی گۆشەی کەڵەکەبووی خودجێشی هۆشیاریی فەرهەنگی و سیاسیی زەربەی کەمەگای ئێران و بەتایبەتی ئیلیتی لاوانی وڵاتە بە تایبەتیش بەو بەشە مێژوویی و دڵگەرمانەی کە ژنانی ئێران ئێگرتن.
جەر و ناوەکی ئەو خودئاگاهیە سنووری نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و ناوچە جوگرافیەکانی وڵاتەکە تێپەڕاندەت. هەر بە نموونە کوردی ئێرانی خواستەکانی لە بواری ستەمی نەتەوەیی و دژایەتیی شۆفینیزمدا ناخاتە بەرانبەر هیچ پەکهاتە و گەلێکی تری ئێران بەکوو سەراغی ئەو ئامانجانەی لەگەڵی ڕووخاندنی ڕژیمی ئێستا و خەباتی هاوبەش ویکگرتووی خەڵکی لەگەڵ گەلانی تری ئێراندا ئەکات بە بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی و فرەیی و یەکسانی لەهەموو ئێراندا.
سروشتی خودجێشی بزووتنەوەی گەورەی جەماوەریی ئێستای ئێران بەو مانایە نیە کە هێز و باوەڕی فکری و سیاسی و مەیل و ئاراستەی کەمەایەتی و چینایەتی تیایدا نیە بەکوو بوونی ئەو ئاراستە و بیروباوەڕانە دیاردەیکی زیندوو و پێزەتیف و بەدیهیە. خودجێشی و سروشتی بوونی ئەم بزووتنەوە سەرتاسەریە بەو مانایەیە کە دروستکراوی هیچ هێز و حیزب و ڕێکخراوێکی ناوخۆ یا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەرەوە نیە بە چەپ و ناوەڕاست و سەنتەرەوە. دروشم و بانگەواز و سیمای سیاسی و فکریی ئەم بزووتنەوە شەڕشگێڕە ئیسلامە لە کتێبەکان و بەرنامەی حیزبەکان و وەڵامدانەوە بە داواکاریی هێزە سیاسیە تەقلیدیەکانەوە دەرنەکشراوە بەکوو ڕەنگدانەوەی خودهۆشیاریی خەڵك بەگشتی و چالاکوانانی ناو شار و وڵاتەکە و تەفاعولی زیندووی ئەوان و تاقیکردنەوەی ساڵەهای ساڵ خەبات و بەرەنگاریی ئەوانە لە ناوەوە. هیچ یەك لە شۆڕشگێڕانەی خەبات و داخوازی و تەکتیکەکان و هونەری خەباتگێڕەی لەجەرگەی ئەم بزووتنەوەیەدا لە دونیای کتیب و بەرنامەکانەوە سەری دەرنەهێناوە و بگرە ئاساتەکەی لەوەوەیە کە ڕەنگدانەوە و بەرهەمی دەستوپەنجە نەرمکردنی ڕابەرانی فیعلیی ناودەی ڕاپەڕینەکەیە بە سابیقەی سیاسی و عەمەلیانەوە. ئەو قسەیە بەوماناية نیە کە بەرنامە و هۆشیاری و

فکر و تیۆری کۆم بایەخ یاخود لای ئەو چالاکوانانە جگە یەکی نیە بەرەکووبەو مانایەی کە گشت ئەو پەویستیانە بە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ بە ئیمکانات و توانایەکانی خودی بزووتنەوەی شۆشگێڕکەوە گرێدراوە و ڕاستی و دروستی هەریەکەیان بە پەوانەی پەویستیەکانی ئەو بزووتنەوەیە پەوانە ئەکرێت.
جگە لەوانەش گرێ و پرسیاری وەکوو ڕابەری و ڕێکخستن وهەروەها چاوەڕوانی و سەراغکردنی ئەو جۆرە مەسەلانە بە عەینەکی میتۆدی سواوی کلاسیکی و ئایدیۆلۆجی ڕەنگبێ تووشی جۆرێك لەگومڕایی بکات. بزووتنەوەیەك بەو تایبەتمەندیانەوە، خۆی بەستەری دەرکەوتن و خۆماندن و بەهێزبوون و دەرکەوتنی چەندین شەوازە لە ڕێکخستی سەروشتیی وا کە لە تەفاعولاتی ئەم کردە شۆشگێڕە گەورە و کەم وێنەیەوە سەردەرد‌ێنێت کە سەرچاوەی سەرەکی بەدەست نێك تەنهای هۆشیارەکەی، خودی بەتەی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستایە.
لایەکی تریەوە کەسەرنجی تێکۆشەرانی شۆشگێڕەی ئێستای ناوخۆی ئێران چەقبەستووە لەسەر دروشمێکی سەنتراڵ کە بریتیە لە ڕووخانی ڕژیم بەهەموو بونیاد و ڕیشە و دام و دەزگاکانیەوە. ڕاستەر کە ڕووخانی ڕژیمی ئێستا دەرگا ئەخاتە سەرپشت لەسەر ململانێیەکی دوورودرێژ سەبارەت بە کۆشە قووڵکان و مەسەلە ستراتیجیەکانی کەمپەگای ئێران، بەدەست ئەو بەستەرە دیموکراتیکەی کە ڕووخانی ڕژیم بەدەستی خودی خەڵك و بۆشاییەی شۆشگێڕانە فەراهەمی دەنێت، و مانەوە و درێژەی حوزوری خەڵك لەدوای ڕووخانی خەڵکیش زامن ئەکات و بەوجۆرێش ڕەئگرە لە دووبارەبوونەوەی ئەو سیستەمە حیزبەکراتیەی کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی وتایفی لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ دا (بە نموونە) ، سەریان دەرهێنا.
ڕووتی تا ئێستای ڕاپەڕینی ئێران پاکژی و خاوێنیی خۆی پاراستووە لە زەرەڕ لە خۆش ودەردەکانی بزووتنەوە سیاسیە کلاسیکیە جەماوەریەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەوانەی ناسراون بەبەهاری عەرەبی. یەکگرتوویی ئەوان، یەك ئامانجیان، گیانی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی هاوبەشیان، یەکسانی و برایەتیەك کە لەناو پەکهاتە ئێسنی و ناوچەییە جیاوجۆرەکاندا سەری دەرهێناوە، بەتەنگەوەهاتنی یەکتری و هاوپشتیی نەوانیان، بەشداریی فراوان و کەم وێنەی ژنانی هۆشیاری ئێران لە ڕیزی پێشەوەدا، ئازایەتی و جەسووریان لەبەرانبەر ڕژیمی هار و دیکتاتۆری ئیسلامیدا و خۆدوورگرتن لەهەموو جۆرە دەمارگرژی و ناتەبایەکی نەتەوەیی و ناوچەیی، یا پەداگریی بەمانای فکری یا سیاسی، خۆدوورگرتن لە پاڕەوانبازیی ئایدیۆلۆجی و بەرزەفڕیی بەناوەڕۆکی سیاسی و دیان دیاردەی پرشنگداری تر، ئومێدی سەرکەوتن لەم قۆناغی یەکەمدا، کە شتێك نیە جگە لەڕووخانی

ژیم، بەهێزتر و ئاسەدارتر ئەکەن.
گرەوکردن لەسەر سەرکەوتنی ئەم ئاپۆزیسیۆنە لە ئێراندا لەوەدایە کە چەن پان و بەرینتر ئەبێتەوە لە جوغرافیای هەموو ئێراندا. لەگرەوی ئەوەدایە کە چەند بەشەجەراوجۆرەکانی تری کۆمەڵگای ئێران پشتی پێوەست ئەبن و ئەبن بە مایەی هێز و وزەیەکی فراوانتر. سەرکەوتن لەئاسەی قووڵکردنەوەی زیاتری گیانی خەبات و تێکۆشانی هاوبەش و یەکپارچەی گەلانی ئێراندایە. لە بەرگرتنی جیاوازیەکان و چەسپاندنی مافی هەموو گەلانی وەاتەکە و یەکسانیی نەوانیان وبنەبڕکردنی ئاکامەکانی سیاسەتی شۆفینیی ژیم و بەوتە دژی خەڵکیەکان و جێخستنی شوناسی دەوڵەتی هاوڕاتی و بنیاتنانەوەی پێوەندیی نێوان هەموو هاوڵاتیانی ئێران و دەسکەوتات لەسەر بناغەی ئەرك و ماف وەکوو کۆنتراکتی نێوان دەوڵەت و خەڵکدایە. یەکسانیی جێبدەری و مافی تەواوی ژنان بەشێکی دانەبڕاو و پێوەرێکی گرنگیشە بۆ بەرجەستەکردنەوەی بەوت و ماناکانی سەرکەوتن و ماهیەتی دەسکەوتاتی داهاتووش. جێگیرکردنی خواستی دادی کۆمەڵایەتی و چاری هەژاری و نادادیی جینایەتی وەکوو نەخشەی ئاڕای ئاپۆزیسیۆنی ئێستا، زامنی ئەوەیە هەنگاوێکی باش لەسەرکەوتن نزیك ببنەوە. خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران بەم ئاپۆزیسیۆنیان دەنگی خەیان بەرزکردەوە لەدژی هەر جۆرە سیستەمێکی سیاسی کەلەسەر بناغەی نەتەوەیی یا ئایینی دامەزرابێت.
لەکەتایبدا نابێ ئەوەش لەیاد ببینەوە کە هەرچەن دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا سەرەتای وەرچەرخانێکی نەگەتیف و کارەساتباربوو لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا و بەتایبەتیش ناوچەی بەژهەڵاتی ناوینی تووشی دەیان کێشەی دینی و مەزهەبی و ململانێی تەسك و کۆنەپەرست کرد و ئاراستەی دەیان مەسەلەی وەکوو فەلەستین و بەرگریی لەلوبنان ئاوژووکردەوە و ناوەڕۆکیانی لەخن کرد و بەگشتی دەستەوەردانەکان و درێژکردنەوەی کلکی لەناوچەکەدا گەورەترین کارەساتی بەدواداهات، بەهەمان شێوە ڕووخاندنی لەپرەسیۆکی سالمی شۆڕشگێڕانە و لەخوارەوە و بەدەستی خودی خەڵکی شۆڕشگێڕ و هۆشیاری خەڵك، ئەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە گەیشتنی ئاراستەی سیاسەت و خەبات وبەو جۆرەش تێکۆشانی خەڵکی ناوچەکەش بەرەو ڕەوتکی ئازادیخواز و مەدەنی ئاراستەبکات.
بە ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی (جمهوری ئیسلامی) یەکەك لەکۆسپەکانی ئیسلامی سیاسی وەکوو بزووتنەوەیەکی فاشی لە جیهان و ناوچەکەدا هەرەس دێنێت و پایگای ئیسلامی سیاسیش بگشتی لاوازتر و ناپایەدارتر دەبێت.هەر بۆیە ئەمڕۆ ئێران بەوەرچەرخانکی گەورەی جارنووسسازدا تێئەپەڕێ. سەروشتی ئەو جووڵانەوە شۆڕشگێڕە، بەوەو بە ئەقڵی مەرکەزیی لە پرەسەی شۆڕشگێڕی و خەباتی ئازادیخوازانەی ناوچەکە.

لەم ڕووەوە، تێرخانکردنی هەموو تواناکان بۆ سەرخستنی ئەو بزووتنەوەیە و پاپۆنانی بەرەو ترۆپکی شۆشکی سەرتاسەری کە ئێران لە سەنگەری دەستوەردانی کۆنەپەرستانە و قەڵای فاشیزمی ئیسلامیەوە بگەڕێت بە چرای شۆش و پڕناگای مەدنیەت و ئازادیخوازی لەناوچەکە و جیهاندا، ئەرکی لەپێشەوەی هەموو کەس و بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز و شۆشگێڕە.

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

تۆتالیتاریزم وەکوو چەمکێکی تیۆری... بۆعس و سەددام وەکوو نموونەیەك!... عەدنان کەریم

باسکردن لە تۆتالیتاریزم وەکو چەمکێکی فکری و تیۆری و داشتنی دوایین گوتار و قسە لەوبارەوە، کارێکی دژوار و ئەرکێکی نەکردنیە چونکە تۆتالیتاریزم پرسێکی هەمەهەند و کێشەیەکی سیاسیی قووڵە. جگە لەوەش تۆتالیتاریزم وەکوو چەمکێکی تیۆری بە تەخنەکردن و شیکردنەوەی سیستم و دەسەڵاتی سیاسی لە دونیای هاوچەرخدا، مژوویەکی زۆر کۆنی نیە. بەدیاریکراوتریش ئەم چەمکە لەدوای دەرکەوتنی سەرۆتاکانی بزووتنەوەی فاشیزم و نازیزم لە ئەوروپا وستالینیزم لە یەکێتیی سۆڤیەت لە بیستەکانی سەدەی ڕابووردووەدا، وەکوو چەمکێکی نوێ بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو دیاردە نوێیانەی سەر شانۆی سیاسەت و فکر لەئەوروپادا، دەبێتە دەرکەوتەیەکی نوێ و کارا.
لەگشتیترین ئاستدا تۆتالیتاریزم واتا سازماندانی سیستماتیکی ماشێنی ترس و دڵەاوکێ و کوشتار و سەرکوت هەم لە چوارچێوەی دەوت و بزووتنەوە سیاسیەکاندا و هەم دواتریش وەکوو جۆرێك لە دەسەڵاتی سیاسی و سیستمێکی بەربەڵاوتری سیاسی. لەچاو شێوازە کلاسیکی و نەریتیەکانی دەسەڵاتدارێتیی موتڵەق و پاشا و سەربازیی دیکتاتۆرەکاندا، تۆتالیتاریزم شێوازێکی ڕادیکالتر و مۆدرینتر بە ئامراز و شێواز و میتۆدی جیاوازی دەسەڵاتدارێتی و سەرکوتەوە.

ئەکرێ توخمە جیاوازەکانی بیری تۆتالیتاری لەچەند خاڵی چڕو پێدا کورتبکەینەوە:
یەکەم: ناوەندێتیی پێگیر و کۆنترۆڵی تەواوەتیی کۆمەڵ و کایەی سیاسەت و دەسەڵات لەلایەن خستنەگەڕێ و تێوزیفی هێز و سەرکوتەوە.
دووەم: دژبوون لەگەڵ هەر جۆرە ڕوخسارێکی دیموکراسی و بواردان بە هێز و دیدگا و بیروباوەڕی تر و چالاکیی ئۆپۆزیسیۆن و تاروماڕکردنی تەواوەتیان لە ئاستی تاك و کۆمەڵدا.
سێیەم: تۆتالیتاریزم خاوەنی ڕوئیای فکری و تیۆری وئایدیۆلۆجیی خۆیەتی و لە ڕووی ڕاستەوخۆ و چڕبوونەوە خۆی بەرجەستە ئەکاتەوە وەکوو فاشیزم و نازیزم و سۆسیالیزم. نموونە بەرجەستەکانی ئەو ئایدیۆلۆجیە لە ئیتالیا وئەڵمانیا و ڕووسیای دوای ١٩١٧ بەڕەقی ئەبینرێن.
چوارەم: مانەپەڕکردنی تووندوتیژی و سەرکوتی سیستماتیك لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە و بەرجەستەکردنەوەی وەکوو بەشێك لە شوناس و زاتی سیستمی دەسەڵات.
حیزبی سیاسی لەڕوانگەی ئایدیۆلۆجیی تۆتالیتاریزمەوە ئامرازێکی سۆسیال کۆنترۆل و چەکەکە بە تەقینەی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و شوێنکە بە مەبەلایزکردنی جەماوەر وهەم کۆبەرکردنیان و هەم خستنەگەڕیان لە چوارچێوەی پڕۆژە سیاسیەکاندا.
لەولاشەوە خودی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم بەرهەمی ڕاستەوخۆی مۆدێرنیزمی سەرمایەداری و قووڵبوونەوەی کێشە و قەیرانەکانی سەدەی بیست و سەرهەڵدانی سۆسیالیزمە و لەناگەی تەفاوتی سەرجەم ئەو توخمە دژبەیەکانەوە نیشونما ئەکات کە قەیرانەکانی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم وەکوو ژینگەیەکی گونجاو پێکیان هێنا.
لاوازی و پاشکۆیی بزووتنەوە و نەریتی دیموکراسی و شکستەکانی سۆسیال دیموکراسیی ئەورووپا لەسەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم بەدواوەش ڕەچەڵەکی خۆی گەیاندا لە مەیداندابوونی تۆتالیتاریزم بەهەردوو نوسخە ڕاستەوخۆ و چڕبوونەکەیەوە. بەمانایەکی تریش سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم و جێگرتنی دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بژینگەی گونجاو و لەباری خۆی هەیە. ناڕەشنی و قەیرانی ڕەوتە ئایدیۆلۆجی و مۆدێلە سیاسیەکانی تر و پاشکۆیی خەبات و حوزووری جەماوەر لە کایەی سیاسەت و گەمەکاندا و ..تاد، ئەو ژینگەیەی غەفلەتی مژووویی پێکدێنن کە هێزە تۆتالیتاریستەکان ئەتوانن دەسەڵاتی سیاسی و سەرجەم کۆمەڵ بەبارمتەبگرن و سووکانی دەسەڵات بگرنەدەستی خۆیان.
بە تێپەڕاندن و تەسویقکردن و قبووڵاندن و ڕەوایەتی دان بەخۆی و پڕۆژە گۆڕەکەی، تۆتالیتاریزم پێویستی بە " مقدس " و ئایکۆنی مژووویی و تۆتەم و سیمبولی مەعنەوی هەیە. تیریسین و ڕابەرە

سیاسیەکانی، کەمپەینی پڕداگری لەسەر ئامانجی بەرزی نێتەوە، چین یا ئاین گەرم ئەکەن و مەترسیی ساختە ئەوروژێنن لەسەر بەها پیرۆزەکانی گەل و شکۆی نێتەوە و بیری پیرۆزی خەیان و تیاریی خوشهەڵنگری چینایەتی و باوەشێنی ئەکەن.
ئابووری کاریزمایی و سەرکردەی فریادڕەس، و پڕۆپاگەندەی مێژووییی بە کەسایەتیی وەکوو هیتلەر و مسۆلینی و ستالین و سەدام، یەکێکی ترن لەو کەرەسانەن کە بازاڕی فکری تێتالیتاریستیی پێ گەرم ئەکرێت. ئابوور لەڕادا پەیامهێنەری بەها پیرۆز و خوشهەڵنگرەکان یا سیمبولی گەلانەوەی شکۆی لەدەستچووە. حیزب و تەنانەت گەل و نێتەوەش لە کەسایەتیی ئابووردا ئێتوانەوە و ئەو خەی ئەبێ بە هەمای تاقانەی گشت پیرۆزیەکان. بەعسیەکان ئەیانووت: العراق هو صدام و صدام هو العراق! حیزب و ئابوور هەڕ ناکەن و ئەوان سیمای پوختەیی و ئاستگەیی هەمیشەیین. ئابووری تێتالیتاریست لەکەتایبدا جێی ئەرگانە کلاسیکیەکانی بەیاردان و یاسادانان ئەگرێتەوە و ئیرادەی ئەو ئەخرێتە سەرووی حیزب و ئایدیۆلۆجیشەوە.
مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئامراز و کەرەسەی جەراوجۆر ئەخاتە خزمەتی پرۆژە گەورەکانی تێتالیتاریزمی سەدەی بیستەمەوە: حیزب و هێکخراوی تەرازی نوێ، ماس میدیای کاریگەر، کەرەسەکانی کەنترۆڵی بەکۆمەڵ، هونەری نوێی مۆبۆلایزی جەماوەری سازماندراو و کەرەسەی نوێی کوشتار و تێقاندن ودیانی تر.
پڕداگریی زیاد لە ئەندازە لەسەر پێگە و بایەخی فەرهەنگ و کەلتووری ڕووحی و مەعنەوی، پێتانسێلی گەورەی تووونەد وتیژی و دڕندەیی، میکانیزمی ڕەوان لای پرۆژەسازانی تێتالیتارزم لە پێناوی ئابیدەکردن و زاخاوانەوەی نێتەوە. تووندوتیژی و دڕندەیی ئەو تەنوورەن کە جارێکی تر نێتەوە و نیشتیمان ئێتوانێتەوە و لە قاڵبێکی نوێی دەخوازی تردا فەرمڵی ئێکاتەوە تا سەرەنجام ئێگا بە ئازادیی ڕەهای نێتەوە و کەنترۆڵکردنی هەموو جیهان. ژووڕکانی کەمەڵکوژیی گازی ئەڵمانیا و کوشتارگاکانی ڕووسیای دوای ۱۹۱۷ ی بەلشەفیکان و گەڵەبۆکەمەڵکانی کوردەکان لە خواروووی عێراقی سەردەمی سەدامدا، ئەو لابراترانەن کە تێتالیتاریستەکان بیری تووندوتیژیان تێدا تاقیئەکردەوە. دەوڵەت لەم مانزوومە ئایدیۆلۆجیدا هیلایکە کە پڕۆپاگەندەی هەمووان کەنشی بەبەرن و سام و هەیبەتی بپارێزن.
ئایدیۆلۆجیی تێتالیتارزم پڕداگریەکی سەرسەختانە ئەکات سەبارەت بە ڕەهای سەرکردە و ڕووحی گەل و چینی چەوساوە و بایەخی گەورەی حیزب و نێتەوە و پایگای پیرۆزی ئاین (لەچەشنی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران).

لەبەرامبەریشدا، هەمان ئایدیالۆجی مرۆڤی تاکی کۆمەڵگا وەکوو برغوویەك لە ماشینی زبەلاحی نەتەوە و سیستم و چین تەماشا ئەکات و لووتدا کورتی ئەکاتەوە. تیۆریسینەکانی ئەم باوەڕە پێیان وایە کە دەسبەرداربوون لە ئازادی نرخێکە ئەبێ گشت تاکەکان ئامادەی پێرداختی بن لە پێناوی ڕاگرتنی شکڵی بەرزی نەتەوە کە لە حیزب و ڕابەر و ئایدیالۆجیدا بەرجەستە بوونەتەوە. ئەبێ تاکەکان بچێسپی ئایدیالۆجیی نەتەوەیی یا سۆسیالیستی لەحیم بکرێن و لەجەستەیەکی گەورەتردا بتوێنەوە و لەبەتەی نەتەوەیەکی نوێ و سیستەمێکی تردا پێناسە بکرێنەوە. پێویستە کۆمەڵنیتیە لاواز و بچکۆلەکان، کە ئەبن بە دەست وپاگیری زیندووبوونەوەی سەرلەنوێی ڕووحی نەتەوە، ڕابماڕێن، بهاڕێن و بڵاوبنرێن. جێنسایدی کورد و ئەرمەن و جوولەکە لەڕوانگەی بکەرەکانیەوە خزمەتیان بەو پڕۆژەیە ئەکرد.
جیاوازیی فەرمەکانی دەرکەوتنی هیتلای نازیەت و فاشیەت و ستالینیەت و عروبەی بەعس، ناتوانن خستەتە جۆهەریەکانی هاوبەشیان بزربکەن.
سەرکەوتنی پڕۆژەی تەتالیتارزم و گێشتن بەدەسەڵات ژینگە و ڕەگەی جیاوازی هەیە: ١/ یا لەجەرگەی شۆشکەوە وەکوو بڵشەفیکانی ڕووسیا و ئیسلامیکانی ئێران ٢/ یا لەڕەگەی پەرلەمانیەوە وەکوو فاشیزم و نازیزم لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا ٣/ یا لە ڕەگەی کوودەتاوە وەکوو لە زۆر وڵاتانی ئەمریکای لاتین.
تەتالیتاریزم لەبەستەری بنبەست و کێشەگۆڕکانی دیموکراسیشدا ئەتوانێ سەرهەڵبدات نەك تەنها نەبوونی دیموکراسی.
بەو مانایە ئەگەری گەڕان لە دیموکراسییەوە بە تەتالیتاریزم ئەگەریکی کراوە و مومکینکی مۆژوویە بەڵام سەرباری ئەگەری سوودوەرگرتن لە دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم بە گێشتنە دەسەڵاتی جەرگەی لەڕەوتە تەتالیتاریستەکان، هەرهەموویان پێیەوەی لە شەوازی " شۆشگێڕانە" و تووندوتیژی ئەکەن.
تەتالیتاریزم وەکوو پێشخانی ئایدیالۆجی ڕەوتیکی سیاسی تیکۆشەرە کە لە دڵیان بیرباوەڕ و تیۆریی جیاواز. ئیستیعارەکردنی چەمکە فکری و تیۆریەکان داروین ومارکس وفرۆید وهیگڵ ڕەبسپێر وەکوو (شێوەی تەتاڵ و هەمەلایەنە و گشتگیر) (شێوەی ڕادیکاڵ و ڕیشەیی) (دەوڵەتسالاریی هیگڵی) (شێوەی بەردەوام) ڕاستیەکی فکری تەتالیتاریستی پێکدێنن.
شوێنپێی چەمکەکانی وەکوو مانەپاڵکردن، هەژیمۆنی، وەرانکردنی ناکۆکیەکان، دیکتاتۆریەتی چینایەتی، دروستکردنی ئینسانی نوێ و …تاد، لەزەربەی تیۆری و ئایدیالۆجیەکانی دووسەدەی ڕابووردووەدا ئەبینرێنەوە.
دەوڵەت لە چەمکی تەتالیتاریزمدا شوێنکی قەبە وتایبەتیی هەیە.

مسلینی ئیووت: هموو شت بۆ دەوڵەت/ لەناوبردنی هموو شتێك لەدەرەوەی دەوڵەت/ قەدەغەکردنی هموو کردارێك لەدژی دەوڵەت!!.

بەعس و سەددام: چەپەڵەی تۆتالیتاریزم لە عیراقدا

حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارێتیی سەددام حوسێن بە هەمەلایەنترین شێوە هموو ئاو سیما و خەسڵەتە تۆتالیتاریستی و دندەخووانەی پەشووی لە فکر و پراتیکی خێدا بەرجەستە ئەکرد.
لەقۆناغی ١٩٥٨ بەدواوە قورسایی شار لە کەمەڵەی عیراقدا زیاد ئەکا و ئەبێ بە چەقی ژیانی سیاسی. لەوێوە بزووتنەکی شۆڕشگێڕانەی سیاسەت هموو کایەکانی تری چالاکیی کۆمەڵایەتیی لەناوخێدا هەئەلووشی. بەدرێژایی ساڵانی نێوان ١٩٥٨ – ١٩٦٨ عیراق جگە لە قێرانی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی، دەرگیر ئەبێ لەگەڵ دیان قێرانی تری وەکوو: دەڵانی شەڕی ١٩٦٧ ی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل و کاریگەریە ناوخێیەکانی، قووبوونەوەی کێشەی کورد، درێژەکێشانی ململانێ لەگەڵ ئێران، کێشەی هەزێ سیاسیەکان لەسەر جۆری نیزامی سیاسی لەعیراق، جۆگەی ئیقلیمیی عیراق و مەسەلەی وەحدەی عەرەبی، پرسەکانی نەوت و ئابووری و گۆشکردن و تاد.
بەکورتی هاتنەسەرکاری بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەرهەمی قێرانێ سیاسیەکان و ئاوگەڵەکانی دوای ١٤ ی تەمووز و لەرزۆکی و ناپایداریی دەسەڵاتەکانی پێش خێی و ئەزمەی دەسەڵاتی سیاسی ودرێژکێشانی کێشێ چارنەکراوەکانی و فراغی بەدیلی سیاسیی تربوو.
لەئاستی نەودەوێتیشدا جەنگی سارد بوو بەو فەزا گشتیەی کێ زمینەی زیاتری ڕەخساند بۆ هاتنەسەردەسەڵاتی ئەو حیزبێ کێ خواست و مەرامێ تۆتالیتاریەکانی خێی نیشاردەوە. توخمێ سیاسیەکانی ئایدیۆلۆجیی بەعس وەکوو هەزێکی ڕادیکالی نەتەوەیی عەرەبی لەبەرنامەی بەعس و بیارەکانی کۆنگرەکانی بەتایبەتی کۆنگرەی نەتەوەیی ساڵی ١٩٦٤ و نووسینەکانی میشیل عەفلەق و زنجیرێ کتێبی (في سبيل البعث) بە ڕەشنی فرمێلەکرابوون. پەداگریی ڕوون لەسەر پەویستیی سەرکوت و هەز، دەمارگیریەکی سەرسەختی نەتەوەیی و عروبی، پاکسازی نەتەوەیی دژ بەکورد و ناوهەنانیان بە میوان لەسەر خاکی عەرەب، پەویستیی بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی بەهێز و تەکمێ لە عیراقدا، تارومارکردنی هەزێ نیارەکانی تری گەڕەپانی سیاسیی وڵات، یەکێتیی لەپسان نەهاتووی خاکی عیراق، پەداگریەکی تووند لەسەر ئایدیۆلۆجیی نەتەوەیی سۆسیالیست، بەشك بوون لە پەکهەنارێ سەرکیەکانی ئایدیۆلۆجیی حیزبی بەعس کێ ئەتووت کتومت لە میراتی فکری هیتلەر و مەسۆلینی و ستالینەوە وەرگیراون.

بەعسیەکان پێیان وابوو کە ئەوان نوێنەری ڕووح وئیرادەی خەڵك و ماك و جەوهەری ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەبن وئابڕ و حیزبیش وەزیفەیانە کە ئەو ١٩٦٨ بەرجەستەبکەنەوە. ئەوان ئێیانووت کە هەزە عەرەبە تەقلیدیەکانی وەکوو (حركة القوميين العرب) یا ناسریەکان ناتوانن ئامانجەکانی نەتەوە بەدی بهێنن چونکە نوێنەرایەتیی ئەو ئایدیکالیزمە ناکۆن کە لەمێژدا پشتیان بە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب و گەلی عەراق و بنیاتنانی عەراقێکی بەهێز و ئاگرتنی زنجیرەی کێشەتا یەك لەدوای یەکەکان و کۆتایی هێنان بە قەیرانی بەردەوامی دەسەڵات.
مانۆری سیاسی و پیلان بڕشکی گرنگی تێونی پیلانگێڕانەی سیاسەتی بەعس و کەسایەتیی سەددام بوو.
پاش هاتنەسەرکار و بە جێگیرکردنی جێپێی خۆیان سەرەتا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عەراقدا هاوپەیمانێکی لەرزۆکیان ئیمزاکرد و بەیان لەژێرپێی ئەوان وەکوو دوو هێزی سیاسیی سەرەکیی عەراق دەرهێنا.
بە یاریکردن بە هەست و سۆزی جەماوەرکە بیروباوەڕی سۆسیالیستی لەناویاندا جێگەی هەبوو، بەعسیەکان سیمایەکی نەتەوەیی سۆسیالیستیان لەخۆیاندا نواند و بوون بە هاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت. هاوکاتیش و بەهۆی خەماڵێکردنی نەوتەوە و داهاتێکی بڕشووماری کە ئەکەوتە دەستیان بەرنامەیەکی ئیفرەمی ئابووریی بەهێزیان بەقازانجی گیرفانی بڕشی کەمدەرامەتی خەڵك پیادەکرد. بەوجۆرە و بەگەرتنەبەری ئایدیکالیزم لەبوارەکانی ئابووری و کەمایەتی و سیاسەتدا بڕشکی زۆری بەرنامەکەی حیزبی شیوعیی عەراقیان لەبەرژەوەندیی خۆیاندا پیادەکرد تا کار بەوجێیە گەیشت شیوعیەکان نازناوی کاستری عەراقیان نابوو لە سەددام و ئەوانیش بوون بە یارمەتیدەری لە پڕۆژە ستراتیجیەکەیدا بە پیادەکردنی تۆتالیتاریزمەکی تەواو لە وڵاتدا.
سەددام پاش کەنارخستنی ئەحمەد حەسەن البکر لەئۆکتۆکی ستالینیانەدا سەرەتا ١٩٧٩ی حیزبی بەرجەستەکرد و پاشان حیزبی کرد بە پێڕۆ بە دەسەڵاتی تاقانە و تاکڕەوی خۆی و چیدی کاری بە حیزبی شیوعی نەما و کۆتە قەناچە و ئاونانیان. لەپەنای ئەوشدا و ڵەك وەکوو چاولەکردنی پرۆسەی پاکتاوکردنەکانی ناو حیزبە شیوعیەکانی زەمانی ستالین و ئۆروووپای سۆسیالیست، ساڵی ١٩٧٩ گەورەترین پاکتاوی لەناو حیزبەکەیدا کرد و بەناوی کەشفکردنی پیلانگێڕیەکەوە هەموو سەنتەرەکانی هێز و کاریزما حیزبیەکانی ڕەوانەی تووندی مەرگ و ئیعدام کرد و بەوەش هەموو ئۆگرێکی پیلانی لەناوخۆی بەعسەوە سڕیەوە. ئەو زۆر کارایانە و بەدیقەتەوە ئیدارەی قەیرانەکانی

ئەدا.
پەیوستە ئەو ڕاستیە بووترێت کە لەهەموو ماوەی ٣٥ ساڵی فەرمانڕەوایی بەعسدا، شتێك نەبوو بەناوی دەستووری هەمیشەیی. لە ١٩٧٩ یش بەدواوە دەسەاتی هێزەکانی سەرووی حیزب و یاسا و تەنانەت نەتەوە و ئایدیۆلۆجیکی خۆشیانەوە بوو. بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) کە بەرزترین ئۆرگانی یاسادانان و جێبەجێکاری وڵات بوو وئەندامەکانی لایەن بەعس خۆیەوە لەوەدا دائەنران، سەددام وەکوو سەرۆکی ئەو ئۆرگانە وبەپێی ماددەی ٤٢ ی دەستووری کاتیی عێراق مافی ئەوەی پێبەخشرا کە بەتەنها توانای دەرکردنی هەموو یاسا و بڕیارێکی هەبێت و فەرمانەکانی هێزی یاسایان هەبێت.
بەپێچەوانەی ئەو مەدلەل لەدەسەاتە دژە خێڵکیانەی کە هەوە ئەدەن خێڵك دووربەدوور ئاگرن لەکایەی چالاکیی سیاسی، سەددام خێڵکی عێراقی بەزۆر پاڵکەش ئەکرد بەناو کایەی سیاسەتی کۆنترۆکراو لایەن خۆی و حیزبەکەیەوە و لەوەوە خێڵکی بەبارمتە ئەگرت.
ئەو شێوازە سوپار تەتالیتارەی سەردەمی سەددام، داینەمۆ نەریتیەکانی کۆمەڵگای عێراقی پەکخست ودایناەمۆی تایبەت بەخۆی خستەجگەیان. ئەو دەسەاتی سپارد بە چینێکی لەمپەنی کەیلە و ڕەعیەت و گوێ لەمشتی خۆی و عەشیرەتەکەی.
لەسایەی سەددامدا تووندوتیژی بوو بە ئامراز و ئامانجیش. ماس میدیا بەوپەڕی هێزەوە لەخزمەتی تووندکردنەوەی زنجیرەکانی ستەمی تەتالیتاریستیدا خرایەگەڕ. وەنەی دیوار بەندی خۆی و وتارێژانەکانی و دەرکەوتنی لەتەلەفیزیۆن و حوزووری زیندووی لەناو خەڵك و مەراسیم و ڕێپەوانی زۆرەملە بەخەڵك، بەشێك لە میکانیزم و ئامرازەرکانی دەسەاتەکەی ئەوبوون.
ژمارە و هێزی دەزگاکانی سەرکوت لەووی چنایەتی و چندایەتیەوە هەموو سنوورێکیان بڕاند: ئاسایش، ئاسایشی تایبەت، هەواگری، هەواگریی سەربازی، فیدائیەکانی سەددام، طلائع و فتوة، سوپای میللی، گاردی کۆماری، گاردی تایبەت، ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ژنان و دەیانی تری هاوچەشن بەشێك لەو دەزگایانە بوون کە هەناسە و لەدانی دەی هاووەاتیی عێراقیان خستبووە ژێرچاودێریی خیانەوە.
ڕابەری پڕ شکۆ و ترسناك و غەزەبی ئەو ڕێژانە نمایش ئەکران.
شۆڕشی عێراق – ئێران و درێژەی هەشت ساڵەی ئەو شۆڕشە ماوەڕانکێرە بوو بەو بڕیارەی کە تەتالیتاریزمی بەعسی بە ڕابڕیەی سەددام بگات بە لوتکەی خۆی.
کوشتار و جینسایدی کورد و ئەنفال و کیمیاباران و خاپوورکردنی

کوردستان، کوشتاری بەکۆمەڵی شیعەکان، پاکتاوکردنی شیوعیەکان تەنها ناونیشانە سەرکیاکانی بەعس و چوونی پرۆژەی تۆتالیتاریزمی بەعس و سەددام بوون لەناوخۆی عێراقی هەشتاکاندا.
پریشکەکانی ئەم پرۆژە ناسیونال شۆفێنیە عروبیە بەرکوێت و ئێران و لوبنان و زەر شوێنی تریش کەوتن.

سەرەنجام چی؟

ئێستا ١٩ ساڵە بەعس وەکوو پێکەرە خراوەتە لاپەڕەکانی یادەوەریی مێژووەوە. سەددام وەکوو بکەری سەرەکی و پاڵەوانی ئەو پرۆژە وێرانکارە تۆتالیتاریستیە لەسەدارە درا بەڵام توخمە سەرکیەکانی تۆتالیتاریزم چی وەکوو موفرەداتی گوتاری سیاسی و چی وەک تەماحی چەندین هێزی سیاسی لە عێراقدا وەکوو تارماییەک بەسەرماندا دێن و ئەچن. بەوماناییە توخمە سەرکیەکانی تۆتالیتاریزم لە عێراق و کوردستانیشدا، سەرباری هووخانی ژێرمی پشوو، سەرباری فراوانبوونەوەی بوردی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا، بەهێزە.
چی ئەو مەدلولە لە دیموکراسی کە خرایە بازاڕی سیاسەت و دەسەاتەوە لە عێراقدا، و چی ئەو پرۆژە سیاسیەی ئەمریکا بە قەناغی عێراقی دوای سەددام، بەتایبەتی سیانەی تایفیەت و ئیسلام و ناسیونالیزمی کوردی کە سەکوچکەی دەسەات پێکدێنن، نەیانتوانیوە کشە لە مێژینەکانی ئەم وڵاتە چارەسەر بکەن بەڵکە قووڵتریان کردوونەتەوە. چاوەڕوانیی سەرهەڵدانەوەی هەمان مەدلی تۆتالیتاریزم لە عێراق و کوردستاندا، وەهمکی نزیکە بەڵام بەدرێژی کشانی پرسە لەمێژینەکانی هەموو عێراق بەچارەسەرنەکراوی، دەرگای لەدایکبوونی هێلای تۆتالیتاریزم لەبەرگێکی تردا بەکراوەیی ئەهێڵێتەوە.

ئەو کشە چارەسەرنەکراوە لەمێژینانە چین؟
ناسنامەی عێراق، شێواز و مەدلی مۆتووبی دیموکراسی، جۆری سیستمی سیاسی، پرسی عەدالەتی کەمایەتی و کشە چینایەتیەکان، ئازادیە سیاسی و فەردیەکان، مەسەلەی کورد و ئیسنیکەکانی تری عێراق، جێگە و پایەی ئاین لە نیزامی سیاسیدا، تائیفیەت، پێگەی عێراق لەناوچەکە و کشە هەپەسەراوکانی لێگەڵ دەوروبەرکەیدا و زۆری تر، تەمارکی قوتور لە پرس و کشە پێکدێنن کە نە ئاسایەک دیارە بە چارەیان نە پرۆژەیکی نیشتیمانی – دیموکرات لەئارادایە بە هووبووەوەیان. بەبێ چارەکردنی ئەو کشە ستراتیجیانە و بەتەنها ئومێدبەستن بە پێچانەوەی تەمانی دیکتاتۆرەك ودرێژە کشان و بگرە قووبوونەوەی ئەو مەسەلانە، عێراقی تووشی ئزمەیکی

بەردەوام کردووە کە ئۆگری وەرچەرخانێکی سیاسی بە چاری ئادیکالی ئۆو کێشانە لەلایەن هێز یا هێزگەلێکی تووندڕەوی ئیسلامی و تایفی و نەتەوەییەوە، بکراوەیی هەشتەوە.
بنبەستی پڕۆژەی دوای ٢٠٠٣ ئۆو تارماییەی کردووە بە ئاستێك. قووبوونەوەی قەیرانی ئێستا و بنبەستی ئێم مەدەلەی نیزامی سیاسی و ململانێ قووڕکانی سەر شانەی سیاسەتی هێزکان و چارنەکردنی میراتکانی سەردەمی بەعس بە دیدگایەکی نیشتیمانی و دیموکراتی و ناوەڕۆکێکی عەدالەتخوازانەوە، تارماییەکان ناوەنێتەوە.
لەئۆگری ساغنەکردنەوەی شوناسی ئێم وەاتە وەکوو نیشتمانێکی دیموکرات و خۆشگوزەران و خاوەنی کۆمەکەی بەهەزی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی دەستووریی ڕەزلەگیراو و پشتبەستوو بەئابووریەکی هەمە بەرهەم و هەمە ڕەنگی گۆشکردوو و ڕیشەدارکردنی ماناکانی کۆمەگای مەدەنی و سیکیولار و پێچانەوەی هەموو جۆرەکانی میلیشیا و دەستوەردانی حیزبی و مەراجیعی ئاینی لە کاروباری دامودەزگاکاندا، دەروازەکان بە سەرهەڵدانی ڕەوتە تووندڕەوەکان بە ئامانجی گۆڕانەوەی شێوازێکی تر لە نیزامی تەتالیتاری لە عەراقدا، بکراوەیی ئەهێنەوە.

• ئێم وتارە پوختەی ئامادەکراوی کۆنگرە بەناونیشانی (عەراق: تەتالیتاریزمی بەعس و کارلەکەکانی) کە تەی ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر لە سلێمانی ڕێکیان خست بێم.

حوزەیرانی ٢٠٢٢
عەدنان کەریم
adnankerim22@hotmail.com

کتێبی: دەیەی کارەسات ١٩٨٠ – ١٩٩٠.. نووسینی: عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)

١٩٨٠ – ١٩٩٠ دەیەی کارەسات
(٩ ساڵ ئیختیفا لە عەراقدا : یادەوەری و شیکاری)

نووسینی : عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)

دەیەی کارەسات یەکەمین کتێبی چاپکراوی کاک عەدنان کەریم ە
کتێبەکە ٤٣٦ لاپەڕەیە.
ئەم کتێبە گەنجینەیەیە بۆ سالانی هەشتاکانی سەدەی ابوردوو کە
سەختترین قۆناغ بووە لە مێژووی عێراق بگشتی و کوردستان
بتایبەتی.
لەم کتێبەدا جگە لە سەردێکی مێژوویی پێشووتری عێراق و کوردستان
بوردتر یادەوەریکانی خۆی یاداشت کردووە سبارەت بە گرنگترین
ووداو و ئاڵوگۆڕکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو قۆناغە پە
لکێشە و بەسەرهاتە.
جگە لەوێش لەوێدا بتایبەتیش باسی هەڵسوڕان و چالاکیی و یادەوەریی
خۆشی کردووە لەڕوانگەی بیر و تێڕوانینی جیاوازی ئێستای خۆیەوە
شیکاریی ئەو مێژووە پە لە کارساتی کردووە.

ئەم کتێبە لە ئێستادا لە ناوەندکانی غەزل نووس و دیالێگ دەست
دکەوێت.

[بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ...]

کوردستانی عێراق لەسایەی پارتیدا: بەرەوکوێ؟.. عەدنان کەریم

هیچ گومان لەوێدا نیە کە پارتی، وەکوو هێزێکی سیاسی و وەکوو
حیزبێک، لەدەرزەمانەوە نوێنەرایەتیی ڕەوت و تووێژە هەرە
کۆنسێرڤاتیڤ و دواکەوتوکانی کۆمەڵگای کوردستان ئەکات. ئەم هێزە
سیاسیە کوردستانیە لەبوارکانی بیرو باوەڕ، بەرنامە، پراتیک،
هاوپەیمانیکانی لەئاستی کوردستانی وعێراقی وناوچەیی وجیهانی،
کارو کردەوە ومێژووکەی و ...، تاد، سەرجەم گەواهیدەری ئەو قسەیەی

سەروەن.
پارتی نە حیزبی خەبات کردنە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی لەسەر کورد، نە تێکۆشانە بۆ مافی دیموکراتی وئازادیی گەلی کورد و نە بۆ خۆشگوزەرانی و باشبژیوی خەڵك. ئەم هەڵە سیاسیە هەرچیشی گوتبێت سەبارەت بەو مەسەلانە ئەوا لە ناوەڕۆك دا و بەکردەوە شتێك نەبوون جگە لە مشتە دروشم بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ویستەکانی خەڵك و فریودانی ئەوان یا دوانەکەوتن لەگەڵ ئاوگۆکانی ناو خەڵك و داخوازیەکانیان یاخود خۆگونجاندن و پێشبڕکێ لەگەڵ هەڵە سیاسیە نیارەکانی خۆی. بەکورتیەکەی پارتی دەیان ساڵە نێك نوێنەرایەتی هیچ دیاردەیەکی پرشنگدار یا هەوڵێکی هەوڵپێش ناکات لەکەمەندگای کوردستانیدا، بەڵکوو هەڵگر، دەست وپێگر، بەربەست و دوژمنی خوێنخاری هەر ئاوگۆیەکە بۆقازانجی خۆی لەهەربوارێکدا بووبێت.
بۆ ئەوەی بچمەسەر هەڵدانەوەی لاپەڕەکان و وەستگەکانی تەمەنی ئەم دیاردە سیاسیە پرلەخەمەی مێژووی ئەمە، ئەمەو تەنها زەمی قسەکانم لەسەر یەك پرسی چارەنووسسازی ئەمەی گەلپانی سیاسیی کوردستان ئاگرم: هووگەی هەوەست و سیاسەتکردن و ئاراستەی ئێستای پارتی، بەو مێژووییەوە، لە ئێستادا هووی لەکوێیە و سەرچاوەی ئەم هەڵپە و پەلەقاژە سیاسیەی ئەم قۆناغەی ئەم هەڵە کەنسەرقاتیف بەناو خاوەنی هەڵە و دەسەاتە زەر و ترسناکەی کەمەندگای ئەمەی چیە و چۆنە؟
سەرکوت و دژی ئازادی بوون خەسەتی لەمێژینە و پایەداری پارتی دیموکراتی کوردستانە. بەشێکە لە شوناسی ئەو هەڵە سیاسیە. لاپەڕەکانی مێژووی پارتی بەخوێن و چەواشەکاری نووسراون. هەزێك کە مێژووی ٧٥ ساڵەی تەمەنی پێ لە تاوانی بەرانبەر هەر دەنگێکی ئازادیخواز و خەڵکپەروەر، لەلایەن کۆ و باوکەکوە سەرکردایەتی کرابێت و پاوان کرابێت لەسەر خەزانێك کە خاوەنی سادەترین ئاستی هۆشیاری و هۆشنبیری بن و خاڵی بن لەهەر بۆهایەکی مەعریفی لەهەموو بوارەکاندا وهەشتا بەمەنتیقی خۆ و بنەماڵە و تیرە بۆوانە هەموو کایەکانی ژیان و لەپیشیشیانەوە کایەی ئاەز و کەشەهەگری سیاسەت لە دونیای مەدریندا، ناتوانن ببن بە نوێنەری نوێگەرایی و ئازادیخوازی و مافدەستی و مرۆڤپەروەری و دیموکراتی تەبیی گەلەك بەتایبەتیش لەم سەردەمدا.
بەناو هەنگاوەکان و ئاراستە سیاسیەکانی ئێستای پارتی بەتەنها بە مێژووی ئەوان و سروشتی خەڵکی ودژە ئازادیی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە و بەتایبەتی ماڵی بارزانی لەکنادرنەوە. ئەو میتەدە بە ناسینی کاروکردەوەکانی ئێستای ئەم هەڵە سیاسیە هەنگبە تووشی گومەاییشمان بکات.
ئەمە بەدیاریکراوی لەردا قسە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەکەین بۆ باکگراوندەوە بۆ لەسەروبەندی سالانی بیستەکانی سەدەی بیستویەکدا. لەسەردەمی دەرهەنان و فرۆشتنی نەوت لەکوردستان و دەسەڵاتدارێتیی ئەو هێزە ناوبراوە لەژێر دەمامکی پارلەمان و شەرعیەتی هەڵبژاردن و دیموکراتی و لەژێردروشمی یەکێیزی ناوماڵی کورد. لەسەردەمێکدا کە ١٨ ساڵە ژەمی بەعس ڕووخاوە و٢٩ ساڵ تێپەڕە ئەبە بەسەر دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.
هەوتی تا ئێستای دەسەڵاتدارێتیی پارتی و هاوپەیمانێتیی ئەو لەگەڵ یەکێتی و پاشان لەگەڵ گۆران و هەرەوەها هاوپەیمانیی دورودرێژیان لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکانی ناوخۆدا، پارتیی گیاندووە بەئاستانەی قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستاندا کە لەبەرانبەریدا تا هاتووە هەگبە کۆنەکانی لەبەرانبەر ئەم هێزەدا تەسکتر کردەتەوە.
نموونەکانی ئەم قەیرانەی پارتی دەرگیری بووە بەمجۆرێە:
١/ جگە لە توژی کادر و سەرکردە و مفتەخۆرەکانی حیزب، پارتی ئیعتیبار و پایگای لەناو جەماوەری بەرینی خەڵکدا بەتەواوی لەق بووە.
نەوتاری کوردایەتیی پەبریق و باق، نە شین و شەپەی ئیفراندەم و هەوەی گوزانەوەی ئاکامە شوومەکانی ئەو پیلانە بە ئەستەی یەکێتی بەتەنها و نە هەوەی دەمەزردکردنەوەی گوتاری کوردایەتی لەهەگەی قووکردنەوەی ئەنفەستی کەشەی مووچە و مەلەفی نەوت لەگەڵ بەغدا، هیچیان تا ئێستا نەیانتوانیوە فریای سەرکردایەتیی پارتی بکەون بە ژیاندنەوەی شین و شەپەی کوردایەتی و گومەاکردنی خەڵك و بەرهەمهێنانەوەی هەژموونیی خەیان و شەرعیەتدان بەهەوەستی پارتی لەو بوارانەی پێشووداً.
٢/ گەر تا ٤ ساڵ لەوەوبەر پارتی شانازیی بەوەوە ئەکرد کە بە پێکهێنانی هەر کابینەیەك لەبەغدا ئەبوایە سەرانی هێزە سیاسیەکانی شیعە و سوونە سەرتا بهاتنایە بە سەری ڕێش بە وەرگرتنی مۆری پشتیوانی، ئێستا بە پێچەوانەوە پارتی لای نزیکترین دەستەکانی جارانی لە عێراقدا ئیعتیبار و بڕوا و متمانەی پێناکرێت.
٣/ لەئاستی هەرەمدا هاوپەیمانیی پارتی لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانی کە جەلال تاڵەبانی بە فەلتەی بەدەسهێنانی پێستی سەرێك کەماری عێراق بردیە ئاستەکی ستراتیجی، ئەمەش شکستەوە بە ئاستەکی پە لەکەشەی دابەشکردنی نفووز و دەسەڵات وپارە و وابەستەیی ناوچەیی جیاوازی ئەم دوو جەمسەرەی دەسەڵات.
لەدوای لەدان لە بانەی پرەپارتیی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی لە کۆنگرەی چوارەوە و گەیشتنی بانەی لاهوور تاڵەبانی بە ترۆپکی دەسەڵات، پارتی زەربەیەکی کاریگەری خوارد و ئەو تابووری پێنجەمەی

جارانیان لەناو لووتکەی دەسەلاتی یەکگرتیدا، کەنارخران.
لەبەرامبەدواوەی ئاستەنگی زۆر بۆ نفووزی پارتی لە زانیاری سەوز پەیدابوو و ئۆباما یەکێیزیی ناو دەسەلاتی لەرزۆك کرد و تواناکانی پارتیی شلۆق کردەوە لەبەرانبەر سەرجەم فایلەکانی سیاسەتی چواشکارانە و هەژموونگەرایی بەناوی یەکێیزی ناو مالی کوردەوە.
ئێستا پارتی ناتوانێ وەك جاران وەکوو نوێنەری گەلی کورد و حکوومەتی هەرێم لە بوارەکانی دیبلۆماسیی دەرەکی و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەسوکەوت بکا و ئۆباما بواری مانۆرسازیی لێ سەندتەوە.
٣/ لەسەر بناغەی خاڵی پێشووش ئیتر پارتی ناتوانێ بە کۆشش وەکوو جاران پارلەمان بکا بەسەکۆی تێپەڕاندنی مەرام و سیاسەتەکانی بەو شێوەیەی کە خۆی ئەیەوێت. ئێستا ئیتر گومان و ئیسلامیەکانیش لە ترسی هەوایی زیاتر و نەبوونی یەکدەستی لەناو خۆیان وترسی لەتوپەتبوونداء ناتوانن بەئاسانی تەسلیم ببن بەهەموو خواستەکانی پارتی و ئەو ئیسکەکی مەترسیدارە بە ئەوان بەتایبەتی لەوسەروبەندانەدا کە ناڕازایەتی و هەشیاریی خەڵك هەوڵەسەرەوە ئەکات.
٤/ پاراتی لە ئاستی هەرەمی و لای ئەوروپا و ئەمریکاش وەکوو هەڵەکی گوماناوی وبەچاوی ناباوەڕی و بە متمانەیی چاوی لێئەکرێت.
سەرباری ساڵەها خەش خزمەتی و ناردنی دەیان پەیام بە ئەران و دەستەمەکردنی ئەپەزیسیۆنی کوردستانی هەژهەڵات و هاەمکردنیان وخامۆشکردنی بەرەی کوردستان ئەران لەبواری چالاکیی چەکداریی هەڵە سیاسیەکانیان لە سنووری هەرێم – ئەران، هەشتا ئەران پارتیی خستەتە ژێر دەیان جار لەفشاری سیاسی و دیبلۆماسی و میدیایی و لەگەڵ هاوپەیمانە شیعیەکانیەوە لە عەراقدا تەنگی زیاتر بە پارتی هەڵئەچنێت.
٥/ لەبواری زۆربەی مەلەفەکانی تری وەکوو ئاسایش، ئیدارەدانی مەلەفی نەوت، گوزەرانی خەڵك و مووچە و خزمەتگوزاریەکان، پارلەمانی کوردستان، پەیوەندی لەگەڵ میدیا و هەژنامەنووسان، سیستمی ئیدارەدانی خۆجێی و دەیان فایلی تردا، پارتی هووبەووی بارودۆخێکی قەیران بەتەوە لەکوردستاندا کە نموونەی لە ١٥ ساڵی هابووردوودا کەم.
سەرجەم ئەو ئاڵنگاریانە بەرەکیان بە دەسەلاتی هەرێم گرتووە و پارتیش وەکوو سووکان بەدەستی ئەو دەسەلاتە بەتە جێی زۆرترین ناڕازایەتی لەناو زۆربەی خەڵکی هەرەمی کوردستاندا.
ئێستا جارێك لەکشوهەوای سیاسی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە تیایدا نە هێزی یەکەمی دەسەلاتدار کە پارتیە ئەتوانێت بەبێ سەرئیشە درێژە بە ملهوڕیی سیاسیی خۆی بدات بە ئەوەی بکەوێتە بەرنەفرەتی

شۆڕشگێڕانی کوردستانی و نزیکبوونەوەی ئامادەیی لەوزیاتریان هەیە بۆ ملکەچکردن بە ئەو شێوازە لە حوکمڕانیی تا ئێستا و گەر تا ئێستاش ملیان دابەت ئەوە لەبەر بەتوانایییان بووە لەبەرانبەر لەشکری سەرکوت و کوشتاری دەسەڵاتدارێتیی حکوومەتی هەرێمدا.
تەرازووی هێزی سیاسیی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە ئێستادا بەقازانجی دەسەڵات لاسەنگە ئەویش بەهۆی ئاستی نزمی ناڕەزایەتی خەڵک و پەرش و بڵاوی و قەتیس مانەوەی ناڕەزایەتیەکان لە زەنی پەرش و بڵاو و خامۆشیی هەندێ ناوچەی تر وزەر فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی تر. بەڵام ئەوەی گومانی تیا نیە ئەو ڕاستیەیە کە چیتر زەربەی خەڵک ئەم دەسەڵاتە نەک بە هیچ شێوەیەک بەرهەمی خەبات و قوربانیی خۆی ناژمێرێت بەڵکوو تینووی ئەوەیە کە لەیەکەمین وەرچەرخان و فرسەتدا و لەگەڵ هاتنەدیی ئاڵوگۆڕێکی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا هەڵبکوتێتە سەر ئەم دەسەڵاتە و تۆڵەی ٢٩ ساڵ تەفرەدان و چەوساندنەوە و دزینی سەرخان و ژێرخانی وڵاتیان لە بکاتەوە.
ئێستا لەووی کەمایەتی و سیاسیەوە ئەم وڵاتە دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا:
یەکەمیان : بەرەی دەسەڵات و حیزبەکانیان و دەزگاکانی پاراستن و ئاسایش و سەرکوت و کەمپانیا و هێزە مشەخۆرەکانی دەوروبەریان کە پارتی کاپتنی کەشتیی ئەم بەرەیەیە.
بەرەی دووەمیش پێکهاتووە لە ملیۆنەها خەڵکی کوردستان کە بەدەست دەیان کێشەی وەکوو هەژاری و بێکاری و بەدەرەتانی و نەبوونی مووچەوە ئەنالێنن و لەکاتی دەربەینی هەر ناڕەزایەتیەک و داواکردنی سادەترین مافیشیاندا ئەبن بە نیچیری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی پارتی و حزبەکانی تری بەشدار لەدەسەڵاتی وەکوو یەکێتی و پاکانە هێناوەکانی گۆران و درێ ودەڵەسەکانیان سەبارەت بە چاکسازی و خواستی تێکۆشانی یەکەیزیی نیشتیمانی و دەیان جار دروشمی فریوکارانەی تری لێو چێشتە.
پارتی وەکوو هێزی یەکەمی دەسەڵاتدار خۆی بە قەناغێکی تری دەسەڵاتی تاکلایەنە ئامادە ئەکات کە پێچەسیما سەرەکیەکانی بەم شێوەیە بێت:
یەکەم: بە درێژدان بە تاڵان و بڕی سامانی وڵات و گەر بەغدا بەدڵنگی داواکاریەکانیەوە نیات سەبارەت بە مەڵەفی نەوت و مووچە، پارتی زەمینە خۆش ئەکات بۆ گۆڕانەوە بۆ بژاردەی بەناو " سەربەخۆیی ئابووری ".
پێچەت ئەوە پلانی هاوبەشی پارتی – تورکیا بێت چونکە پارتی کۆنترۆڵی بەسەر فایلی نەوتدا نەماوە و تورکیا بەیاردەری سەرەکیی ئەو فایلەیە و پارتی دەوجامەیەکە کە تورکیا و کەمپانیا

نەوتیەکانی هاوبەشی پارتی بەکاری دێنن لە دژی عێراق.
ئەم بژاردەیە جگە لەوەی هیچ بە پارتی وا ئەکا کە درێژە بەتاڵانی داهاتەکانی فرەشتنی نەوت بدات و پێردەکانی سەرئەو فایلە پە لەگومانە ئەستوورتر بکات بەناوی ئاسایشی نەتەوەییەوە، لەهەمان کاتدا دەرفەتی فریودانی زیاتری بە ئەخسەبەناوی بەرگری لە بژیو و مووچەی خەڵک لەبەرانبەر بەغدا و دیسانەوە دروشمە بەش و فووتکراوەکانی کوردایەتی وبەرگری لە چارەنووسی کورد دەمزرد ئەکاتەوە.
دووەم: بژاردەی پێشوو لەبەر سوابوونی لای خەڵك و لەئەگەری شکستی پارتی بە گردکردنەوەی یەکێتی و گۆران لەدەوری، پێویستی بە ئاوگەڵك ئەبە لەخەریتەی دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان زەنی سەوز و زەردا و هەروەها بردنەسەری ئاستی تاکەویی دەسەڵاتی پارتی و گونجاندانی زیاتر بەو هاوپەیمانانەی.
سێیەمیش: ئەنجامدانی ئەم سیاسەتە نوێیەی پارتی هەندەی تر ناکۆکیەکانی لەگەڵ زەربەی خەڵکدا ئەباتە ئاستێکی تووندتر و هەموو پردەکان لەو بوارەدا ئەپسێنێت چونکە ئیتر تەفرەدان و چەواشەکاری لەژێر دروشمی نەتەوەیی وبەرگری لە هەرەمەکە و چی و چی کارایی نامێنێت.
چوارەم: بەوجۆرە و لەسایەی دیمەنێکی سیاسی لەوجۆرە و گۆشەگیر بوونی پارتی لە ئاستی خەڵک و هەزە سیاسیە هاوپەیمانەکانی، تەنیا بژاردەی سەرکوت و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی پاراستن و ئیرهابی سیاسیی ڕاستەوخۆی بە ئەمنێتەوە بە درێژدان بە دەسەڵاتی تاکەوانەی خۆی و بەرگری لەوهەموو ئیمتیازاتە دارایانەی ژێر دەستی.
زیادکردنی نفووزی تورکیا و گچکە بە پەکەکە و سەرکوتی تووند وتیژی هەموو دەنگێکی ئازاد و سەربەخۆ لەهەموو کوردستان و بەتایبەتی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی، کە تازەترینیان دادگاییە مەهزەلەکەی هەولێر و ڕاوانکردنی شیروان شیروانی و هاوڕێکانی بە کونجی زیندان و سەرجەم کەمپەینە سیاسی و میدیاییەکانی پارتی، هەنگاوەکانی یەکەمن بە تەداروکی پێویستیەکانی فەرمانڕەوایێکی تەتالیتاریی ئاشکرا و دەسەڵاتی ئەمنیی بەپێردە.
پارتی چەند شانسی سەرکەوتنی لەو بژاردەیەدا هەیە هەندەش دەست ئەبات بە قومارێکی گەورە کە ڕەنگ بە سەری خۆشی تیادابنێت.

عەدنان کەریم/ سیدنی
شوباتی ٢٠٢١

ڤ قەیرانی دەسەڵات لە هەرەم و ناڕەزایەتیەکانی ئێستا ..
عدنان کریم

بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی نوێی شار وشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی هەموو پێوەرەکان ڕەنگدانەوە وکاردانەوەیە لە بەرانبەر شکستی دەسەڵاتدارێتیی حکوومەتی هەرێمێ گشتی و بەتایبەتیش لە بواریر دابینکردنی سادەترین مافی هاووڵاتیان کە بریتیە لە دانی ئاو موچە کەمەی کە ڕۆژێکی زەری خەڵک بە مەمرە ومەژی ژیانیان پێ ڕایی ئەکرد. ئێستا بە هەمووان دەرکەوتووە کە هیچ ئیفەرم و چاکسازیەک ناتوانن ئەم دەردە سەرەتانیە چارەسەر بکەن کە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و سەرچاوە و هەکاری هەموو قەیرانەکانی کەمەگای کوردستانە..
گەر ئەم دەسەڵاتە و هەزە پڕکهێنەرەکانی ساڵانێک بەناوی کوردایەتی و لەڕەی هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادەوەریە تاڕەکانی خەڵکی کوردستان لەسەردەمی ڕژمی پێشوودا ئێتوانی فریوی خەڵک بدات و ئاوە بکات بەبیانوویەک بە درێژدان بە هەڵووشینی سامانی وڵات و سپاندنی هەژاریەکی کەم نموونە وسیستمێکی دەسەڵاتدارێتیی مافیایی و سەرکوتگەر بەسەر خەڵکدا، ئاوا دەمێکە ئاو باوکیان مرد و ئاو شانگەریە تەماشاچیی نەماوە.
(مەسەلەی کورد)، لانیکەم لە ئێستادا ، ئاو مانا و مەفهووم سیاسیەی جارانی نەماوە لە کلتووری سیاسیی ئێستای خەڵکی کوردستاندا. ئەمە (کوردایەتی) وەکووو چوارچێوەیەک کە هەزە ناسیونالیستەکانی وەکوو پارتی و یەکێتی مەسەڵەی کوردیان تیا پەناسەئەکرد، لای جەماوەری خەڵک وەکوو سیاسەتێک تەماشا ئەکرێ بە تاڵانی سامانی وڵاتەکیان لەلایەن کەمەڵەک مافیاوە کە ڕەچەند حیزبدا کەبوونەتەوە.

کوردایەتی لە دیدی زەرینەی خەڵکی کوردستانەوە لەمەدا یانی دەسەڵاتی هەندە بنەماڵەی سەرداری حیزبی کە لە سایەی قوربانی و تراجیدیەکانی گەلەکدا بوون بە ملیاردێر لەڕەی کردنی سیاسەت بە بازرگانیەکی سیاسی. بەواتایەکی تر ئێستا وەکوو تایبەتمەندیەکی

ئەم قۆناغە کوردایەتی لە سایەی تاقیکردنەوەی تاڵی نزیکەی سی ساڵی ئەم پڕۆسە سیاسیەی وەاتدا ڕووت بۆتەوە و مکیاجکانی دەیان ساڵەی سەاونتەوە و بەناوەکە ڕاستقینەکەی خۆیەوە خەی ئەنونەت: ڕووت و بیر ونەریت و بزووتنەوەیکی سیاسیی کۆنەپەرست وەدژی خەکی کە قوربانی و یادەوەریە تراجیدیکانی گەلی کوردی بەکار هەناوە بە گەیشتن بەدەسەاتکی چەوسێنەری هاوشێوەی بکوژانی کوردی لەچەشنی بەعس.

تایبەتمەندیکی گرنگی ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسیی کوردستانی عەراق لەژێر ئەو ڕاستیەدا خەی حەشارداوە وبەهەسان لەو ڕاستیەوە زۆر لایەنی تری ژیانی سیاسیی ئەم قۆناغەمان بە ڕوون ئەبێتەوە. ڕسوابوونی کوردایەتی، بەو مانایەی پێشوو، بەرهەمی چالاکیی فکریی هیچ تاقمێک نیە لەناو شۆقامی کوردستانی ولەیزی خەکدا. ئاکامی هۆشیاریکی فکریی ڕووت و تاوتوێ کردن و بڕاوردکاری نیە لەگەڵ تاقیکردنەوە و مەژووی وەاتاندا، بەکوو ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوەی نزیکەی سی ساڵی خەکە لەگەڵ کەمەک هەزی سیاسیدا کە هاووەاتی و هاونیشتمانیی کوردستانیان تا سەر ئەسقان ڕووتاندنەوە و ڕەجالیان کردووە و گەر دەنگی ناڕەزایەتیشیان بەرزکردبێتەوە بەبەکرەگیراو و ئامرازی دەستی ئەم و ئەو ناوزەدکراون یان وەکوو ١٧ ی شوباتی ٢٠١١ یا وەکوو ئەم چەند ڕۆژە وەک وەکوو سەردەمی بەعس، لە خوێندا هەڵکەشراون و ڕەگەکانیان گوولەباران کراون.

گەر قۆناغەکیش ئەم تاقمە سیاسیە خوێنمژ و تاڵانچیە ویستبێتیان بەناوی دیموکراسی و پەرلەمانەوە هەمان سیاسەت درێژە پێبدەن، واتە بە دەستکی ئاوڕشمین سیاسەتی تاڵان و بڕە و دەسەاتی ناشەرعیی خۆیان بپارێن، ئیتر ئەم سیناریۆیش دەمەکە لە دیدی خەکەوە ڕسوا بوو. پاش فەشەلی پڕۆژەی گەلان لە ساڵی ٢٠١٣ بەدواوە، لە ڕوانگەی خەکەوە پەرلەمانیش وەکوو شوێنک بە دابەشکردنی دەسەاتی سەحیزبی دژ بەخەک وشانیکی فریودانی خەک و چەواشەکاری ودیکۆرک بە شاردنەوەی هەمان سیاسەتی تاڵان و بڕە و سەرکوت وشوێنکی تری سەربار بە بەرجەستیکردنەوەی گەندەڵی، هیچ مانایکی تری نەماوە.

بەوپێیە خودی تەکشکانی ئابووری ئەو دوو دامەزراوە ماددی (واتە پەرلەمان) و مەعنەویە (واتە کوردایەتی)، مانایکی تری نیە جگە لەقۆپ بوونەوەی پێوەندیی نێوان ئەم دوو جەمسەرەی کایەی سیاسیی وەات، واتە دەسەاتداران و خەک، وبەدیهاتنی ئاوگەکی چەنایەتیی گەورە بەسەر ئەو پێوەندیدا. لەو قۆناغە بەدواوە، گەر خەک ملیشی بەدەسەاتی ئیئتیلافی و هاوبەشی پارتی و یەکێتی و

گەان دابەت، ئەو بیونەدیی بەو هەیە کە خەک توانای بەرپەرچدانەوەی دەسەاتی نەبووە نەک بەهەی بەوای بە هیچیەک لە فریوکاری و چەواشەکاریکانی دەسەات.
لە قەناغی ئێستادا و بەتایبەتیش لە دوا شکستی مانگرە ئابووبەرانەکەی ئیفراندەمەو، تا هاتووە شۆنەوارەک بە ئەو جەمسەرە هاوبەشە نەماوەتەوە کە دەسەات ئیتوانی بەهیەو، بەتایبەتی لە وەرچەرخانەکان و بەندبوونەوەی ئاستی ناەزایەتیی خەکدا، وەکوو چەکەک لە جبەخانەکەی بە فریودان و چەواشەکردنی خەکی ناەازی بیخاتگەە کە ئەویش بریتیە لە چەکی کوردایەتی .
دەسەات بەهەموو پەکهەنەرەکانیەو، لەەی سوودوەرگرتن لە دروشمی کوردایەتی و یەکیزی ناومالی کورد و یەک چارەنووسیی هەموو گەلی کورد، توانی تا چەند ساەک پەش ئەستا زەرینەی خەک فریو بدات و بەدیان پاساو هەم دەسەاتکی ملهوڕی زەردار بە نرخی دیموکراسی بەخەک بفرۆشتەوە و هەم سامانی وەات بکات بە گیرفانی چەند بنەماەی دەسەیشتوودا ولە هەمان کاتیشدا سیاسەتی سک هەووشین و هەژاریەکی کەم وێنە لە جیهاندا بەسەر زەرینەی خەکدا بسەپێنێت.

ئەمە ئیتر هەموو ئەو وەهمانەی ساەانەک بەناوی چاکسازی و بەربەرەکانێ لەگەە گەندەیەدا لەلایەن دەسەاتەوە و هەزە پەکهەنەرەکانی و میدیاکانیەوە بەاوئەکرانەوە، بەوون بە بەقی سەرئاو. دەسەات نەک هیچ جەرە چاکسازیەکی لە سیستمی ئابووری ولە بواری بودجە و سیستمی خەرجی و داهاتکاندا نەکردووە، بەکوو ەک پەچەوانەکەی ەاستە وبەئاشکرا درۆەی بە تاەانیی سامانی وەات داوە کە دواترین نموونەکانی ەاگەیاندنی قەرزاریی ٢٨ بلیەنی بوو لە زمانی مەسروور بارزانیەوە.
چەندین ساە سەرەای ئەوداهاتانەی ناوخە کە پەک دەت لە نرخی فرۆشتنی ەۆزانەی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ئاشکرا لە چوارچەوەی ەکەوتنە پەنجا ساەیەکەی سەرانی دەسەات لەگەە تورکیا و سەدان هەزار بەرمیلی قاچاخ و داهاتی ملیار دەلاریی گومرک و خاە سنووریەکان و هەروەها ئەو بەە زەرانەی پارە کە لە بەغداوە هاتوون، جگە لە دەیان بابی تری داهاتی ناوخەی وەک ەسووم و باج وداهاتی کەمپانیا و دائیرەکان، کەچی مووچەی هاووەاتیان نزیک بەتەوە لە ئاستی بەینی یەکجاری و بەو پەیەش ئیفلیج بوونی بازار و سەرجەم پرۆسەی چالاکیی ئابووری و کار و ژیان زەرینەی هاووەاتیانی کوردستان.

بەپەی هەموو پەوەرە ئابووریەکان و شایەدیی دەیان جاری چەندین

ئەندام پەرلەمان، داهاتی ناوخۆی کوردستان بە هاتنی یەک دیناریش لە بەغداوە ئەتوانێت مووچەی کارمەندان و گشت مووچەخۆرانی کوردستان بە ستانداردی پێش ساڵی ٢٠١٤ دابین بکات. جگە لەوە، هەموو کەسێک ئەو ڕاستیە باش ئەزانێت کە حکوومەتی هەرێم بەیە پابەند نابێت بە هێکەوتنە دووقۆیەکەی لەگەڵ بەغدا چونکە لە ئێستادا قازانجی زیاتر ئەچێتە حسابی کەمپانیاکانی خەیانەوە.
پابەندبوون بەو هێکەوتنە لەگەڵ بەغدا بواری دزی و تاڵانیی سەکووچکەی دەسەڵات کەم ئەکاتەوە بەیە بە کردەیەکی ماتماتیکیی سادە وبەراوردکردنێکی سادەی قازانج و زیان بە سەرانی دەسەڵات، ئەوان هەگەی پابەند نەبوون بە هێکەوتن لەگەڵ بەغدا هەئیبژێرن و بەوەش تاوانی بەینی مووچە ئەخەنە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندی و کەڵک موزایەدەی کوردایەتی و درە و دڵەسەی شێ لە پەناوی مووچەی خەڵکیشی پێوە ئەکەن.
ئەستا لەدوای پەسەندکردنی یاسای قەرز لە پەرلەمانی عێراق و هەوەستی تووندی زەربەی فراکسیۆنە عێراقیەکان بەرانبەر بە حکوومەتی هەرێم و سیاسەتی دەستی پێکردن لە لایەک و تەقینەوەی ناڕازایەتیی خەڵکی کوردستان لە لایەکی ترەوە، بواری مانەر لەبەردەم دەسەاتەکەی ماڵی بارزانی و هەردوو هاوپەیمانەکەی تەسکتر بەتەوە. بەیە سەرانی ئیئتیلافی پارتی و یەکێتی و گۆران لەبەرانبەر ئەو ئەزمەیەدا کە تێیکەوتوون خەریکی داشتنی پلانێکی نوێ و تاقیکردنەوەی مانەرێکی تەرن کە پێئەچێ ئەقڵەکانی لەم جەمسەرانە پێکهاتبێت:

یەکەم: دەسەاتی جارێکی تەر وگەر لەڕێی سەرکوتەوە ئەم زنجیرە ناڕازایەتیەی پێ خامۆش نەکرێتەوە، بە ئارامکردنەوەی خەڵک بەڵکنە کەنەکانی لەگەڵ بەغدا زیندوو ئەکاتەوە تا ئومێدی چاری مووچە لای هاوواتیانی هەرێم ببووژێنێتەوە و لەوشەوە خەپیشاندانەکان بەاوە پێبکات یا تووشی چەند دەستە و بەرەیی بکات.
چالاککردنەوەی هەڵی گفتوگۆی هەولێر – بەغدا تەنیا مانەرێکی پارتیە بە خەقوتارکردن لە هەر سێ فشاری یەکێتی و گۆران، فشاری هەڵسانی جەماوەری و فشاری حکوومەتی ناوەندی.
شانسی سەرکەوتنی ئەم مانەرە ئەمە لەگشت کاتێکی پێشووتر کەمترە ونە جەماوەری ناڕازی و نە حکوومەتی ناوەند بەوایان بە بەڵێنەکانی پارتی نیە وەکوو بیاردەری سەرکیی دەسەات و خاوەنی سەرکیی ئەم مانەرە.
ئەم هەگیە تاقیکراوەتەوە و پارتی بەدەستی ئنقەست لە ٢٠١٤ بەدواوە شکستی بە پێنج هێکەوتن هێناوە لەگەڵ بەغدا. جگە لەوەش

زربەی ئاماژەکانیش نیشاندەری ئەوەن کە مەسەلەکە لەدەستی پارتیشدا نەماوە و تورکیا بەیاردەری ئاسایی پشتی پێدەیە لە مالەفی نەوتدا.

دووەمین کارتی دەستات بۆ ئەندازیاریی پارتی بریتیە لە تووندکردنەوەی پەیوەندیەکانی سێ کوچکەی دەستات و وادارکردنی یەکێتی و گۆران بۆ گرتنەئەستۆی بەشی زیاتری لێپرسراوەتی لە قەیرانەکاندا و تووندکردنەوەی برغوکانی دژگای شەق و شۆی دەستات لەم هەڵگیرساوە لەبەرانبەر بەخشینی شیرینی و ئیمتیازاتی زیاتر بۆ گۆران و یەکێتی و ئارامکردنەوەی گلەییەکانیان و بژاردنەوەی بەشەکانیان لەو بوارەدا. گلەییەکانی گۆران و یەکێتی لەوەدا کورت ئەبنەوە کە پارتی جومگەکانی دەستاتی زەوتکردووە، بەشی شیاوی پێستی بەوان نەداوە، تاکەوانە و بۆ ئەوان بەیار ئەدا، مالەفە ستراتیجیەکانی وەکوو نەوت و هاوچەشنەکانی کەنترۆڵ کردووە و ... تاد. ئەو فایلانە هەمیشە پارتی لای خۆی گلی داونەتەوە بۆ بەکارهێنانیان وەکوو ئامرازی فشار و سات و سەودا و ڕاگرتنی باڵانس و گەمەی دەستات لە بەرانبەر یەکێتی و گۆراندا وتا ئێستاش سەرکەوتوانە لەو گەمانە هاتۆتە دەر.

سێیەم: فایلەکی تری دەستات بە کاتی قەیرانە گشتیەکان سیناریۆی حکوومەتی بنکە فراوانە. ئەو هەزانەی لە حکوومەتی ئێستای مەسروور دابشدار نین ، یەکگرتووو و کۆمەڵ ونەوەی نوێ و شیوعی و چەند لایەنی بچووکی تر، هەم لە قەناغەکانی تردا ڕۆڵی دارشتی ئەم دەستاتیان گۆراوە و لەبنیاتنانی ئەم دەستاتدا بەشداربوون، هەمیش هەوڵستەکانیان لەبەرانبەر کابینەی ئێستادا لە ووردە گلەیی و ئامۆژگاریی دەستانە تێنەپەڕیوە. بەو مانایە ئامانیش لە دیدی دەستاتەوە هەزی ئیحتیاتی ئەم دەستاتە و زخیرەی جبەخانەکەی ئەون کە ئەکرێ لەکاتی پێویستدا وەکوو دەسکەش بەکاربهێنرێنەوە بۆ ئارامکردنەوەی تووڕەیی خەڵک و ڕازاندنەوەی دیکۆرەکەی دەستات. هەر بەیش بەهوودە نیە کە خەڵکی تووڕە و ناڕازی بنکەوبارگاکانی ئەوانیش بەبەش ناکات لەپەلامار و نەفرەتی خۆی.

چوار: کە قەیران بەردەرگا بە هەزە پەکهێنەرەکانی دەستات ئەگرێ ئەوان لەناو خۆشیاندا ئەکەونە پاشقولگرتن لەیەکتری. پارتی ئەیەوێ بە وریاییەوە زانی زەرد بکا بە زبڵدانێک بۆ فڕێدانی ئەو قەیرانانەی دەستات کە خۆی بەرهەمهێنی یەکەم و هەروەها سوودمەندی یەکەمیشە لێی. لەولاشەوە یەکێتی و گۆران کە بەبەرچاویانەوە هەزە ئەمنیەکانی زنەکەی ژێر دەساتیان خەڵکی ناڕازی لەگەماوی خۆیندا

نووقم ئەکەن، موزایەدەکی دیموکراسی و ئازاری پەرستی بەسەر پارتیدا ئەکەن و خوێنی ژاوی خوێک بەدەست هێزە ئەمنیەکانی ژێردەستەکانیان وە ئەکەن بە بابەتی لاف و گزافی ئازادیی ئادەربەن لە زەنی سوز و ئەوە ئەدەن بەچاوی پارتیدا.
ئەو گەمە قێزەونە شتێک نیە جگە لە پاشقولگرتن و ئەسک شکاندنی یەکتر بە دەسکەوتنی بەشی زیاتر لە دەسەلات و پست و سامانی دزراوی وەاتەکە.
پارتی لەو هووەوە لە مەوقعیەتێکی تایبەتدایە. لەلایەکەوە بەزەبری ئاگر و ئاسن و چاوترساندن تا ئێستا ئارامیەکی شەق و شێی لەزەنی زەرد بەرقەرار کردووە و ئیەوە وا بنەنەت کە ئەم قیرانە تایبەتە بە زەنی زەرد و لەولاشەوە دیان ژووری عەمەلیاتی خستەتە گەڕ تا ئاگری ئەو ناڕەزایەتیانە نەپەتەوە بە زەنی زەرد.
پارتی زەر باش ئەزانەت کە دەسەاتەکەی لەسەر بورکانێک لە هەق و تووڕەیی پەنگەوخواردووی خوێک هاوستاوە. گەر ناڕەزایەتیە بەردەوامکانی سلەمانی و گەرمیان تەنفیسکیان بە ئەو هەقە پەنگەوخواردووی خوێک پێکهەنابەت، ئەوا هەقی ئێستووری پەنگەوخواردووی جەماوەری بادینان و هەولێر گەر بتەقێتەوە هیچ بەیەن و مانەرێک داینامرکێنێتەوە.

پەنج: درێژەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئێستا و هادیکال بوون و فراوان بوونەوەی وبوونی بە فاکتەری بەیاردەری سەرەکی لە دیاریکردنی چارەنووسی قیرانی ئێستای دەسەاتدا، دەرگا بەسەر زەر ئەگەردا ئەکاتەوە.
هەم چالاک کردنەوەی پلانی لامەرکەزیەکەی سەرانی زەنی سوز و هەم دابەشکردنەوەی دوو ئیدارەیی دەسەات و هەم هەکەوتنی جیاجیای هەردوولا لەگەڕ بەغدا و هەم لەهەمووشی گرنگتر پەنابردنی هاوبەشی هەزە پێکهێنەرەکانی دەسەاتی هەرەم بە بژاردەی سەرکووتی سەرتاسەری و شێی سەرانسەری لە بەرانبەر خرۆشانی جەماوەریی خوێکەدا، بەکراوەیی ئەهەڕێتەوە.

هەموو سەرە داوەکانی قیرانەکەی دەسەاتیش ئەچنەوە سەر یەک گرێ سەرەکی: ئایا بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی هەوای ئێستا ئەتوانە بەسەرکەوتوویی پێ بنێتە هەنگاوی دووم ،؟ ئایا سنووردانی زەنی سوز و زەرد چۆن لەڕێی سەرتاسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیی ئێستاوە پووچەڵ ئەکرێنەوە و یەکپارچەیی جوغرافی و سیاسیی کوردستان لە پاشماوەی ئەم دوو هەزەی دەسەات پاک ئەکرێتەوە؟ ئایا تەفاعولاتەکانی ئەم بزووتنەوەیە چوارچێوەیەکی گونجاوی داینامیک

وبزۆو بە ڕکخستنی خۆی ئەدزێتەوە؟ هەماهەنگیی شار و شارۆچکەکان دەستبەر ئەکات؟ داخوازی و ئامانجی خۆی و شۆازەکانی گۆیشن پێیان جەم و جۆرئەکات؟ لەوکاتەدا خرۆشی شۆشگێڕانی خۆی ئەباتەسەر لەهەمان کاتدا خۆی دوورئەگرێ لەسەرچلیی ئەکوژم ئەبەم و کاری پۆرچەکرداری فەناتیک؟ ناوماڵی خۆی دوورئەگرێت لە ئایدیۆلۆجیای تووند و تیژ و نایەڕەت حەوشە و ماڵەکەی بکرێ بەمۆیدانی تەکفیر و تەحریم؟ لەهەمووشی گرنگتر چۆن ئایەڕەکانی پەیوەندی و خزمایەتی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی شارەکانی عێراق بەرقەرار ئەکا و ئەیکات بە سەرجاوەیەکی هێز بۆ خۆی؟
دۆیان خولیا و ترس و دڵەڕاوکێ تەکەڵە بە چارنووس و هەنگاوەکانی ئاپۆین و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیە جەماوەرییەکان ئەبن.

هەرچەن وتاری دژە عروبی لە خەپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبیدا گەر بە تەنیا بیگری نیشاندەری مەدلۆلێکی تازەی هۆشیاریی لاوانی چەندین وڵات بوون کە بزووتنەوە عروبیەکان زووخاویان کردبوو بەگەرووی یاندا، بەڵام دواتر ئەو بزووتنەوانە بوون بە خراکی ئیخوان موسلمین و هێزە تووندڕەوە ئیسلامیەکان کە لە زەر ووڵات بەکارەسات کۆتایی هات و ستەمکارێکی سوای گەڵی بە ستەمکارێکی تر بە سیمایەکی دەستانی درێینەوە، بەهەمان چەشنیش نابێ شکاندنی تەوقی کوردایەتی وەکوو ئایدیۆلۆجیی فەرمیی دەسەڵاتی کوردی بکرێ بە دەستاوێزی هیچ بزووتنەوە وئایدیۆلۆجیەکی فریودەری تر.
بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی ڕەوا و بەرهەقی خەڵکی کوردستان لە دژی دەسەڵاتی چەتە و تاوانباری هێزەکانی کوردایەتی تانها ئومێد و هەگبەی هزگاریی ملیۆنەها خەڵکە لە دەست ئەم دەسەڵاتە چەوسێنەرە. ئەم بزووتنەوەیە هەنگاوی یەکەمی خۆی سەرکەتووانە دەسپێکردووە بەڵام هێشتا درێژیشی لەبەردەمدایە. خاڵی هەرە بەهێزی تا ئێستای ئەم ناسیۆنالیستیانە ئەوە یە کە وکوو زمانحاڵی زەربەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەسەڵاتدارەتیی هێزەکانی سی ساڵ تا ئێستا بە هەکاری سەرکیی بەدبەختیەکانی خۆی ئەزانێت و بە زمانێکی پاراو پێداگری لەسەر نەمانی سەرجەم پایەکانی ئەم دەسەڵاتە ئەکاتەوە.
درێژە پێدان و تەفاعولاتەکانی لەمودوای بزووتنەوەی جەماوەریی ئێستای کوردستان کە سنووری عەقڵی ئیسڵاحگەرا و وەهمی چاککردنی دەسەڵاتی ئێستا تێپەڕاندووە، ئەتوانێ بە چاوساغی و عەقڵێکی کراوە، پە بنەڕەت هەنگاوەکانی داهاتووی و ئاسۆی سەرکەوتنی دوورمەوداشی بدەزێتەوە.

عدنان کریم

دیسەمبەری ٢٠٢٠

دراگۆن و کـــــاوبۆی،"ململانێی نێوان چین و ئەمریکا وەکوو دوو مەدەللی سەرمایەداری "

عدنان کریم / سیدنی

شۆوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری (کاپیتالیزم) سیستمی زاڵی تاقـــانەی جیهـــانی ئەمڕۆی ئەمەیە. پێوەنـــدیە کۆمـــەڵایەتی وسیاسیەکانیش ڕەنگدانەوەی هەمان ڕاستین. جیاوازیی شۆوکانی ئەو سیستمە واتە بازاڕی ئازاد ومۆکداریەتیی تایبەت یا کۆنترۆکردنی بەشێك یاخود بەشی زۆری مۆکداریەتیی سەرمایە لەلایەن دەوڵەتەوە ، ئەو بنەما نەگۆڕەی پێشوو ناباتە ژێر گومان یاخود پرسیارەوە. لەڕاقازانج نێك سوودبەخشیی بەرهەم بە مەرج مەتیقی پرسەی بەرهەمهێنانە. لە شێوەی پیشەسازی بەدواوە هیچکات هێندەی ئێستا پرسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە مەرکەی زاڵی سەرمایەداریانەی بەخۆوە نەدیتووە.
لەنێوان ساڵانی 1917 _ 1989 هەژیموونیی (الهیمنة) سەرمایەداری وەکوو شۆوازی باو وەڕەتینی ڕەکخستنی پرسەی بەرهەمهێنان ، کەڵەن و درزێکی گەورەی تێکەوت بەهەی هەڵگیرسانی شۆڕشی سۆسیالیستیی ڕووسیاوە.
ئەو دابەشبوونەی ئابووریی جیهان ، لە 1945 بەدواوە بەهەی فراوانبوونەوەی سیستمی سۆسیالیستی و دابەشبوونی جیهان بە دوو ئەردوگای سۆسیالیستی و سەرمایەداریەوە تێکانێکی گەورەتری بەخێوە بینی. ساڵانی نێوان 1917 _1989 ناسراوە بە قۆناغی تووندبوونەوەی ململانێی نێوان هەردوو مەدەللی سەرمایەداری و سۆسیالیستی کە شۆوازی بەرهەمهێنان و ناکۆکیی نێوان ئەو دوو مەدەلە بناغەی سەرجەم بواڕکانی تری ململانێی سیاسی وئایدیۆلۆجی و دیبلۆماسی و سەربازیی پێکئەهێنا. لەم قۆناغەدا بلۆکی سۆسیالیستی بوو بە مەدەللی چەسپاو لەناو 3/1 ی دانیشتوانی گۆی زەویدا.

ساڵی 1989 سیستمی سۆسیالیستی بەتەواوی شکستی هێنا و ڕووخانەکی دراماتیکیی تووشبوو. تا ئەوسەردەمە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا ، ئەو قوناغە بەو پێناسەئەکرا کە سەردەمی مملانێ و کێبەکێی نێوان سۆسیالزم و سەرمایەداری تایبەتمەندیی زاڵی هەموو جیهانە، بەڵام بەدوای ڕووخانی ئەردوگای سۆسیالیستی ، جارێکی تر سەرمایەداری ئەبەتەوە بە سیستمی تاقانە و بە ڕەقیبی ئابووری وکۆمەڵایەتیی جیهان.
بەڵام زاڵبوونەوەی سەرلەنوێی سەرمایەداری وەکوو تەنیا مەدلێلی زاڵ لە جیهاندا بەمانای کۆتایی یا بنەبڕبوونی قەیران و کێشەی ئەم مەدلێلی بەرهەمهێنان و سەرجەم ئەو سیستمە نیە و نەبووە. هەر ئەستا لە مەبەندەکانی تیۆرێنەوە و تینکتانکەکانی Think Tanks ڕۆژئاوادا زووزوو گوبیستی کۆمێنتی لە چەشنی قۆناغی دوایی سەرمایەداری Late Capitalism وتەنانەت جۆرێك لە هاتنەوەئارای لێڕە و لەوێی سۆسیالزم ئەبین.

گەرچی سەرمایەدارێداری و قەیران دووانێیەکی لێکدانەبڕاون کە دواترینیان قەیرانی 2008 بوو کە شەوازی ڕکوودی ئابووریی بەخۆوە گرتEconomic Recession بەڵام ئەوەی دیار و لە ئایندەی نزیکیشدا شیاوی پێشبینی بێت بریتیە لەو ڕاستیەی کە کاپیتاڵیزم بەگشتی لە ئێستادا لە هیچ لایەکەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە یا مەترسیی گەورە وبەتایبەتی ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجوودی نەبەتەوە ولە دنیای ئەمەڕدا مونافیس و ڕەقیبەك لەمەیدانی کێبەکێ لەگەڵ سەرمایەداری لە مەیداندا نابینرێت گەر تووشی پەتای ڤیتەریکی (هەستی شەڕشگەڕانە) نەبووبێتین.
٦/ گۆڕچی وەکوو تایبەتمەندیەکی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی ناسازایەتیی عێراق، ژنان بەشداریەکی بەرچاویان هەیە بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نیە و هێشتا ترس و دڵەڕاوکێ لە داب و نەریتی کۆن و دواکەوتووانە و زۆر جێگری تر ماون کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایان بەبەشکردووە لە سەرچاوەیەکی گەورەی خەباتکارانە کە پێویستە بەرنامەی ووردتری بۆ دابڕێژرێت.

٧/ گەلانی ئێران ئێقەی بەدەنگیان تەکشکاندووە و ئێستا بزووتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری سەرتاپای ئێو ووڵاتی داگرتووە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لە ئێران و عێراقدا ئەتوانن بە هاوبەشی هەردوو ڕژیمە هاوبەشەت و هاوەڕام و هاوعەقیدەکەی هەردوو ووڵات بەرەیەکی هاوخەباتیی هاوبەش گرێ بدەن. هیچکات بارودۆخ بۆئەندازەی ئەمڕۆ وا لەبارنەبووە بۆ دوایی هێنان بەدەسەڵاتی نەگریسی ئەم دوو دەسەڵاتە سەرکوتگەرە و گیانەوەی دەستی و برایەتی نێوان هەردوو ووڵات لە چوارچێوەی پاراستنی سەربەخۆیی هەردوو وولاتدا.

بزووتنەوەی ناسازایەتیی ئێستای عێراق یەکێك لە درەخشانترین وەرچەرخانە کە ئەم ووڵاتە لەدوای شەشی ١٤ ی تەموزەوە بەخۆوەی نەدیوە. ئەم بزووتنەوەیە هەر ئێستاکە بووە بە خاڵی وەرچەرخانێکی پڕزەتیق لە کەمەنگای عێراقدا و چەندین پەیامی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. ئێو گیانی برایەتی و هاوخەباتیەی لەدەی ئاپۆیینی ئەمەوە لەناو خەڵکی عیراقدا سەردەدێنە لە بیست ساڵی ئابووردووداو نموونەی نەبووە.
نادروستترین شێوەی بەرخورد بەم جووڵانەوەیە ئەوەیە کە ئارەزوومەندانە و لە بورجە عاجیەکانەوە سەقفی باڵاتر و باڵاتربۆ ئامانجەکانی دەستنیشان بکەین ولەوەو پێتای ئادیکالیزمی ناو مەشکی خەمانی تیا بۆتاڵ بکەینەوە و فشەڵی سیاسیی تا ئێستای ئەم یا ئێو

لایەنی پێ تیماربکەین.

بزووتنەوەی ئۆکتۆبەری عێراق کاردانەوەیەکی سروشتی و ئاسیلە لەبەرانبەر تراکوماتی چل ساڵ سەرکوت و بێمافی و غیابی دادپەروەری و یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ١٦ ساڵ لەمەوپێش وەهمی چارەسەرکردنیان تیایدا چاند بەڵام هیچ بەرەکی نەبوو. جگە لەوەش ئەم بزووتنەوەیە نافی خەباتی ئەو هەموو حیزب و لایەن و هەزانەشە کە زیاتر لە سێ دەیە پەیامی شەڕش و ئاوگۆ و مقاومەت ئەدەن بگۆی خۆکی بەشمەینەتی ئەم ووڵاتەدا بئەوەی بتوانن سەنگەرێك لە خەباتی ئەواندا لەبەدەن و ڕۆحکی بچووکیش لەسەفەری پە دەردو ئازاری ئەواندا بگەڕن و ئاستاش سەرگەرمی فەسەڵکانی ووتنەوەی دەرسی ڕادیکالیزم و دیاریکردنی مواسفاتی بزووتنەوەی "معلب" وەڵتکردنەوەی هەموو شت و دیاریکردنی سەقفی بەرزتر و بەرزترن بە ئەم بزووتنەوەیەش.

ئەم بزووتنەوەیە کۆتایی هێنا بە مێژوویەك لە ڕکودی سیاسی لە عێراقدا و جارێکی تر و پاش چەندین دەیە بەغدا و خواروی عێراقی کردەوە بە ناوەندێکی سەرەکیی ئازادیخوازی وسەدای ئینسانی حەقخوراو.
وەکوو هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە سروشتیەکان کە پێویستیی کۆمەڵایەتی ئەیان خوەقەنەت نەك زادەی فووتکردنی ئایدیەلەجی بن ، بزووتنەوەی ئەستای خۆکی عێراق مەیدانێکە بە سەرهەدان و بەشداری و هاتنە مەیدان و تەفاعولی دەیان بیروباوەڕ و توێژی کۆمەڵایەتی و دیدگا و ڕەوتی سیاسی وسەرەنجامیش لەو شوێنەدا لەنگەر ئەگرێ کە هەزی ووردبین و سیاسەتی واقیعبین و تاکتیکی دروست ودایناميك و مرونەتی سیاسی بێ دەسنیشان ئەکات و پەلکەشی ئەکات بێ.

عدنان كريم
سدني
نۆڤەمبەری ٢٠١٩

خولانەوە لە ناو بازنەی کوردایەتیدا … عدنان کەریم

کورتە سەرنجێك سەبارەت بە کتێبی (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لێناوەوە بونیادنان ، لێدوانەوە دانپیانان)…

(دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لێناوەوە بونیادنان ، لێدوانەوە دانپیانان) ، کتێبێکی ٢٧٣ لاپەڕەیی د. سەردار عەزیز و د. بورهان یاسینە کە لە چاپخانەی کارخ لەسلەمانی ساڵی ٢٠١٧ یەکەمین چاپی بەاوکراوەتەوە.
هەردوو نووسەر لە (دەسپێك) ی کتێبەکەیاندا بە ناسینی ناوەڕۆکی کتێبەکەیان ئەڵێن: (بەدەوڵەتی بە مرۆڤی کورد وەك تراژیدیایەکی لێهاتووە. گەلێکی گەورە ، پڕتەوازە، نکۆڵی لێکراو، خیانەت لێکراو بەناو لەهەمان کاتدا " دژ بە خۆیشی". نەبوونی دەوڵەت لە زێر ناوەندی دیپلەماسی و سیاسی و ئەکادیمیدا وەها دەبینرێت وەك ئەوەی کە هەشتا ئەم خەڵکە نەیانتوانیوە بە شێوازی مودێرن ' واتە بە شێوازی دەوڵەت ' خۆیان ێیکبخەن) ل ٧. " دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ".
وەکوو هەردوو نووسەر ئەڵێن ناوەڕۆکی کتێبی ناوبراو بریتیە لە توێژینەوە لە مەسەلەی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و لایەنە جەراوجەرەکانی پەیوەست بەو مەسەلە پڕ لە گرێوە.

سەرەتا و پێش هەر شت ئەوەی زێر سەرنج ادەکەشێت زمان و شێواز و مەنهەجی هەردوو نووسەرە لەم بارەمەیاندا.
ناکۆکی لەوە زۆقتر نیە کە تە لەیی فکریەوە ناسیونالیست بیت ، نووسەر بی ، ئەکادیمیست بیت بەڵام بەزمانێکی سەتحی وکوردیەکی پڕ لەهەڵە و گرێ وگۆ ، شێوازێکی نووسینی نامەنهەجی و دوور لێستاندارد ئەکادیمیەکان ، ئەرگیومێنتی نەگونجاو لەگەڵ جەدەلی فکریدا ، بەیتە ناو بابەتێکی فرە هەند و ئاوکێشی واوە.
ئەم شێوازە لە نووسینی ئەکادیمی زێر سەرنجاکێشە. ئاخر ئەمە یانی چی " سەربەخۆیی پرسیەکە لە پێناومسۆگەرکردنی بوونی مرۆڤی کورد لە دونیادا هاوتا بە مرۆڤکانی دیکە" ل١٣ ؟ یان " لە ئاستیدا زووتر دەرکەوتووە کە چارەسەر لە ڕەگای ئەتەنەمی یا فیدرالی تەنها نیو چارەسەر یا چارەگ چارەسەرە " ل ١٥. ئاخر دەستەواژەی وەکوو " کوردستانی مەزن " ل ٢٢ یا تەکان کردن و هاومانا پیشاندانی هەردوو تەرمی " نەتەوەیی " و " نیشتیمانی " لەکام مەنهەجی ئەکادیمی و

توژینەوەی زانستیدا جێیان ئەبێتەوە؟ بڕواست " ئەدەبیاتی پێتەپی کوردی " ل ٢٩ یانی چی ؟ ئایا دەستانی نووسەر دژن بەهانامانەوە و تیمانگەیەنن کە " خەڵکی کوردستان تا ئێستا نادەوڵەتین " ل ٣٢ یانی چی ؟ .

بە من و بڕگومان بە هەر خوێنەرێکی بەسەلیقەیش مایەی پرسیار و هامانێکی قووڵە: ئایا ئەم دوو دەستەمان جیاوازیی نەوان " کوردستانی " و " کوردی " نازانن بێ وا لەزەر شوێندا هاومانا بەکاریان دەنن یا ئەوان بە تەسویق و قبووڵاندنی بابەتکەیان ئەیانەوێ بیجگەنن بە گوڕدان بە سەلیقەی خوێنەر ؟ " پێکهاتە غەیرە کوردەکان بە دەنیاییەکی زیاترەوە خوازیاری ئەوە دەبن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردی (کوردستانی) دا بژین " ل ١٣٠ (دەقەکانم وەکوو خەی هەناوەتەوە).
نموونەی لەوجارە و بەدرێبەستیی و تەکنێکیی وپێکهاتیی مانهەجیی وەها لەم کتێبەدا زەرن و زەر جار مرۆڤ وا هەست ئەکات کە دەقێکی شیعری یا پەخشان و ئینشایەکی لاواز ئەخوێنێتەوە.

ئەی ناونیشانەك چی؟

ئینسان هەرچی زیاتر لە ناونیشانەکی ئەم کتێبە وورد ئەبێتەوە (ل ١٢٦ ، بە نموونە) هەستەکی غەمناکی قووڵ دایئەگرێت: ئایا بە فیعلی بەدەوڵەتی ئاوا مایەی خۆ بەکەمزانی و سووکایەتیە بە تاکی کورد؟ ئایا کورتکردنەوەی مرۆڤ وەکوو کەینوونیەکی ئاڵۆز لە " شوناسی نەتەوەیی " دا و دەرکردنی ئەو حوکمە قورسە کە " بە شوناسی بە ماڵیەیە ، بە ماڵیەیش لە نەتەوەیەکی جگیر و خاوەن جگاوە دەتکات بە کەمێکی کەچاری ، ئەقڵ نەگرتوو و بریندار و وێ بەدوای ماڵدا " ل ١٢٧ " تاوانێکی مەعریفی " نیە ؟
بڕواستی مایەی پرسیارێکی قووڵە: ئایا ئەو هەنگدانەوەی پژارەیی و سەرلەشێواویی فکریی ئەم برادەرانەیە یان مرۆڤی سەردەم فیعلەن بەو شێوازە تەماشای شوناس ئەکات لەم دنیا جەنجاڵ و فرەهەندەی ئێستادا ؟ من گومانم نیە لەبەوونی هەستەکی لەو جۆرە کە ئەو برادەرانە هەمای پێئەکەن لەناو چینەك لە مرۆڤی کوردستانیدا ، بەڵام ئایا هەرچی واقیعی بوو ڕاستە ؟ هەرچی بوونێکی دەرکیی بوو جێی متمانە و پشتگیریە ؟ ئایا نووسەر و ئەکادیمیست لەو بینینە سادانەوە هەئێستە بە سەماندنی ئەرگیومێنتکانی ؟ ئایا ستراتیجیی سەربەخۆیی و دەوڵەتسازی لەو دەرك و هەستە خامانەوە هەئێستە ؟ ئایا باوەشێنکردنی ئەو خامەشی وپژموردەییە ، وەکوو هەستەکی ناتەندروست ، ڕاستە ؟

بەکورتی و بەکوردی ، تەزی جەوهەریی هەریەك لە دوکتەر بورهان یاسی و دوکتەر سەردار عەزیز لە کتێبی (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان) دا بریتیە لە پێداگیریی ئەوان لەسەریەکخستن و یەکێتیزیی مافی کورد ، ڕیفراندەم وەکوو هەنگاوی یەکەمی سەربەخۆیی ، بەڵاوەخستنی ناکۆکیەکانی ناومافی کورد ، پێداگیری لەسەر ناسیونالیزم و بیری کوردایەتی وەکو ڕێگەی ڕووناک بۆ ئەو ئامانجانە ، تەکمیلکردنی بینای نەتەوە لەناچووی بنیاتنانی دەوڵەتەوە ، بەدەستکرد ناساندنی ووڵاتی عێراق ، و سەرئەنجام وەکوو ترپکی هەمووییان سەرخستنی پرسەی ڕیفراندەم بۆ مەرجەی پارتی هەموو پێکهاتەکان و لایەنەکان بکات بەشەریک لەو پرۆژەیدا و گشت کارتەکان لەدەستی خۆیدا زەوت نەکات.

من لای خۆمەوە هەوڵ ئەدەم کە شیکارییەکی کوورت بخەمە ڕوو لەسەر بەشێك لەو بابەتە جەوهەرییانەی سەرەوە چونکە زەحمەتە بتوانرێت لەووتارێکدا هەموو ئەو ناڕەشنی و تیکەوڵکێیەی لەم کتێبەدا هەیە بخرێتە بەر تیشکی ڕەخنە و ڕەنگ بێت لەبەر زەری ئیشکالیەتی کتێبەکە وەڵامدانەوەیەکی هەمەلایەنەی کتێبەکی سەربەخۆی پێویست بێت. ئەبەتە مەبەستی من ، لێرەدا ، ئەوە نیە کە بانگەواز بە پرۆژەیەکی تر بکەم لەبەرانبەر ئەوەدا بەکوو دەرخستنی کەمیی بیری ناسیونالیستی و نەتەوەپەرستیە بۆ تەفسیرەی کە ئەوان لێرەدا مەترحیان کردووە کە بووە بەچرای ڕەشنکەری باسەکەی ئەوان و لەوەو موفرداتە بنەڕەتیەکانی باسەکەی ئەوان شیبکەموە.

بایخی ئەو مەسەلانە کاتێك زەقتر دەرئەکەون کە بارودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق لەبەرچاوبگرین.
ئێستا سەرتاپای کوردستان بووە بە مەیدانی بەربەرەکانێ و کەشمەکەشەکی هەمەلایەنەی فکری و سیاسی لەنێوان بەرەی بەڵی و بەرەی نەخێر بە ڕیفراندەمەك کە لە ٢٥/ ٩ / ٢٠١٧ بەڕێوەچوو.
لەپرسراوەتیی ئەدەبی و ئەخلاقی و سیاسی داوامان لەئەکات کە بەوردی لایەنە جیاوازەکانی پێوەندیدار بۆ کەشمەکەشە بخەینە بەر باس. ڕەخنەکردنی ئەم کتێبە بەهانە و دەریچەیەکە بە بەرخوردکردنی لەگەڵ زەرەك لەو بابەتانەدا بەتایبەتیش بۆ ڕیوایەتەوە کە ئەو ٢ برادەرە خستویانەتە سەر کاغەز.
لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە ڕەخنەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە سەبارەت بە " بیری ناسیونالیستی " ی کوردی بخەمە ڕوو. ئەوە کارەکە نەك پێویست بەکوو ئەرکەکی ئیستەرمیشە بەنام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە چەکردنەوەی ڕەخنەیە لەسەر ئەو دیدگایەی هەردوو

نووسەر سەبارەت بە مەسەلەی یەفراندەم و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ، بەتەعبیری خودی ئەوان ، کە لەم کتێبەدا خستوویانەتەڕوو و مەگەر تەنها بەناچاری و بە دڵشکردنەوەی سەرنجکان لەسەر هەمان ئەو بابەتانە ، لەڕە و لەوە ، ئاوەکی ڕەخنەگرانەش لە بنەماکانی ناسیونالیزمی کوردی بدەموە.

تێگەیشتن لە هەڕچوون و داچوونکان وداهاتووی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی عەراق کارەکی نیمچە مەحاڵ یا کارەکە زۆر کوورت دەنگەت بەبە لەبەرچاوگرتنی ئەو ژینگەیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە لە عەراقدا وەکوو ئاکامی سیاسەتی ئەمریکا ڕەخساوە بێ.

قەناغی دوای ڕووخانی بەعس بە ناسیونالیزمی کورد لە عەراقدا ، قەناغی ناڕەشنی ، پەرتەوازەیی ، بێئاسەیی ، و شڵەژانە. بەهەی مانەوەی بەعسەوە، پێش ٢٠٠٣ ، هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە عەراقدا لایەکەوە وەکوو هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی عەراقیی و ئامادەترینیان ، لایەن کەمپەگای نەبوودەوەتی و ئەمریکاوە بایەخیان پێئەدرا و لەولاشەوە گشت سیاسەتەکانی خۆیان لەسەرجەم بوارەکاندا لەبەرچاوی خەڵک بەمانەوەی بەعسەوە پاساو ئەدا. ڕووخانی بەعس لەهەردوو ئەو بیانووە بەبەشی کردن. ئیتر ڕەوتی ڕوولەنشەوی بزووتنەوەی کوردایەتی بەردەوام ئەبە و تاهاتووە پایە فکری و سیاسیەکانی وەکوو بزووتنەوەیەکی کەمەایەتی لەناو خەڵکدا لەرزەک و فشڵە دەبن و دەسەاتدارەتیی حکوومەتی هەرێمیش کە نوێنەری سیاسی و تەبلوری حیزبیی ئەو بزووتنەوەیەیە ، ڕسواتر و بەپایەتر ماوەتەوە لەناو خەڵکدا. ئیتر کار گەیشتووە بەشوێنەک کە خەڵک بەچاوی دوژمنی خۆی ئەوانەتە ئەو دەسەاتە و سیمبولەکانی.

بەڕام هەمیشە و بەشوەیەکی میکانیکی ناکرێ دە بوە خۆشکرێ کە گوتاری ناسیونالیستی و هێزە سیاسیەکانی ئەو بزووتنەوەیە تێریک بکەون لەناو خەڵکدا و دووچاری پاشکشە ببن و ئەوە خەبەخە بەمانای بەهێزبوونی ڕەوت و گوتار و بزووتنەوەی نیشتیمانی نایەتەوە. ئەوەی ئێستاش لەکوردستاندا دەیبینین ڕەک وایە: سەرباری کابوونەوەی گوتاری کوردایەتی و ڕووتبوونەوەی هەردوو باڵی تەقلیدیی ئەم بزووتنەوە سیاسیە ، واتە پارتی و یەکێتی ، لەهەر شەرعیەتێکی سیاسی و ئەخلاقی و دەرکەوتنیان وەکوو دوو هێزی تاانکەری سامانی نیشتیمانی ، زۆتکەری دەسەاتی سیاسی ، مشەخۆر و گەندە ، بەدەربەست بە هەر بنەما و پرەنسیپێکی نیشتیمانیی کوردستانی و .. ، تاد ، بەڵام هێشتا ئەو هێزانە ئەتوانن دەسەاتی سیاسیان درێژە پێبدەن ، گوتاری کوردایەتی بەزیندووی ڕاگرن ، مەبەڵایزی خەڵك بکەن

، مانەوری سیاسی ئەنجام بدەن ، هاوپەیمانەتیی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی سازبدەن ...، تاد ، بە ئەوەی بتوانن درێژە بەدەسەڵاتی خۆیان بدەن.
بەکورتی ئاستە کە شعوری گشتی خەڵك لەبەرانبەر ئەم هەڵزانەدا گەلانی زۆری بەخۆوە دیوە و بگرە خەڵك ئەم حیزب و دەسەڵاتە وەکوو هەڵزکی چەوسێنەر و سەرکوتگەر و بێگانە بە ژیان و بەرژەوەندیی خەڵکی تەماشا ئەکات ، بەتام ئەوان هەشتا بواری مانەوری زۆریان لەبەردەمدا ماوە. هەی سەرکیی ئەوە یەك شتە : هەشتا ئەو پاشکۆ و سوابوونەی هەڵزە دەسەڵاتدارکانی کوردایەتی نگەلاوە بە هەڵخڕیەکی هەمەلایەنە و هەشن لە ناسیونالیزم و تووهەڵدانی و سنووربەندیەکی هەشن لەگەیدا تا خاڵی کۆتایی کە بریتیە لە خستنەڕوو و بونیاتنانی فکرێکی سازگاری نیشتیمانیی کوردستانی کە ئامانجی یەکەم و کۆتایی خۆی بە بەرژەاگرتنی شکڵی هاووڵاتی بناسێنێت بەبەدیل و هوئیەی هەشنی سیاسی و فکریەوە. ئەوە گەورەترین بەشایی سیاسی و فکریە لە ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا.

یەکێك لە کۆمەکانی ناسیونالیزم و بیری ناسیونالیستی بریتیە لە معیاری بەرژەوەندی نەتەوەیی (National interest)
کە معیارێکی سەرکیە لە هوانگەی فکری ناسیونالیستیی کلاسیکەوە. بەتام ناسیونالیزمی کورد لە ئەمڕۆدا نەك ئەو بنەمایە ناکات بە قیبلەنمای سیاستکردن و دیاریکردنی هەوەستکانی بەکوو ڕۆژانە لەبازاڕی سیاستدا هەڵاجی ئەکات. یاخود پێکهێنانی سوپای نیشتیمانی کە ناسنامەیەکی تری سیاست و فکری ناسیونالیستیی کلاسیکە بەتام لای ناسیونالیستی کوردی ئەمڕۆ جێی خۆی ئەدا بە میلیشیای پارتزری حیزب و بنەماڵە و بەدەستی ئەنقەست کەسپ دەخاتە سەر ڕێی سەرهەڵدانی وەها دەزگایەك. ئەو ٢ نموونەیە گەرچی لەهواڵەتدا دەرخەری ناکێکیی ناوکین بە دەسەڵاتی ناسیونالیستیی کوردی عێراق بەتام لەهاستیدا نەك ناکێکی بەکوو نیشاندەری ئینحیتات و داتپین و گیانەلاویی فکری ناسیونالیزمن لەم سەردەمدا وئەوە دەرخەری پووچیی ناسیونالیزمی کورد و دەرگیربوونیەتی بە ئەزمەیەکی ماهەوی نەك لادان بێت لە ناسیونالیزم.

دەوڵەت بە نەتەوە یا بە خۆ؟
هەردوو نووسەر پێداگیری لەسەر ئەوە ئەکەن کە دەوڵەتەك کە ئەوان بەرگری لەدروستبونی ئەکەن دەوڵەتکە بە نەتەوە یا دەوڵەتکە بە کورد لەبەرانبەریشدا هەوڵی دەسەڵاتدارەتیی کوردی لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتدایە بە خۆ.

ئەوان ئەمن " ئەمە وەهای دەبینین کە ململانێیەکی سەرەکی لە کوردستان لەسەر ئەوەیە کە دەوڵەت بە کێ بڵێت. لەم بارەیشەوە ئاراستەیەکی ناتەندروست هەیە کە دەخوازێت دەوڵەت بکات بە موڵکی تاکە کەسێک یان کەسانێک، خێزان یان بنەماڵەیەک". ل ٣٤ تەئکیدکان هی ئەوانە.
هەردوو نووسەر لەرەدا تا ئەو ئاستە خۆیان گوشیوە و ئەوپەڕی ئادیکالیزمی خۆیان نواندووە تا بڕێن ئەوان دەوڵەتیان بە خەڵک ئەوەت لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕەسمیی ناسیونالیستیی کورد کە پارتی ئابڕر و خاوەن پرۆژەی " دەوڵەتی کوردیی" ئەمڕۆیە دەوڵەتی بە خەڵک ئەوەت.

لەرەدا سەرباری ناڕوونیی دیدگای هەردوو نووسەر و ئەوەی لەو دیدگایەی ئەواندا بە ئاشکرا سەردەردێنێت دەوڵەتی نەتەوەییە نێک مەدەنی دەوڵەتی هاووڵاتی و ئەوەش ناتوانێت ئەو خەسڵەتەی دەوڵەتی جێ بەوای ئەوان بشارێتەوە کە لەرە و لەوە بنووسن کە " پێویستە دەوڵەت دەوڵەتێی خەڵک بێت". دەستەواژەی " دەوڵەتێی خەڵک " تەعبیرێکی کرچ و کاڵ و سڤیال و نادیارە بۆتایبەتی لەبەرانبەر ئەوەی ئەوان پێی ئەڵێن " دەوڵەتی خەڵ " .
مەعلوومە کە نە " دەوڵەت بە خەڵک " ی ئەمان خەبەخۆ خەسڵەتی بنەڕەتیی ئەو دەوڵەتە نیشان ئەدا و نە " دەوڵەت بە خەڵ " یش کە داویانەتە پاڵ پارتی و بارزانی دەوڵەتێکە بە خودی ماڵبات یا خێزانی بارزانی.
تێزی دەوڵەت بە کە بێت خێی لە خێدا سنوورێکی ئاشکرا دانانێت لەگەڵ خەسڵەتی بنەڕەتیی ئەو دەوڵەتە مەوعودەی ئەوان کە دەیان جار پەداگری لەوە ئەکەن کە دەوڵەتی کوردی ، دەوڵەتە بە مرۆڤی کورد یا دەوڵەتێکی ناسیونالیستیە.

ئەمان لەژێر تەپوتۆزی هەوەست وەرگرتن لەبەرانبەر مەترسیی " دەوڵەت بە خەڵ یان بنەماڵە " و هەنانە ناوەوەی بە مناسەبەی باسی " دەوڵەتی شکستخواردوو" دا ئەیانەوە بەرگری لە مەدەلی دەوڵەتی نەتەوەیی تێپەڕێنن. تەنانەت ئەوان کەشکەیان لەگەڵ سەرانی پارتی ودەستاداریتیی ناسیونالیزمی کورددا لەوەدا کورت ئەکەنەوە کە ئەوان " دەوڵەت بە بنەماڵە و خەڵ " دروست ئەکەن و ئەوەش " ئاراستەیەکی ناتەندروست" ە یا بە قەولی خۆیان " ئەم خواستە یا ئەم تێگەیشتنە دژەنجامی ڕوانگەیەکی سەقەتە لە دونیای کوردیدا ، کە کەسێک خاوەنی بنەماڵە و خەڵ ، هەوە دەدات خاوەنی پرۆژەی ناسیونالیزمی مودێرنیش بێت ، کە دەوڵەتە". ل ٣٤.

سەردار و بورهان ئیانەو کەشە ئاڕاستەکانی ناسیونالیزمی کورد و ناتەباییەکانی داگرن بە ئاستی کەشیەکی سەیرئالۆجیی جیاواز کە کەشی خۆش وبەوجۆرێ خەیان دوور بگرن لە ڕەخنەکردنی ناوەڕۆکی کەشکە کە شتێک نیە جگە لە خودی ناسیونالیزم و ناتوانایی مژووییەکانی ناسیونالیزمی کورد و ناکۆکیە دەروونیەکانی وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و تیارێکی فکری. ئەوان بیریان چەند هەزار کیلۆمەترێك بە ناکات تا چاوێك بدەوەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوودا (هەر بە نموونە) بگەڕن کە هەم سەربەخۆبوونەکەی و هەم مەدلۆل ئابووریەکەی گەشەسەندنی بەئابڕیی خۆ و شەخسەکانی ئەو ووڵاتە بەدەست هاتووە و بەو مانایە ئەوە جەهەری کەشەکە نیە.
پەژموورديی دیدگای هەردوو نووسەر ، شتێك نیە جگە لە ڕەنگدانەوەی واقیعیی پەژموورديی و ووڕەکردنی ئاراستەی هاوبەش لە ڕیزەکانی ناسیونالیزمی کورد لە عەراقدا.
ئەم ناسیونالیزمە ، وەکوو هەزمۆنی سیاسی ، خاوەنی ووتاری هاوبەش و یەکگرتوو نیە، بەبڕیە لە ڕیزی سیاسیی مونسەجیم ، پڕۆژەیەکی چوونیەك وێکدەنگ و هەنگاوی کردەیی هاوبەشی نیە و لەمەدای نزیکیشدا ناتوانێت دەستی بەو دیدگا هاوبەشانە بگات.

هایە و پەی ئەم کتێبە بەیەک بچونی هاوبەشی هەردوو نووسەر تێناوە: پارتی پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی ڤاندووە و لایەنەکانی تر (ئەمان زیاتر مەبەستیان گەلانە) ناکات بەشەریکی خەی لەو پڕۆژەیەدا؟ لای ئەمان (پارتی هەزمۆنە یەکخەری کوردستان نیە بەڵکوو دەخوازێت هەر یەکخستنەك لەژێر سایەی ئەودا بێت و بەوانگەیەکی تەقلیدی فیودالی کە تیایدا کەسی مەسعوود بارزانی و بنەماڵەی بارزانی بە برا گەورە بزانێت). ل ٤٧
ئەم شا تێزەی هەردوو نوسەر چەند سەرنج هەڵئەگرێت:

یەکەم: بەچی هەزمۆنەکانی تری بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد (دیارە لەڕادا زیاتر مەبەست لە چوارچێوەی جوگرافیی کوردستانی عەراقە) سەربەخۆ لە پارتی پڕۆژەی خەیان بە (سەربەخۆیی کوردستان – ئەمە تەعبیری خەیانە) ناخەنە ڕوو و گەر دەسپێشخەریشیان نەکرد بە ئاستا نایکەن تا هەمووان لە خاسیەتە جیاوازەکانی ئەو پڕۆژەیەش تێبگەن؟

دووەم: تا ئاستاش بەڕەسمی هەموو لایەنەکان پاشکۆ و پاشگەزبوونەوەی خەیان لە هەوەستی تا ئاستایان و پابەندبوونی خەیان بە ڕەگەچارەی فیدرالی و شراکەت لەگەڵ عەراقدا

ەانگەیاندووە. بەئەستاشەوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆران چ وەکوو هەڵبژاردنەکی سیاسی و بەرنامەیی و چ وەکوو پراتیك بەتەواوی پابەندن بە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە شیعەکانی عێراق و ئەوە بە بژاردەی سەرەکی خەیان ئەزانن و دەستیان لێی نەشتووە.
هەرچی پارتیە هەوەستەکەی لەناوەڕاکدا لەوان جیا نیە بەڵکوو خوازیاری ئەوەیە کە مالیکی فیدرالیەت و پەیوەندی بەغدا و کوردستان بەتەواوی لەبەردەستی ئەودا بیت و پێی وایە کە جە و شوێنی ئەوان (پارتی) لەبەغدا هاوسەنگ نیە لەگەڵ ئەو جە وشوێنە گەورە و چارەنووسسازەی کە لەناوخۆی هەرەمدا هەیەتی.

سێیەم: هەر لەپەیوەند بە خاڵی پێشووە پارتی لە ئاستی کوردستاندا لەچاو هەموو هێزە سیاسیەکانی تردا بەهرەمەندە لە جگایەکی پتەوتر و لەپێشتر و توانیویەتی هەموو مالیکی ستراتیجیەکانی هەرەمی کوردستان لەژێر چنگی خەیدا کەکاتەوە و لەپرسیەکی ٢٠١٥-٢٠ سالیدا و بەنەخشەی زەر ووردە توانیویەتی پاشکشەی گەورە بەسەر یەکێتی و لەم دواییانەش گەیاندا بسپێنە و لەوەوە وەکوو (مدعی) و سووکان بەدەستی ماشینی (کوردایەتی) جیپێی خۆی مەحکەم بکات و ئەو دوو هێزەی تریش مادام کە هەڵگری هەمان ستراتیجین و بە ئەو ستراتیجیەش نەخشەیەکی تری جیاوازیان نیە ، ناچارن سەرەنجام مل بدەن بە سیاسەتی جگرتن لە پاشکۆی پارتیدا لە ڕاستای هەمان ستراتیجیدا.

یەکێتی ساغبەتەوە بەو ئاراستەیە و زەربەی نیشانەکانیش ئەوە دەخویننەوە کە گەیانیش سەرەنجام دوای هەندێ ژانی لەدایکبوون ببێت بە هێزێکی ڕادیکالی ناو هەمان بزووتنەوە بەو مەرجەی بە پاراستنی ئاوی ڕوو (ماء الوجه) جگەیەکی وای بدرێتێ کە بەشایستەی خۆی ئەزانێت.
ئیتر هیچ بەڵێن و خورتە و گلەییەك لەپارتی ، بە هێزەك یا بە کەسایەتی و لایەنەك کە هەڵگری هەمان ئاس و ستراتیجی و دنیابینی بێت ، (لەڕاشدا بە هەردوو نووسەری بەڕێز) هەڵیکیان نابێت جگە لە گەیانیان بە برغوویەك لە ماشینەکی گەورەتر کە پارتی و بارزانی سووکانەکیان بەدەستە.

هەمیشە کەشمەکەشی نێوان هێزە ناسیونالیستەکان لەسەر شێوازی گەیشتن بەیەك ستراتیجی ئەم پریشکانەی لەکوتتوە. بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەب لە عێراق ، سوریا ، لیبیا ، میسر ، فەلەستین هەمیشە مەیدانەکی گەشکەردن و بەرەوپێشچوونی ، دینامیکیەتە ناوخۆیەکی و ململانێ و جەدەلی ناو ئیزەکانی خۆی بووە. هەمیشە

باڵکی تری ناسیونالیزم و لەوانە لە ڕیزی ناسیونالیزمی کوردیشدا ، ڕادیکاڵتر تەکانی داوە و زەر جاران ئەو ڕادیکاڵیزمە ڕەنگدانەوەی خوێندنەوەیەکی ناواقیعیی تەرازووی هێزەکان و تواناکان و هێزی فاکتەرە دژەکانیش بووە.

پارتی نەك هەر تەحەمووڵی ئەو ڕەخنەگرانەی ڕیزی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کوردی ئەکات بەکوو سوود و کەکیشی لەوەردەگرێت. پارتی هەر ئێستا توانیوێتی بوونی ئەمجارە دەنگ و ڕەنگانەی تەوزیف بکات لەبەرانبەر دەوڵەتی ناوەندی عێراق بە مەحکەمکردنی جێپێی خێی لەبەرانبەر بەوان و بردنەسەرئی سەقفی داخوازیەکانی و ترساندنی بەغدا بە (بعبع) و دەوزەمەی ڕەوتەکی ناسیونالیستیی کوردیی تووندڕەوی وا کە بە بەغدا باشترە بڵێن بەدەنگی داخوازیەکانی پارتیەوە تا ئەو دەوزەمەیەش ئارام بکەنەوە و ئیحتیوای بکەن و بەو جۆرە پەیامە ئەیەوێ بەغدا ناچار بەملدانەوانەدن بکات بە خواستەکانی.
لەناوخێی کوردستانیشدا هەمان شت. پارتی کەکی زەر لە دەنگی نەخۆرەکان و ڕەخنەگرەکانی تری ریزی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد وەرئەگرێت و سەرکوتووبووە لە تەوزیفکردنیان بە مەرامە سیاسیەکانی خێی لەناوخۆشدا.

ستراتیجی پارتی و پلانە سیاسیەکەی بە هەنگاونان لەمەدا ڕووەو ئەو ستراتیجە ، ڕەنگدانەوەی ئاستی گۆشە و تواناکان و هێزی ناسیونالیزمی کوردە لە عێراقدا لەبەرانبەر بوودا ، گەر ڕەخنەگرانی ناو هەمان بزووتنەوە و ستراتیجی سیاسیی لەدەرکەین ، بزووتنەوە و ستراتیج و ڕەوتەکی تر نابینین کە توانیبێتی ململانێیەکی جدی و ڕاستەقینە لەگەڵ پارتیدا بکات.
ئەو کلیلەکی گرنگە بە تێگەیشتن لە ڕیزبەستنی هێزی سیاسی لەکوردستانی عێراق و تێگەیشتن لە جێگەی پارتی لەم قۆناغەدا.

بەشی سێیەم و کۆتایی گفتوگۆی

دەنگەکان لە گۆڤاری عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)

بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تری ئەم چاوپێکەوتنە کلیک لەسەر بەشەکان بکەن لای خوارەوە
بەشی یەکەم:...

بەشی دووەم:...

دەنگەکان :
مارکس لە تەعمیمکدا بۆکنگرەی نۆنتۆیی یەکەم باسی لەسەربۆخەی ئیرلەندا کرد، لینینیش بە هەمان شێوە باس لە هەشیارکردنەوەی نتۆ زۆم لەکراوەکان دەکات بە ئاراستەی سەربۆخەییدا.ئێوە چۆن دەڤانن هەسوکەوتی بزوتنەوەی کەمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا هەر لە حیزبی شوعیییەوە تا دەگاتە کەمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە دیدو تێڤانینیان لە بەرانبەر کەشەی نتۆیی کوردا، وەک کەشەیەکی زیندوو لە ناوچەکەدا؟

عدنان کریم :
لە قۆناغی دامەزراندنیەوە، بناغەی سیاسەتی حیزبی شیوعیی عێراقی لەسەر کەەکەیەک وەستابوو کە بریتی بوو لە کەتایی هەنان بەدەسەاتی نیمچە داگیرکەری بەریتانی لە عێراق و ەووخاندنی حکووومەتی پاشایەتی کە ەەی وەکیلی ئیستیعماری بەریتانی ئەبینی.ئامانجی شیوعیەکان لە عێراقدا لە گشتی ترین ئاستدا بریتی بوو لە بنیاتنانی عێراقێکی نیشتیمانی و دیموکرات و سەربۆخە کە عەدالەتی کەمەایەتی تیایدا سەروەر بێت. واتە عێراقێکی ئازاد و سەرفراز کە ئایدیایەکی نتۆیی یا دینیی نەبێت و عێراق ووەاتی هاونیشتیمانیەکانی بێت. شیوعیەکان لەو قۆناغەدا لەو چوارچیوەیەوە ئەیانوانیە مەسەلەی کورد . بەومانایە مەسەلەی کورد لە دیدگای حیزبی شیوعیەوە بەشێک بوو لە خەباتی گشتی خەڵکی عێراق بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گشتیەی کە باسمان کرد.
لەو قۆناغەدا حیزبی شیوعیی عێراق هەرچۆن ابەری خەباتی جەماوەریی خەڵکی عێراقی ئەکرد تا کەتایی پێنجاکانی سەدەی پێشوو، لە

کوردستانیشدا هەمان پایگای بەهێزی هەبوو و هەمان ئێستاش.

بەڵام بەهۆی تایبەتمەندیی مەسەلەی کوردەوە وەکوو مەسەلەیەکی دیموکراتی و بەتایبەتیش بەهۆی لاوازیی هێزی ناسیونالیستیی عەرەبی لەو قۆناغەی عێراقدا و لاوازیی پێگەی هێزی عروبی و شۆفینیزمی عەرەبی ، جگە لە لاوازیی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد، حیزبی شیوعی لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە مەسەلەی کورد لە چوارچیوەی کەمێک ئیستاحاتی دیموکراتی لە عێراقدا چارەسەر بکات و ئەو سیاسەتە جگەی مەقبووڵیەتی خەڵکی عێراق بوو بەخەڵکی کوردستانیشەوە. یەکێک لەو فاکتەرە بەهێزانەی کە لەقازانجی ئەو سیاسەتە هەئیسووڵا پشتیوانیی جەماوەریی فراوانی خەڵکی عەرەبی عێراق بوو لە ئاواتی خەڵکی کوردستان بە لابردنی کۆتی ستەمی نەتەوەیی لەسەریان. جگە لەوەش هێزەمی پاشایەتیی ئەوکات هێزەمکی ناسیونالیستیی عەرەبی نەبوو.

ئەو هێزەمە بە یەکسان جێی نەفرەت و ناڕەزایەتیی هەردوو میللەتی عەرەب و کوردی عێراق بوو. لەهەمووشی گرنگتر ئەو خاڵەبوو کە ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراق سەنتەر و چەقی قورسایی خەباتی شۆڕشگێڕی جەماوەری و دیموکراتیی خەڵکی هەموو عێراق بوو کە ئەوەش لە قازانجی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بوو لە چوارچێوەی یەکگرتویی و یەکپارچەیی خەباتی دیموکراتیکی هەموو خەڵکی عێراق بەسەماندنی مافە نەتەوەییەکانی کوردەوە.

ئەوەی کە قابیلی ڕەسمیی ئەو هێزەستەی حیزبی شیوعی لەو کاتەدا لەژێر تایتڵی ئەتەنەمی یا مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورددا گەیاند ئەکرا فاکتەر و مەسەلەی سەرەکی نەبوو بەقەدەر ئەوەی کە ستەمی نەتەوەیی لەسەر گەلی کورد لەچوارچێوەی خەباتی سەرتاسەری دیموکراتیکی هەموو خەڵکی عێراقدا بەسەرەنجام بگات و لەجەرگەی ئەو خەباتەدا جێگیر بێت. جگە لەوەش چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەر گەلی کورد لە قۆناغی پاشایەتیدا ، لە ڕاستیدا ، ئەو قابیلە زبر و تووندوتیژ و سەرتاسەریە و ئەو خەسڵەتە میلیتاریەی نەبوو کە لە قۆناغەکانی دواتری کەماریدا هەیبوو. لەچاو هەموو هێزەمکانی دواتردا ، سولتەی مەلەکیی عێراقی لەهەموویان نەرمتر و لیبڕاڵ تر بوو بەڵام بەرچاوگرتنی ئەو فەزای کوشت و بڕەی کە بەتایبەتی لە ١٩٦٣ بەدواوە لەلایەن هێزەمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە لەبەرانبەر گەلی کورددا و گشت گەلی عێراقدا پیادەکرا.

لەڕاستیدا حیزبی شیوعی خەباتی ئەکرد بە بەدیهێنانی عێراقێکی

نیشتیمانی و دیموکراتیک کە جیاوازی نەتەوەیی جگەیەکی لە سیمای ئەو دەوڵەتەدا نەبێت. تا ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ئەوە سیاسەتی ڕەسمیی حیزبی شیوعی بوو سەبارەت بەمەسەلەی کورد و پەموابەت سەرکەوتوانە توانی بانسی ئەو سیاسەتە ڕابگرێت. واتە حیزبی شیوعی توانی هەم ڕەوتی شەفینی عەرەبی زێر لاواز بکات و هەم توانیبووی کە جەوی خەباتی گەلی کورد لەدەستی ناسیونالیستی کورد و نوێنەرە ڕەسمی و تاقانەکەی واتە پارت دیموکراتی کوردستان دەربهێنێت. ئەو سیاسەتە بەدەر لەوەی کە ناوەکەی ئەتەنەمی بوو یا هەر شتێکی تر، خەباتی گەلی کوردی وەکوو میللەتێکی زوەملێکراو کرد بە بەشێک لە خەباتی سەرتاسەریی خەڵکی عەراق بە بەدیهێنانی نیزامێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز کە زەرترین دەسکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بە هەموویان هەبێت لەسایەی جمهوریەتێکی دیموکراتیکدا.

دیارە ئەو سیاسەتە کاریگەریی هەبوو لەسەر هەڵوەستەکانی پارتی وەکوو حیزبی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد. پارتی کە بەهەی بوونی حیزبی شیوعی و ئەو سیاسەتەی پێشووی و پایگایەکی بەهێز کە لەناو کورد و عەرەبی عەراقدا هەیبوو، خاوەنی پایگایەکی ئەوتە نەبوو و زیاتر لە ناو ئیلیتی قەومی و دەربەگ و ڕەشنبیرانی موتوربەکراو بە بیری قەومی و کوردایەتی نفوزی هەبوو . بە خەگونجاندن لەگەڵ ئەو مەددە دیموکرات و چەپەی کە مەسەلەی کوردیشی بەدوای خەیدا ڕاکێشابوو، پارتی چارەکی نەمابوو جگە لەوەی کە ئەویش نمایشی دیموکراتی بوون و بگرە چەپ بوونیش بکات. ئەوە مەدی ئەو ڕەژگارە بوو و حیزبی شیوعیش پەیستی بەوە نەبوو کە دژایەتی پارتی بکات و بگرە پێشی باش بوو پارتیش لە مەوقیعێتێکی لاوازتردە ، گەر لە ژێر زەبری زەمانێشدا بێت ، پەیەوی لەسیاسەتێکی چەپی یا پێشکەوتنخواز بکات . پارتی بە دوانەکەوتن لەو ڕەوتە لە ١٩٥٣دا ڕایگەیاند کە ئەوانیش (سوود لە تیۆریی مارکسیزم – لینینیزم وەرئەگرن بە داشتنی سیاسەتکانیان) .

هەر لەو سەروبەندەدا حیزبی شیوعی ، لە زەمانی سەرکردایەتیی باسمدا (واتە بەهادین نووری) مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەنایە ئاراوە وەکوو چوارچێوەیەکی ئوسوڵی نێک وەکوو بەرنامەیەک بە چاری مەسەلەی کورد لە عەراقدا. ئەوە ٢ هەی هەبو. لەلایەکەوە بە ڕاکێشانی خەباتی خەڵکی کوردستان کە لەپەنجاکانی ئەو سەدەیەدا پەڕەی سەندبوو و لەولاشەوە بە تەریککردنی پارتی و ڕەگری لەوەی کە مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی تەسکی کوردایەتیدا شێتک بدات.

جێی بیرهێنانەوەیە کە لە هەموو مێژووی چەکدان و پێنجاکاندا و بەهەی خۆسەتی کۆنپارێز و ناسیونالیستیی خۆیەوە پارتی نێتوانیوە خەباتی جەماوەریی گەلی کورد وەکوو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورە هاوچەشنی ئەوەی لە بەغدا و جنووبدا ئەبینرا کبخات و ئەوە شیوعیەکان بووون کە ببووون بە سیمبولی خەباتی جەماوەری خەکی کوردستانیش. نموونەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ – ١٩٥٣ و دواتر ١٩٥٦ لە دژی حیلفی بەغدا و بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان لە ١٩٥٣ نموونەی زەقی ئەو ڕاستیەن.

دیارە هەموو ئەوانە دواتر بەسترانەوە بە چارەنووسی حکوومەتی کەماریی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ەوە . لە دوای ٥ ساڵ تەمەنی حکوومەتی کەماریی عەبدولکەریم قاسم ، حیزبی شیوعیی عەراق نێتوانی خۆی ڕاستەوخۆ دەسەات بگرێتە دەست و سەقیەتیەکان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ پێیان ڕاگەیاندن کە ئەوان لەدژی هەنگاوەکی لەوجەرە ئەوەستنەوە ، و نە توانیشیان ئەو سیاسەتانە بکەن بە ەباز و بەرنامەی حکوومەتی عەبدولکەریم . ئەوە کەلەنی کردەوە بە بەهەزبووونی ەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی و بەعسیەکان و بزووتنەوەی قومیە عەرەبیەکان (حرکة القومیین العرب) و هەروەها بەهەزبووونی ناسیونالیزمی کورد و پاشکشە بە بزووتنەوەی جەماوەری و دیموکراتیکی گەلی کورد. ئیتر هەم مەسەلەی کورد و هەم چارەنووسی هەموو ژیانی سیاسیی عەراق کەوتە ناو بەرداشی ەوتەک ناسیونالیستیی عەرەبیی فاشیی و بزووتنەوەیەکی کۆنپارستی کوردی کە بوو بە سووکان بەدەستی مەسەلەی کورد و لەوشەوە مەسەلەکە جەا و بوو بە دەسکەشی دەستەوەردانی ئێران و بەریتانیا و ئەمریکا لە سایەی سیاسەتە کۆنپارستکانی هەموو باەکانی پارتی و بزووتنەوەی کوردایەتیەوە.

هەرچی چارەنووسی حیزبی شیوعیە ئەویش گەانی ێشیی بەسەردا دەت. دوای سەرکوتە خوناویەکانی کەدەتای فاشیستیی ١٩٦٣ی بەعس و قومیە عەرەبیەکان ئیتر ئەم حیزبە هەم تووشی لاوازی و لەدەسدانی پایگا جەماوەریەکەی ئەبەت و هەم ەژ لەدوای ەژ استەوی زیاتر بەسەریدا زاڵ ئەبە تا لە ١٩٧٣ دا و دوای هاتنەوە سەرکاری بەعسیەکان وەکوو سەقیەتی هاوپەیمانیان بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ بەعسدا پەکدەنن و ئەچنە ناو دەسەاتە فاشیەکەی بەعسەوە کە دواتر اودەنرێن و بەعس ئیشی پێیان نامەنەت و دیسانەوە دەدەنەوە پاڵ بزووتنەوە چەکدارییە کۆنپارستکەی مەلا مستەفا .

ئەم ئاوگەانە ئیتر ئەم حیزبە دائبەت لەهەر ناوەک و

سیاسەتکی شۆشگۆانە و لە هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە تا ئێستا هەمیشە حیزبی شیوعی وەکوو هاوکار و دەستی باڵا ڕاستۆو کۆنەپەرستکانی ناو بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد ڕوانیان گۆاوە . ڕووتی ئەو سیاسەتانە ئەمڕۆ گەیاندوونی بەشوێنک کە ئیتر حیزبی ناوبراو لەمەدا هیچ پێوەندیەکی واقیعی بە هیچ لایەنکی خەباتی خەڵکی کوردستانەوە نەماوە چ جای هەوڵی ئەو خەڵکە بۆ چارەکردنی مەسەلەی کورد بەشێوازکی ڕادیکال و شۆشگۆە.

بەڵام کێیسی کۆمۆنیزمی کریکاری زۆر جیاوازە.

ئەم ڕووتە نوێنەرایەتیی هیچ بزووتنەوە و کۆشەکۆشکی سیاسی یا چینایەتی و کۆمەڵایەتی ناکات لەناو هیچ چین و توێژکی خەڵکی عێراق یا کوردستاندا. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەهەناوی هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی کاریگەری کۆمەڵگای کوردستانی عێراقەوە نەهاتۆتە دەر. ئەم ڕووتە درێژەی ڕادیکالبوونەوەی چەپی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشووی کوردستانی عێراقە کە لەدوای ڕاپەڕینی ئێرانەوە بە لێکدانەوەیەکی قووڵ کە جگەی ئیقناعی سادەترین چاودێری سیاسی بێت ئەبە بە پاشکۆی تەیارەکی دابەاوی ناو چەپی ئێران.

ئەو کورتە تایبەتمەندیانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هەمام پێدان کاریگەری هەبوو لەسەر تێڕوانینیان بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراقەدا. ئەم ڕووتە پایگای خۆی بە بزووتنەوەی کرێکاری دیاریکردووە ، بزووتنەوەیەک کە لە کوردستاندا هیچ خاسیەت و بروزکی سەربەخۆ، دیار ، کاریگەر و ڕەشنی نەبووە لە کۆمەڵگەدا.چینی کرێکاری کوردستان ، کە ئەم حیزبە گرۆکی زۆر و قورسی لەسەر کردووە ، لە واقیعەکی زۆر جیاوازتردایە لەچاو ئەو وێنەیەی ئەم حیزبە بۆی کێشاوە. جگە لەوەش خۆ ئەم ڕووتە کە دواتر حیزبی خۆی لە ساڵی ۱۹۹۳ بەدواوە پێکدێنێت، هیچ جۆرە کاریگەری، لێکۆت ، بڕکۆت و جڵەوستکی دیار نیە بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریەوە.

لەبەرانبەردا بزووتنەوەیەکی پانوپۆڕ ، بەهێز، خاوەنی پایگای کۆمەڵایەتی ، زیندوو و کاریگەر هەبووە کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانە بە ڕامایینی دەسەڵاتی ژێرمی بەعسی ئەوکات ودوایی هێنان بە چۆوسانەوەی نەتەوەیی و جینسایدکە لەدژیان پیادەکراوە ، بەڵام حیزبی ناوبراو زۆر بی موبالات ڕوانیویەتیە ئەم بزووتنەوەیە و هەر چاوەڕوانی هەستانی بزووتنەوەی کرێکاریی کردووە. ئەوە بە

بەراورد بە حاڵەتی حیزبی شیوعی لەبەشی یەکەمی وەڵامی هەر ئەم پرسیارەدا جیاوازی تەواوینی ئەم دوو وتە بە خەباتی سیاسی بۆتەواوی نیشان ئەدات. هەبۆتە هەر بە پێی تیۆریی مارکسیزمیش ناکۆکیەک نیە و ئەوە لە کۆمۆنیستەکان حەرام نەکراوە کە لەبەریی بزووتنەوەکان بکەن بە دامەزینەی کاتی ستەمی نەتەوایەتی بەتایبەتیش کە ئەو بزووتنەوەیە ، وەکوو حاڵەتی کوردستانی عێراق ، هەم عادیلانە بووە و هەم زۆر بەتەوژم و گوڕ وتین دەژی هەبووە و پەتانسێلەکی پشکۆتنخوازیشی هەبووە.

لایەنگری و تەنانەت بەشداری یا لەبەرایەتی کردنی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە دامەزینەی کاتی چەوسانەوەی نەتەوەیی شتێکە جیاواز لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی و بە پێچەوانەوە زامنکردنی لەبەرایەتیەکی شۆڕشگێڕانە بە ئەو بزووتنەوەیە پاشکۆ بە ناسیونالیزمی کوردیش ئەکات.

بەڵام کۆشەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوە بووە کە ئەوان لە کۆشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەڵناسن تا شیکردنەوەی دروستی بە بکەن ، خاسیەتەکانی دیاری بکەن ، خەڵک لاواز و بەهێزکانی دەسنیشان بکەن ، بوجەرەی کە بە فیعلی و واقیعی هەیە نێک بوجەرەی ئەوان ئەیانەوە، تا سەرئنجام بتوانن بکەکۆرگرتن لە تیۆری و تاقیکردنەوەکانی مارکسیزم و سیاسەت و هەڵوێستی دروست لەبەرانبەریدا دیاری بکەن. ئەک بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەم وتە کۆمەڵگەی کوردستان بە لابراتۆر و تاقیگەیەک ئەزانن بە پیادەکردنی بیروباوەڕە ئایدیۆلۆجیەکانی خەیان. واتە ئەوان ئەیانەوێت ملی واقیع بەولایەدا بابدەن کە ئایدیۆلۆجیی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئیدیعای ئەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ناسیونالیزم شەرمەزاریە بە بەشەریەت " کە حوکمەکی تیۆریی دروستە، کەوتنە گرتنەبەری سیاسەتێکی پاسیفیستی و نەهلیستی لەبواری مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو مەسەلەی کورد لە عێراقدا. ئاخر ئەوە ناکۆکیەکی زەق بوو کە لەلایەکەوە بانگەشە بە مافی و تەنانەت پێویستیی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بکەیت و لەولاشەوە بە گەلی کورد بڵێیت " کورد زمان " کە نە لەووی زانستیەوە دروستە و نە لەووی سیاسیەوە. ئەوە ترس نەبوو لە خزان بەرەو هەڵوەستگیریی ناسیونالیستیی بەقەدەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی سیاسەتێکی پاسیف و عەدەمی بوو و هەیە.

بەڵام لە دوایدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە ناکرێ مەسەلەی کورد لە

عێراقدا لەم قۆناغەدا هەڵە وەکوو پێنجا ساڵ لەمەوپێش و تەنانەت وەکوو نەوەتەکانی سەدەی پێشوو تەماشا بکرێت. ئەمە مەسەلەی کورد لە عێراقدا کەوتەتە ژێر تەپوتۆزی سیاسەتی مافیایی و چەتەگەریی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە" کوردایەتی " . بزووتنەوەیەک کە دابەش بووە بەسەر سەنگەرەکانی هەزە فاشیەکانی وەکوو تورکیا وسیاسەتی میحوەرسازیی نێوان ئێران و تورکیادا کە جگە لەوەی ٢ قوتبی کۆنەپەرستی ناوچەکەن ، خەشیان بەهەموو شێوەیەک ئاواتەکانی گەلی کورد لە ووڵاتەکانی خەشیاندا لەخەوندا غەرق ئەکەن.

هەژموونی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە بواری مەسەلەی کورددا ، خاسیەتی ئەو مەسەلەیەی بەتەواوی شێواندووە و تەکەڵەی کردووە لەگەڵ سەفەقاتی نەوت و ئیرتیزاقی سیاسی و گەندەڵی و تاڵانچێتی و کڕگرتەیی و هەڵە لەبەرانبەر بەرژەوەندی و چارەنووسی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا ڕایگرتووە. ئیتر جوینەوەی شیعارە کلاسیکیەکان و مەقوولە تیاریە کۆنەکان نەک هیچ هوون ناکۆنەوە لەم بوارەدا بەڵکوو دەنگبەڵ سەرگەژی و تەومژیش دروست بکەن.

دەنگەکان: لە کۆتایدا زۆر سوپاسی کاک عەدنان کەریم دەکەین بۆ تەرخانکردنی ئەو کاتەی، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانماندا.

بەشی دووەم لە چاوپێکەوتنی دەنگەکان لەگەڵ عەدنان کەریم یەکێک لەڕابەرانی پێشووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کوردستانی عێراق

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەمی ئەم چاوپێکەوتنە کلیکی ئێرە بکەن ....

-_____

دەنگەکان: یەکیک لە ئیشکالیەتە دێرینەکانی فکری سیاسی مەسەلەی دیموکراسیە.
سەرتاپای سەدەی بیست قەناغێکی پڕ لە ململانێ بوو بۆ کۆمۆنیزم کە تیایدا هەوڵێکی هەمەلایەنەی دا ئەو بەستەمێنەت کە دیموکراسی، لەناوبچێکدا، سەرخانێکی سیاسیە بۆ دەسەڵاتدارێتیی چینی سەرمایەداری و ئەو کۆمۆنیزمە کە لەبەری بڕپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستیەوە " دیموکراسیی "استقینە " دابیت ئەکات.
بەکورتی پەیوەندیی پڕ لە ئیشکالیەتی کۆمۆنیزم و دیموکراسی چۆن هەڵئەسەنگێنیت؟

عەدنان کەریم :

ئیشکالیەتی کۆمۆنیزم و دیموکراسی، پەیوەندیێکی پڕ لە گرێ و فرێ هەیە کە من هەوڵ ئەدەم چەند لایەنی گرنگیان ، بەڵای خۆم ، باس بکەم. بۆ ئەو مەبەستەش، وەکوو هەمیشە ، ناچارم جاروبار ئاوڕ لە فکری کۆمۆنیزم واتە مارکسیەت وهێروهێا پراتیک و مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بدەمەوە بۆ شایەدیی قسەکانم.
کۆشێکی میتەدۆلۆجیی مارکسیەت ئەوەیە کە وا نیشان ئەدا کۆمۆنیستەکان لەیی تیرێکیانەوە خاوەنی دواین ڕا و دروستترین ڕوانگە و ڕاستترین بۆچوون لەسەر سەرجەم کێشە و ئیشکالیەتە سیاسی و فکرێکانی کۆمەڵگای مەدرینن و سەبارەت بە دیموکراسیش تووشی هەمان دەرد بوون.
باسەرەتا پرسیاری ئەوە بکەین کە : ئایا دیموکراسی کون و کەلەبەری نیە ؟ ڕەخنە هەڵناگرێت ؟ توانیوێتی ناکۆکیێکانی کۆمەڵگای مودرین بەرەو چارەسەر بەرێت یا تووندوتیژتری کردوونەتەوە؟ و چەندین پرسیاری تر .
من لەوەڕامدا ، بەکورتی تەنها ئەوە ئەڵێم کە دیموکراسی تا ئێم ساتەوەختەش نەیتوانیوە کێشکانی کۆمەڵگای مەدرین چارەسەر بکات بەڵکە قووترێانی کردەتەوە و بەئاراستەیێکی نادیار و تەم و مژاویدا بردووونی. بەیە ڕەخنە گرتن لە دیموکراسی لەووی تیرێوە مەیدانێکی بەردەوام و درێژکراوی فکری سیاسیە. بیری سیاسیی هاوچەرخیش پەویستی بە دەستوپەنجە نەرمکردنی هەمیشەیی لەگەڵ ئیشکالیەتکانی دیموکراسیدا. بەڵام گەر مەسەلەکە بە پەیوەند بە بیروباوەڕی مارکسیەوە بەراوورد بکەین ئەگەین بەو ئەنجامەی کە مارکسیەت نەک تەجاوزی ئیشکالیەتکانی دیموکراسیی نەکرد و گرێکوڕکانی نەکردەوە ، نەک نموونەی ئەلتەرناتیڤێکی باڵاتری لە دیموکراسی بەرهەم نەهێنا ، نەک تەزێکی مونسەجیم و مەحکەمی لەو

بواردا دانشت ، و ... تاد، بەکوو لەسی تەماری پ لە ئیستیبدادی سۆسیالیزمەوە ، هەموو بۆچوونێکی مەدرینی کرد بە مگەلەک و ناچاری کردن بەهەموو ستەم و بەدیەکانی سیستەمی سەرمایەداری ەازی بن لە ترسی بوونی سیستەمکی تاتالیتاری سۆسیالیستیی لەو خراپترەوە.
جگە لەوەش ، بەهەی هەچوون و داچوونێ گەورە و گرانەکانی سەدەی بیستەمەوە، و بە تایبەتیش بەهەی شکست و ووردوخاشبوونی سۆسیالیزمەوە ، بەهەموو فەرزنەکانیەوە، تا ئێستای سەدەی بیستویەک ، بەمانایەک ، بریتیە لە سەردەمی ئارایشدانەوەی دونیا لەژێر پەرچەمی خراپترین تراندەکانی دیموکراسی و مەیدانداربوون و هەیمەنەی هەوتە دیموکراسیە ەاستەو و کۆنسەرڤاتیڤەکان.

لەووی تیریەوە ئیشکالیەتی گەورە لەوەوە دەست پێئەکات کە :
یەکەم: سەردەمی حیکایەتە مەزنەکان (السردیات التاریخیة الکبری Grand Narratives) بەسەرچوو. ئەم بارودۆخە نوێیە تەداعیاتی زۆری بەدوای خێدا هێنا کە گرنگترینیان تەشکانی ئەو هەیمەنیە بوو کە مارکسیەت وەکوو مەرجەعی جەمتمانەی فکر و کەشە تیریەکان سەیر بکرێت.
دووەم: هەوتەی کۆنسەرڤاتیڤ و ەاست بوون بە سووکان بەدەستی دیموکراسی لە هەژئاوا.

سیێەم : بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی خاڵی یەکەم ، فکری سیاسی و مرۆڤایەتی بە گشتی نێتوانیوە تاجاوزی قەناغی هەیمەنەی دیموکراسی بکات و دەستی بگات بە سیغەیەکی باڵاتر بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی ناکۆکیەکانی سۆسیالیزمی پشوو گیرسانەوەی لەدوا مەتافدا وەکوو هەوتەکەی تاتالیتار و سوەتەوی کە ەووی خراپترین دەسەاتە دیموکراتیەکانیشی سپی کرد. لەرەوە تا ئێستا ئەوە بچێسپاوی ماوەتەوە کە دیموکراسی بەڵایەکی ناچاریە (اسوأ الشرین) بە دەسەاتدارەتی و خەلک لەگەڵ دەسەاتدا پەیماننامەیەکی مەژووییی ئیمزانەکراویان بەستووە بە قەبووکردنی ئەو هەیمەنیە. بۆچوونێکی مەدرین عەقڵی بە کەموکوڕیەکان و تراندە خراپەکانی دیموکراسی هاوچەرخ ئێشکە و ئەزانێت بەناوی ئەوەوە چیی بەسەرهاتووە و چیی لەدەستداوە.

سەرجەڵ و فایلی کەمەنیزم لەبواری دیموکراسیدا پڕ لە ناکۆکی و پشێلکاری و تەومژ کە یارمەتیدەر بوون و بوون بەماماناک بە لەدایکبوونی قەناغی هەیمەنەی دیموکراسی بە ڤەرزینە ەاستەوانکیەوە. کەمەنیزم لەوبارەوە مسئولیەتی زۆری لەئستیە.

مارکسیەت لەنین و ئاشکرا دژایەتی خۆی لەگەڵ یاندوە لەبەرانبەر پلەرالیزم ، دەستاودەستکردنی دەسەلات ، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکتری و سەربەخۆیان ، میدیای ئازاد، مافە بنەڕەتیەکانی سیاسی و فکریەکان وەکوو مافی دامەزراندنی ڕۆژنامەی سیاسی و پیشەیی ، مافی ڕەخنەکردنی دەسەلات و گۆڕینی هەرکات زەربەی خۆیان خوازیاربوون، و ..... لەبەرئەوەیانی شۆڕشی ئۆکتۆبەروە هەموو ئەو مافانە قەدەغەکران.

مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کە هەر کامەیان بەتاک بگرێت خاوەنی نفوزی جەماوەری زیاتربوون لە بەلشەفیکەکان لەکۆمەڵگەی ڕووسیای ئۆکاتە و گەر دەنگدانەکی ئازادانە سازبکرایە پێکەوە زەربەی ڕۆژهەڵاتناسان ، بەناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە سەرکوتکران و چالاکیان بەتەواوی قەدەغەکرا. تەنانەت لە یەکەمین کۆنگرەی شووراکاندا کە لە نیسانی شۆڕشی شوبات و ئۆکتۆبەردا، لە تەمووز دەبەستڕێت، ئەو ٢ لایەنە زەربەی زەری دەنگەکانی نوێنەرانی شووراکان بەدەست دەنن.
حیزبی بەلشەفی نەک دیموکراسی لە ئاستی گشتی کەملدا قەدەغەی ئەکا و لە گەڵی ئەنجامەت و لەژێر ناوی دیکتاتۆریکی دەوڵەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا هەیمەنەی تۆتالیتاریانە و دیکتاتۆریی حیزبی بەلشەفی بەسەر سەرجەم ووڵاتدا ئەسەپێنێ ، بەکوو بە ڕەسمیەتدان بە هەیمەنەی ڕابەریی حیزب ، ساڵی ١٩١٨ ولە کۆنگرەی دەیەمی حیزبی کۆمۆنیستی بەلشەفیدا ، بە پەی پێشنیارەکی لینین ، مافی پێکهێنانی فراکسیۆن نەک لەناو حیزبدا بەکوو لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیشدا یاساغ و قەدەغە ئەکات. ئەو حیزب بوو کە لە گۆنگرەکانیدا بەیاری ئەدا لەسەر هەموو مەسەلەکانی ووڵات و دواتر بەناوی شووراکانەوە تیئۆڕێنرا و ئەکرا بە بیار. ئیتر دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا جگە لە ڕیتۆریکەکی بیناوەڕەک و درێژەکی مژووویی هیچی تری تیا نامێنێت.
لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە تەوانینەکی پڕۆتیف بخەمەوو سەبارەت بە تێزی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و بەهیچ شێوەیەک ئاشتی بکەمەوە لەگەڵ دیموکراسیدا ، بەکوو کرێکی قسەکەم ئەوەیە کە بەم حیزبی بەلشەفی تەنانەت پێیەوی لەو تێزەی خۆشی (دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا) ناکات ودیکتاتۆریەت ودەسەلاتدارەتیی ڕاستەوخۆی حیزب و مەکتەبی سیاسی ئەکات بە تەنها بەیاردەر و خاوەن دەسەلات لە کایە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگەوە تا بچووکترینیان. ئەو مەکتەب سیاسی بوو کە چاودێریی ڕاستەوخۆی بوارەکانی ئەدەب و هونەر و سینەما و شانۆ و قوتابخانە و ڕۆژنامەی پیشەیەکانی ئەکرد و بەناوی یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان و قوتابیان و لاوان و

ژنانەو دیان ەکخراوی بنیات ئەنا کە مەرجەعی هەمەویان تەنها و تەنها حیزب بوو نەک هیچ ئەرگانێکی هەبژەردراوی تر یا چارنووسی ەەوت و گەشەی ئەو بزووتنەوانە و ەکخراوەکانی بەجبهەەدرەت بە فەنکشینی سەربەخۆ و تەفاعولاتی خۆدی خۆیان.
گەر لە ئاستێکی تریەو تەماری کەمۆنیزم و دیموکراتی چاو لەبکەین باشترین بەگۆنامە بەرنامەی حیزبی بەلشەفیە کە تا ئێم ساتەوەختەش مەرجەعێکی پیرەز و بەجیدالە لە ناو کەمۆنیستەکانی سەرجەم دنیادا.
دەسەەاتدارەتیی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای حکووەەتی شووڕایی دامەزراوە. بنەدی ئەساییی بەرنامەی بەلشەفی کەسەرلەوحەی گشت بەرنامە کەمۆنیستیەکانە ئەەەت : (شووڕاکان هەر خۆیان هەم دەسەەاتی یاسادانان وهەم دەسەەاتی جبەجێکردنیان هەیە – تتمتع المجالس بحق ممارسة كلا السلطتين التشريعية و التنفيذية) .

ئەوەی سەرەو تەزی جەوهەریی مارکسیەت و کەمۆنیزمە سەبارەت بە ماهیەتی دەسەەاتی سیاسی. دژایەتیی ئەو بەرنامەیە لەگەە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراسی و ئازادیدا لەوە بەپەردەترە کە هیچی لەسەر بەێین. ئیتر لەرەوە ناکۆکیی سەرجەم ئەو تەز و باوەەانە ئاشکرا ئەبەت کە ئۆیانەوە ئەوەمان دەرخوارد بدەن گوایە ستالینیەت پەتایەکی نامۆیە بە کەمۆنیزم و لادانە لە ئەسڵی ئازادیخوازیی سۆسیالیستی. ئەوەی لە چین و ەووسیا و بلەکی ئەوروپای ەەژهەەات و ڤێتنام و کوبا و هەموو نموونەکانی تری سۆسیالیزمدا پیادەکرا و بەرهەمهات لە بواری دەسەەاتی سیاسیدا تەرجەمەکردنی حەرفی و دەقاودەقی ئەو تەزە جەوهەریەی مارکسیەتە سەبارەت بە دەسەەاتی سیاسیی سۆسیالیستی و هیچیان بە موو لەو ئەسەە سیاسیە لایان نەداوە. ئەو مەدلەە تەنانەت دواتر دەبەت بە سەرمەشق و نموونەیەک بە پیادەکردنی دیکتاتۆریەت لە زۆر ووەاتی تری جیهانی سێیەمدا لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین کە کەم تا زۆر خۆیان بەهاوپەیمانی ئێم یا ئەو دەوەەت یا بلەکی سۆسیالیستی ناساند وەکوو ئەزمەکانی عەراق و سوریا و ئەسیوبیا ولیبیا و جەزائیر وئەنگەلا و …تاد.
یەکێک لەو تەزە باوانەی کە کەمۆنیستەکانی کوردستان و عەراق سەەهای ساە لە باس و پلمیکەکانی خۆیاندا ئۆیانجوێوە ئەوە بوو کە بوونی دوو حیزب یا ەەکخراوی کەمۆنیست لە ووەاتەکدا ناکۆکیەکە و تەنها ئەبە یەکێکیان هەەگری سیفەتی ەاستەقینەی کەمۆنیزم بن. ئەوە بە کەمۆنیستەکان سەختە کە بوونی دوو حیزبی کەمۆنیست قبوو بکەن و دان بە بوونی یەکتردا بنێن و بتوانن پێکەوە هەبکەن. زۆربەی بزووتنەوە سیاسیەکانی تری وەکوو ناسیونالیزم یا ەەوتە

لیبرال و تەنانەت هەوتە ئیسلامیەکانیش بە قازانجی ئامانجە سیاسیە دوور و هاوبەشەکانیان ئەوە هەزم ئەکەن و هاوسەن لەگەڵ بووەنی چەندین حیزب لەبەستەر و هەناوی یەک بزووتنەوەدا و تەنانەت بە ئامانجی تاکتیکی و سیاسیی قۆناغێک ئامادەی هاوپەیمانی و دەستایەتیی حیزبی هاوچەشنی خۆیان، بەڵام نموونەی پێکەوە هەڵکردن و تەبایی ، چ جای کاری هاوبەش و هاوپەیمانی لە نێوان حیزبە کۆمۆنیستەکانی یەک وواڵاتدا ، زۆر دەگمەنە.

لە زۆربەی وواڵاتانی دنیادا چ ئێستا یا لە مێژووی دوورتریاندا ، چەندین حیزب و هێزی جیاواز بە ناوی کۆمۆنیستی و مارکسی سۆریان هەڵداوە لە یەک وواڵاتدا . ئەو دیاردەیە بەتایبەتی پاش دابەشبوونەکانی ڕیزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە لە نێوان سۆڤیەت و چیندا واقیعێتێکی دیاربوو. هەر ئێستا لە ئێران ، تورکیا ، عێراق ، وولاتانی ئەمریکای لاتینی ، لەهەر وواڵاتێاندا چەندین و لە هەندێکیاندا دەیان هێزی چەپ و جیاواز بە ناوی کۆمۆنیست و سۆسیالیست هەن کە بە یەک یامانج یا ئامانجی نزیک لەیەک تێئەگەشن . ئەوان دژایەتیی خۆیانێکی سەختن لەگەڵ ڕژێمە سەرکوتگەرەکان و " ئیمپریالیزم " و کۆنەپەرستیدا. زۆربەی خاڵ و بەش و بەندەکانی بەرنامەکانیان لەیەک ئاچن یا نزیکن لەیەکەوە یا جیاوازیەکی ڕواڵەتیان هەیە. بەڵام لە هیچ وواڵاتێکدا بەدەگمەنیش نابینرێت کە ئەو هێزانە لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە بۆ درێژەدان بە خەباتی هاوبەشیان لە بەرەیەک ، ئیئتیلافێک ، بلۆکێکی سیاسیستی ، پلاتفۆرمێکی هاوبەش و تەنانەت کاتی و مەرحەلیشدا و بە پاراستنی جیاوازیەکانیانیشەوە ، بەڵکوو ئەستەمە بتوانن پەیوەندیەکی تەندروستی سیاسی دەستانە لە نێوخۆیاندا بنیات بنێن یا تەنانەت کۆبوونەوەی هاوبەش و بیرواگەیەنەوەش لە نێواندا هەبە ، یا بتوانن بگەن بە هێکەوتن لەبواری بابەتی وەکوو ئازادیە سیاسیەکان ، یاسای کار ، یا تەنانەت یەک بابەتی وەکوو خەبات لە دژی ئیعدامدا و خەباتیان پێکەوە گرێ بدەن و نموونەیەکی بچووک لە گیانی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن و قووڵبوونەوەی خەباتی هاوبەش و بەرژەوەندی سیاسی و چینایەتیی هاوبەش بەرهەم بێنن.

ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی کە دەیان و سەدان لاپەڕە هێشکۆنەوە سەبارەت بە سەرکوتگەری ڕژێمە فاشی و دیکتاتۆریە ئیسلامی یا نەتەوەییەکان یا بکرێگیراوی ئیمپریالیزمی جیهانی و شین و شەپۆلێگێڕان بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و پشێلکردنی سادەترین مافی هاووڵاتیان لە وواڵاتەکانیان، لەناو ڕیزەکانی خۆیاندا ، لە کۆشە

ناوخۆییەکانیاندا ، لە شەوازی بەرەوپێبردنی پلمیک و ئیشکالیەتە سیاسی و فکریەکانی ناوخۆی حیزب و بزووتنەوەکەیاندا، کەمترین پابەندی و پێڕەوی کردن لە دیموکراسی و ئازادی و بواری باس و ڕەخنە بە ئەندامان و بەتایبەتی بە کادیری ڕەخنەگر بە بیر و سیاسەت و تاکتیکەکانی خۆیان ئەدەن.

لە مێژووی دوور و ئێستای بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، سەردەمی مارکس ، ئینتەرناسیونالی یەکەم ، ئینتەرناسیونالی دووەم و کۆشە لەگەڵ برینشتاین و کاوتسکی و بلیخانۆف ، قەناغ و کۆشکانی نەوان بەلشەفیزم و مەنشەفیزم، کۆشە خۆناویکانی نەوان باڵەکان کۆمۆنیزم لە بیستەکان سەدەی پێشوو لە سۆڤیەت و قەسابخانەکانی ستالین لە سیبەکاندا کە زەربەی زەری قوربانیکانی نێک سەرمایەداران بەکوو ئابڕانی کۆمۆنیستی وەکوو ئادیک و زینۆفیف و بخارین و بریوبراجینسکی وترتسکی بوون ، لەشستەکانی عێراق و لە سەروبەندی تەقینەوەی کۆشکانی لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقدا ، لە کۆشکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەردەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئێستگا بەردەوامەکانی تا ئێستای لە ئیزی حیکمەتیستەکان و ... تاد ، ئەوەی غایب بووە تەنها باسی ئازادانەی فکری و پلمیکی ڕۆشن و شەفافی سیاسی و شەوازی دیموکراتیکی بینەوە و میکانیزمی مودرین و باڵای ئینسانی وەفزای ئازادانەی ئیختیاری سیاسی بوو. هیچێک لەو کۆشمەکۆشە و جیابوونەوانە کە تەمەنیان ڕێک هەندەی تەمەنی مارکسیەتە و لەگەڵ ئەویشدا هەر تەمەندرێژ ئەبن ، لە فەزای هاویەیانە ولەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ئەو بزووتنەوە کرێکاریەی کە هەر یەکەیان بەتەنیا خۆی بە نوێنەری بەئەملا و ئەولا و تاقانەی ئەزانێت ، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی سیاسیی چینایەتی ، ڕەخنەی زاتی و چاوخشاندنەوە بە هەڵە و کەموکوڕیەکانی خۆدا، لەبەرچاوگرتنی ئیحتیمالی یەک لەسەرسەدی گرتنەبەری شەواز و هەڵوێستی هەڵە لەلایەن خودی هەر لایەنەوە و پێویستی چاخشاندنەوە پیاندا، لەبەرچاوگرتنی سوودمەندبوونی نیارانی هاوبەشی بزوتنەوە و ڕێکخراوەکانیان و ... تاد ، و هیچیک لەو پوانە حسابێکی بە نەکراوە و تەنیا گیانسەختی و سوربوون لەسەر ڕەوابوونی ئەم لەبەرانبەر ئەوی تر و پچڕوانەکەی بووە بە مانهەجی پێڕەوکراو. جگە تەماشانی قووڵ کە لەهەموو ئەو جیابوونەوانەی مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا ، هیچیکیان دوای دیان ساڵیش بە یەکگرتنەوە و پێکهاتنەوە کۆتاییان نەهاتووە بەکوو ئینشیقاقی دواتر و دواتر ئەوانەی پشتری لەبیربردۆتەوە. لە مێژووی هەموو ئینشیقاقەکانی ئەم بزووتنەوەیدا یەک نموونەش بەرچاو ناکەوێت کە

دواتر هەردوو لایەنی جیاوەبوو بە پاراستنی جیاوازیەکانیانەوە ، و سەرباری پەداگرتن لەسەر ئای هاوبەش یا چوونیەک لە بواری بەرنامە و تاکتیکدا، لە کارێکی هاوبەشی سیاسی یا بوارێکی خەباتی سیاسیی هەمان ووڵاتدا لایەک نزیک ببنەوە.

ڕەگی هاوبەشی نێوان ئەو هەموو مژوولە لە بواری فکر و پراتیکدا یەک شتە: مارکسیزم و کۆمۆنیزم ڕووتکە بە دەستەاتی ڕەها ودەسبەسەراگرتنی حیزبی کۆمۆنیست بەسەر کۆمەڵگەدا تێئکۆشت وباقی بریق و باقە تیەری و سیاسیەکان سەبارەت بە چینی کرێکار ولەڕیشەدەرهێنانی ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی و دابینکردنی کۆمەڵگای پێ لە ئازادی و خۆشبەختی و هەموو نەعلەتکانی لە سەرمایەداری ڕەی شاردنەوەی ئەو ماهیەتە ستەمگرانیە ئەگەڵن. ئەو دەسبەسەراگرتنە و ئیحتیوای کۆمەڵگە لەلایەن حیزبەوە بەمەبەستی بەرجەستەکردنەوەی بەها و ئایدیا ئایدیاڵەکانی مارکسیزم و کردنی کۆمەڵگە بە لابراتۆری سەماندنی ڕاستیی مارکسیزم ، بەتبیعەت ، ئەو بیروباوەڕە ئەخاتە خاڵی بەرانبەر و جیگەیەکی ناکۆک لەگەڵ بنەماکانی ئازادی و دیموکراسیدا. لەمارکسیزمدا شتێک شک نابەین بەناوی دەستاودەستکردنی دەسەاتەوە. دەسەات یەک جار و بەهەتا هەتایە ئەکەوێتە دەست حیزبی کۆمۆنیستەوە و ئیتر کۆشەی دەسەاتی سیاسی بە یەکجاری ئەپەچڕێتەوە. نیزامی سۆسیالیستی یانی نیزامی تاک حیزبی. ئیتر شوێنێک نامێنێتەوە بە ئۆپۆزیسیۆن و چالاکیی سیاسیی تر جگە لە چالاکی و خەبەرجەستەکردن لە چوارچێوەی حیزبدا وەکوو تەنها کیانی سیاسیی شەرعی.
کۆشەی دان نەنان بە جیاوازی و فرەیی ، فرەجەمسەری و فرەهەندی لە بواری فکرو تیەریدا، کۆشەیەکی دێرینی مارکسیزمە کە قەناغ بە قەناغ لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی.

چاک لە بیرمە کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا لە باس و جدالە فکریەکانی ئەوکاتی بزووتنەوەی چەپ لەکوردستاندا کە ئەوکات ماویزم وەکوو ڕەوتێکی ڕەخنەگر لە سۆڤیەت و حیزبەکانی پرەمسکۆ ئایدیەلۆجی زاڵی ناو بزووتنەوەکە بوو، تێزێک لە چینەوە بۆهاوبەوە کە لە ڕستەیەکدا کورتکرابەوە. دەقی تێزەکە بەمجۆرە بوو: (با سەدان گوڵ بگۆشنەوە و سەدان ڕەوتی فکری بێنە مەیدانی ململانێ – دع مئة زهرة تتفتح و مئة مدرسة فكرية تتبارى). بۆهاوبوونەوەی ئەو تێزە هەلایەکی زێری لەناو مارکسیەکانی ئەوسای کوردستاندا نایەوە. هەموو چالاکوانانی مارکسیی ئەو سەردەمە پەمان وابوو کە ئەوە تێز و بۆچوونێکی نامارکسی و بگرە دژەمارکسیە. ئەوکات هەشتا ڕەشن نەبوو

کە خاوەنی ئەو تەزە خودی ماوتسی تەنگ یان نا و هەوانگەی گشتیمان وابوو گەر ماو وای ووتبێت هەڵبەکی ناشیاوی گەورەی کردووە. دواتر دەرکەوت کە ئەو بڕشکە لە هەوەڵکی فراوانتری دینگ سیاو پینگ کە سەرکردەی باڵی ڕیفۆرمیستی حیزبی کۆمۆنیستی چین بوو لەبەرانبەر گرووپی چوار کەسیی هاوبەری حیزبدا کە نوێنەرایەتیی باڵی دژە ڕیفۆرم و سوونەتیی ناو حیزبیان ئەکرد. سەیر لەوەدا بوو کە چەپ بزووتنەوەیەکی ساوای بەهەزی کەمەگەی ئەوکات بوو کە لەووەتەکدا خەریکی دەسپێکردنی خەباتی سیاسی بوو کە هەندەی کونەدەرزیەک ئازادیی سیاسیی تیا بەدی نەئەکرا کەچی هەر لەوقۆناغە سەرەتاییەوە چالاکوانانی هەگبری تەندەکی هەندە دەسەاتخواز و پاوانخواز و دژ بە فرەیی و چەند جەمسەری بوون لەناو کەمەگە و ناوخەی بزووتنەوەکەشیاندا.

نزیکایەتیەکی زەر هەیە لە تەروانینی ئیسلامیەکان و کۆمۆنیستەکاندا سەبارەت بە هاوینیان بە دیموکراتیەت و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەی بەمبەستی گرتنەدەستی دەسەاتی سیاسی لەلایەن خەیانەوە. بیری سیاسیی ئەو دوو بزووتنەوەیە پەە لە پیداگری و داواکردنی مافە دیموکراتیەکان کاتێک لە ئەپەزیسیەندان. هەمیشە هەردوولا بەدروست پشەلکاریەکان لەو بوارەدا هسوا ئەکەن و هاڕیمە سیاسیە نەیارەکانیان بەوە تاوانبار ئەکەن کە هەگە بە بواری یەکسان و ئازادانە بە حیزبەکانی ئەوان نادەن و ئەوان قوربانیی نەبوونی دیموکراسی و فەزای ئازادانەی هەسووانی سیاسین. بەام چونکە دیموکراسی لە هاوانگەی ئەو دوو هەزەوە ئامرازێکە بە گەیشتن بەدەسەات یا بوارێکە بە فراوانکردنەوەی نفوزی خەیان ، لەگەە هاتنەسەرکاریاندا یەکەمین بەیارەکانیان قەدەغەکردن و سەرکوتکردنی ئازادیەکان و مافەدیموکراتیەکانە. علی بلحاج ، یەکیک لە هابەرانی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی لە جەزائیر لە سەروبەندی هەبژاردنە مەژوویەکەی ساڵی ١٩٩٤ ی ئەو ووەتەدا کاتێک کە دنیابەوە لە سەرکەوتنیان ، هاشکاوانە ووتی " ئەمە دواهەمین هەبژاردن ئەبەت لە جەزائیردا " . لەگەە هاتنەسەرکاری حیزبە کۆمۆنیستەکانیش لەهەموو ووەاتانی بلۆکی سۆسیالیست جاراندا، بە هەتا هەتایە فایلی هەبژاردن پەچرایەوە و ئیتر شین و شپەی کۆمۆنیستەکانیش سەبارەت بە دیموکراسی وپەداگری لەسەر ئەو مافە و قووکردنەوەی هەمیشەیی وکوو داخوازیەکی سەرەکیی قۆناغی پێش گرتنەدەستی دەسەات لەلایەن ئەوانەوە ، کۆتایی دەت. ئیتر دیموکراسی لە هاوانگەی ئەوانەوە خەری خەی دایەوە و ئەوان بەڕامی خەیان گەیشتن.
ئەو ناکۆکیە لە کۆتایی سەدەی بیستدا ئەقەتەوە و فشارەکی

ووخنەر لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و مارکسیزم دروست ئەکات کە لەهەمان کاتدا ئەبێت بە دوافرسەت و هەلی واقیعی بۆ ئەو بزووتنەوە و تیۆریە و بە لایەنگرانی گەر بیانهەوێت جگەیەکیان لە سەدەی بیستویەکدا هەبێت.
سەدەی بیست ، لەڕاستیدا ، بریتی بوو لە قۆناغی ڕەخسانی فرسەتە یەک لەدوای یەککان بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە گشت جیهاندا. وەرچەرخانە گەورەکانی ١٩١٧، بیستەکانی سەدەی پێشوو، کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم ، دامەزرانی بلۆکی سۆسیالیستی ، سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کە ئیلهامیان لە سۆسیالیزمی جیهانی وەرئەگرت ، سەرکەوتنی شۆڕشی چین بەڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست و سەرهەڵدانی بلۆکێکی گەورەی تری سۆسیالیزم لە ئاسیا ... تاد، فرسەتی مێژویی دەگمەن و مێژووساز بوون بۆ کۆمۆنیزم تا ڕاستیی ڕیتەریکەکانی خەی بسەلمێنێت سەبارەت بە قۆناغی گوزار لە دیموکراسیی " بورجوازی " ، بەرپاکردنی دنیای پێ لە خۆشگوزەرانیی ئابووری و بژێو، دنیایەک کە بە فیعلی ئینسان خەی دەستاداری خەی بێت ، دنیایەک کە قووڕپ بدات لە ئاشتی و ئاوەدانی و ڕیفاه و... ، تاد . زەربەی بەشەریەتی ئازادیخواز لەسەرتاسەری جیهاندا نەک چاوی ئومێدیان بەیە سۆسیالیزم ، بەڵکوو بەکردەوە چارەنووسی خەیان سپارد بەو بزووتنەوەیە و بوون بە لەشکری گۆڕایێ و پێڕەوکەر لە پلاتفۆرمی کۆمۆنیزم. بەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەک هەر نەیتوانی ئەو خەونە بکات بە حەقیقەتێکی مادی بەرجەستە بکات بەڵکوو هەموو ئەو ئاوات و ئامانج و خەونە مێژوویانەی کرد بە پێژە بە بەرپاکردنی سیستمێکی تۆتالیتار کە نە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و نە لەبواری مەدەلی نیزامی سیاسیدا نەک تاجاوزی جیهانی کاپیتالیزمی نەکرد بەڵکوو بوو بە دەمزی پاشکۆیەک لە مێژوودا کە ساڵەهای ساڵی ئەوێت تا قەرەبوو بکرێتەوە.

درێژەی هەیە .....

چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان کەریم

یەکێک لە ئابرانی پێشووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کوردستانی عێراق

- کۆمۆنیزم؛ ئایدیۆلۆجی و دۆگما یا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی؟
- هەکارە فیکریی و سیاسییەکانی بنبەست و پاشکۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا.

عەدنان کەریم(یا ئەحمەد موعین) پێشتر یەکێک بوو لە ئابرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا. عدنان یەکێکە لە کادیرە ناسراوەکانی قۆناغە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی چەپ لە کوردستاندا. وەک ئەندامێکی گەنجیی ئەو لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، یەکێک بوو لە کادیرە چالاکەکانی ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوکات بوو. سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەکەی لە یەکێتیی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە نزیک بوون و دوو برایشی لە ریزەکانی(ی.ن.ک) دا گیانیان لەدەست داوە کەچیی چەندین جار لەلایەن قیادەی باڵای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە، هەوڵی لەناوبردنی دراوە و و ساڵانێکی زۆر سەرباری ئەوەی لەلایەن ژمێمی فاشیی بەعسەوە وەکوو زیندانیێکی سیاسی دووبارە لەدەستگرتنی دەزگاکانی ژیم هەڕهاتووە بەڵام لەهەمان کاتدا تووشی ئازار و گرتن بۆتەوە لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە بەهۆی چالاکیی سیاسی و هەڵسوڕانیەوە، تا کار گەیشت بەوەی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (دەهاتەکانی کوردستان)ەوە بگەڕێتەوە بە ژێر دەسەڵاتی بەعس و بە مەخفیی(خەڵکشاردان) بە ماوەی ١٠ ساڵ دەژێ بە ژیانی سیاسیی بدات و لە تەرەی یەکێتیی دوور بکەوێتەوە.

لە ئایدیۆلۆژیای ئامانیدا هاتووە" ژیان، بەهای ئاگایینەوە، ڕەنگڕێژ ناکرێ، بەڵکو ئاگایی بەهای ژیانەوە، ڕەنگڕێژ دەکرێ..." ئەم بۆچوونە، وەک ئەدەبیی، ئێتیکیی و بگرە کۆمەڵایەتییەکیشی، زۆر واقیعییەتی سیاسیی، فەرهەنگیی و کولتووریی تێدایە، بەڵام چادرێکی گەورەی ئایدیۆلۆژییشی بەسەرەوەیە.
ئایدیۆلۆژیا لە دیدی مارکسیزمەوە، هەنگدانەوەی بەرژەوەندی و دیدگای چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگەیە. لەرشەوە، چینی چەوساوە

و چۆسڵنەر، مەغز و ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیانەی مارکسیزم لەسەر تەواوی کۆشکانی جیهان، بەیان دەکرێت. عەدنان کەریم، وەکو کەسێک کە تەجاوزی عوقدەی ئایدیۆلۆژیی و عوقدەی سیاسییەکانی ئەو دونیا ئایدیۆلۆژییە ئەبستراکتەی سیاستی کردووە، بە بەرچاوڕۆشنییشەوە، ڕەخنە لەو جۆرە ئایدیۆلۆژییە فەندەمێنتالیستییانە دەگرێ کە هێشتا پێیانوایە، کۆشە سیاسیی و ئابووریەکانی جیهان، بە چرای ئایدیۆلۆژیی چینایەتیی، چارەسەر دەبن.
لە هەموو مڕوویکەن و نوێی چەپدا بگۆڕیت، لەناو حیزبی شیوعیی عێراقییەوە بە کەمەنیزمی کرێکاریی و بە چەپەکانی ئەم سەردەمە، زۆر بە دەگمەن کادیرێک، ڕابەرێکیان دەبینیت کە وازی لە ئایدیۆلۆژیای ئەو حیزب و گرووپانە هێنابێت و بە جورئەتەوە ڕەخنە لەو دیدە دەگمایییەی سیاست بگرێ. زۆربەی ئەوانەی لە دەخی ڕەخنەکردنی فیکرییدا بوون، وردە وردە سەری خۆیان کز کرد و لە پەناوە دانیشتن، تا مەرگیش بردنیەوە، بچووکترین ڕەخنەی جدیی و ریشەییان لە ڕابردووی فیکریی و سیاسیی خۆیان نەبوو. عەدنان کەریم، بە نووسین، بە کردار و بە ئاشکرا، بەچوونەکانی خۆی بەیان دەکات کە بەچی دەسبەرداری کەمەنیزم بووە و بەچی ئەم ئایدیۆلۆژیایەی وەکو پرەنسیپێکی سیاسیی، چیتر قبوڵ نییە. وەای ئەو وازهێنانەیشی لە فیکر و ئایدیۆلۆژیای کەمەنیزم، ئەو هێشتا خۆی بە چالاکوانێکی سیاسی دەزانێت کە لایەنگری داوکارییە ڕەواکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و نەیاری سەرمایەداریە وەکو سیستەمێکی سیاسیی و ئابووریی زاڵ بەسەر دونیاوە.

بە ڕوونکردنەوە وراڤکردنی بەچوون و تێوانینی عەدنان کەریم لەسەر کەمەنیزم، مارکسیزم و بزوتنەوەی چەپ لە کوردستان، ئەم پرسیارانەم ئاراستەی کرد و وەڵامی داینەوە.

_____

لێرەدا بە خوێنەرانی بەڕێز ڕادەگەیەنین هەرکەسێک پرسیاری هەیە لە چوار چێوەی ئەم باسەدا، دەتوانێت لە ڕێی دەنگکانەوە ئاراستەی کاک عەدنانی بکەین بۆ وەڵامدانەوە، دیارە کاک عەدنان لە کاتییدا ئازادە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە یان وەڵامنەدانەوەی. دوا ڕۆژی وەرگرتنی پرسیارەکان کاتایی مانگی یازدەیە. (دەنگکان)

-_____

دەنگکان :
یەکێک لەو سکەلارە ڕەخنەگرانەی کە ئایدیۆلۆژیا دەداتە بەر ڕەخنە و

لە دونیای هاوچەرخدایە و لەژیاندا ماوە، مایکڵ فریدن (Freeden)ە. ئەو پێیوایە کە ڕەخنەی هاوچەرخ لە ئایدیۆلۆژیا دەبە لەو تراديسیۆنە باوە کە ستاتۆکەی سیستەمکانی باوەڕگەریی(belief systems)ە، بەهێزتە دەرەوە. هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەمانتیکی(مەعناسیی= semantic) مودێرن، بە چەمکی ئایدیۆلۆژیا، ڕەگ وەکو زمانە. بە واتایەکی تر، چۆن زمان گۆشە دەکات، ئایدیۆلۆژیاش گۆشە دەکات؟
ئایا پێتوایە هەژموونی ئایدیۆلۆژیای کەمۆنیزم لە داکشان و هەڵسانەوەکانیدا، لە کوردستان و ناوچەکەدا، بە پێزەتیڤ یان نێگەتیڤ، شکاوەتەوە؟

عدنان کریم :
ئایدیۆلۆجیا خۆی بریتییە لە سیستەمکی شێتکدراو لە بیروبۆچوون سەبارەت بە دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگە واتە هەموو گەردوون. تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیا لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە بە سەلماندنی راستیی بیروبۆچونەکانی سیستەمکەی پێویستی بە ئیستیدلالی زانستی نیە یا بەمانایەکی تر ئەوە بە پێویست نازانێت کە بۆئیستیعارەی بەڵگە لە بوارێکی تری زانست ، ڕاستیی چەمکەکان و میتۆدی بیروباوەڕەکەی بقبووڵێنێت یا خود بسەلمێنێت. ئەوە تەنها خەسڵەتی مارکسیزم نیە وەکو ئایدیۆلۆجیای کەمۆنیزم بەگشتی سیمای هاوبەشی گشت هێزە ئایدیۆلۆجیەکانە. مارکسیزم گەر تایبەتمەندیەکی هەبێت لەوبوارەدا ئەوەیە کە ئەو پێتایەی گیاندە چەپەپە و بەتایبەتی لەسەردەمی لینین بەدواوە سواری سەری مارکسیزم دەبێت و ئیتر لێگیانی دەخات.

گەورەترین وهەم ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیا بە بونەکی سەربەخۆ بزانین وئەوە لە سایەی لیبرالترین سیستمی سیاسیشدا هەر وەهمە. جگە لەوەش هەر لەوکاتەدا کە هێزە ئایدیۆلۆجیەکان ئەبەن بە پیگە بە بەهێزبونی هێزە سیاسیەکان بەڵام هەر هێزەتیکی ئایدیۆلۆجیش بەپێی نزیکایەتی و تەبایی لەگەڵ سیستەمە سیاسیەکاندا بواری لەبارتری بە گۆشە و هەڵدان بە دەزگەخسەنرە یا بە پێچەوانەوە. لەسایەی ژیمە دیموکراتی و پەرلەمانیەکاندا بواری زیاتر بە فکری لیبرالی دەزگەخسەنرە و تەنگەبەری زیاتر بە فکری سۆسیالیستی پێکدێت و بەپێچەوانەشەوە لە ژیمە سۆسیالیستەکاندا جگە لە مارکسیزم هەموو هێزە ئایدیۆلۆجیەکانی تر نەک تەنها تەنگەبەر بەکو قەدەغە ئەکرێن و تەنها مارکسیزم وەکوو ئایدیۆلۆجیی ڕەسمی ئەناسرێت.

پوختەی قسەکەم ئەوەیە کە ئەو خەباوەیی توان دووە چاوەڕوانی

ئەو بکەین کە بە ناسینی ماهیەتی دیاردەکان (سیاسی ، فکری، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، کەلتووری و .. تاد) هێزە ئایدیۆلۆجیەکان بەشێوازێکی سەربەخۆ یارمەتیمان بدەن. بۆنمونە لیبرالیزم کە ئێستاشی پیوەبێت یەکێکە لە بەهێزترین و بانفووزترین هێزە فکریەکانی دنیا ، نەک سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی زاڵی سەرمایەداریی وەکوو خۆی پیناسە نەکرد بەڵکو هێزی کاریگەری بینی لە شاردنەوەی تایبەتمەندیەکان و جەوهەری ئەو سیستمە و ڕازاندنەوەی لەژێر ناوی ئازادی و یەکسانیی حقوقیدا. مارکسیزمیش لەبەرانبەردا ێیک هەمان هێزی گرتا و بگرە زۆر زیاتریش لە لیبرالیزم واوتر چو لە شاردنەوەی ماهیەتی سیالیزم وەکوو سیستمێک کە نە هەژاری لەناوبرد و نەیەکسانیی بەرهەم هێنا و نەئازادیشی کرد بەدیاریی بە پرۆلیتاریا (کە ئەوانە تەزی ماهوێی مارکسیزم بوون) و بەپێچەوانەی هەموو ئیدیعا ئایدیۆلۆجیەکانیەوە تەتالیتاریانیزمی کرد بە سیستمی زاڵ بەسەر نزیکەی نیوەی جیهان و دانیشتوانی گەی زەوی. لەڕدا چی خەیاتی ئەو ڕاستیە نەشارینەوە کە تەجروبەی تاڵی سۆسیالیزم بەهەمو مەیلەکانیەوە، زۆرترین خزمەتی بە سەرمایەداری کرد و تەماری هێشی ئەو مەڵبەندە جیاوازانەی سۆسیالیزم و شکستی سەرتاسەریی هەر هەمویان ، بو بە هۆکارێک بە ئەوەی بەشەریەت بەناچاری هەموو ناعەدالەتیەکانی سەرمایەداری بە دەورانێکی دریژ قبووڵ بکات چونکە ئەلتەرناتیفێک کە لە جێی ئەو دامەزرا بەشێکی زۆری ماف و دەسکەوتەکانی ئینسانی لەسایەی هەمان سەرمایەداریدا کردە سەرەمی هەرشی خۆی و دانیشتوانی وڵاتانی سۆسیالیستی ناچارکرابوون کە نەک تەنیا خۆو ببینن بەو ژیانەوە کە کرێکاران لە ئەمریکا و ئەورووپای سەرمایەداری لێی بەهرەمەندن بەڵکو ژیانی خەیان بخەنە بەر مەترسیی زۆر گەورە و بە شێوەل بەسەر کەسپەکانی وەکوو دیواری بەرلیندا بپەێنەوە بە دنیای بەناو " سەرفرازی و خۆشگوزەران " .ئەوە باشترین خزمەت بوو کە سۆسیالیزم بە سەرمایەداریی کرد و بە قەناغێکی نادیار صەکی شەرعیەت ومانەوەی بەخشی بەو نیزامە.

گەر ئایدیۆلۆجیا بەوندەش ڕازی بوایە کە تەنها وێنەی شتەکان و دیاردەکان بکەشت بەڵام ئەو مافی بەئەمە جە بهەشتایە کە بەخەمان حوکم بدەین و ئەنجامگیری عەمەڵیی خەمان بکەین ، شتێکی تر بو بەڵام کاتێک کە ئایدیۆلۆجیا سەرەتا وێنەیکی لێ وگومانکراوی شتەکان ئەکەشت و حوکمی خۆشی لەسەریان دەرکردوە، ئیتر تەنها بوارێک بە ئەمە بمەنتەوە ئەوەیە کە ئەو حوکمانە وەکو تەزی پیرەزی زانستی قەبوو بکەین. ئەرکی ئیستیدلال لای مارکسیزم (بە

نمونە) ، کە ئەو پەتا ئایدیالۆجیە دگەیەنتە چەپەپە ، ئەو نیە کە ئاستیی حوکمەکە شەون وکەو وبکات وبیگەڕێت بە بابەتی گفتوکە بکەوو ئیستیدلال لە مەنهەجی مارکسیەتدا ئەرکەکەی سەماندن یا پسەماندن یا قبولاندنی ئەحکامە جگیرکانی خەیەتی. لەم حالەتەوە سنوورەک لە نەوان وەهم و زانستدا نامەنتەوە و ئیتر فەرزیاتی زیهنی جێی مەعریفە و مەنهەجی زانستی دگرەتەوە.

ئایدیالۆجیا تەنها کەکراوەی کەمەکێک میتەد و ئامراز و ئاسای بەلایەن نیە بکەوو لای هەمو ئەوتەکەی فکری لە پشتی هەمو ئواتەکانیەوە هەوەک هەیە بە پاپەوانانی ئەوتی ئەوداوکان و دیاردەکان بە ئاراستەیەکی سیاسی و کەمەلایەتیی دیاریکراودا کە خزمەت بە هەزی کەمەلایەتی و سیاسیی زەر دیاریکراو ئەکەن.

لای کەمۆنیستەکان ئەوە بەاوتەوە کە مارکسیزم ، وەکو تیەریی بزووتنەوەی کەمۆنیستی، تاکە سەرچاوەی حەقیقەت و مەعریفە و زانستە، سەرەتا و کۆتایی عەقڵ و بۆپیە تەنها کلیل و کەدی ناسینی هەموو دیاردەکانی سروشت و کەمەگای بشەری لای کەمۆنیستەکان هەیە. لای ئەوان ئەواترین کار کە ئەخنە لە هەر تەز و ئایدیا و باوەڕێک بگیرەت وەیا چەسپی نازانستی بوون بدرەت لە تەوەی گشت بیروباوەڕە نامارکسیەکان و هەمو بیروباوەڕ و تیەریە سیاسی و ئایدیالۆجیەکانی تر بکرەن بە مەیدانی ئمبازەن و ئەخنەی قوڵی مارکسی و بگرە هەموو شتەک بکرەت بە مەشروعەک بە ئەخنەلێگرتن تەنها مارکسیزم و کەمۆنیزم نەبەت.

مارکسیزم چونکە زیهنی ترین ئەوتی ئایدیالۆجیە پەیوایە کە مەژو شتەک نیە جگە لە دوبارەبونەوەیەکی میکانیکیی سواوی خەڵکی خەباتی چینایەتی. ئەمە نەک بەرهەمی ئیشتیقاقێکی زانستی نیە بکەو بەرهەمی تەماناکی زیهنیی سەرسەرکیە بە مەژوی ئاستەقینەی کەمەگای مرۆیی چونکە ئەوتی ئەوداوکانی مەژوو زەر لەوە ئاڵۆزتر ، جیاوازتر ، پەپەچ و دەورتر ، قوڵتر و چەند سەرە و چەند جەمسەرترن.
لەرەدا، بەوهەیەوە کە ئەوە کرکی بابەتی گفتوگۆکەمانە ، گەر مارکسیزم بە نمونە بهێنینەوە ، وردتر ئەو تایبەتمەندیانە دەرئەکەون.

مارکسیزم ئەوتکی ئەژیریتەریان (سلطوي) یە. ناکرە ئەم تیەریە بەو شەوازە بناسینەوە کە لایەنگرکانی پەناسەی ئەکەن بێ. گەر وا بکەین و هەر ئەبازێکی فکری بپێی پەناسەی خاوەنکانی یا

لایەنگرەکانی بناسینەوە تووشی هەڵدڕ دەبین و ئۆکات ئەبێ بەوامان وابێت کە ئاینەکان بە" هیدایەتی " مرۆڤ و نیشاندانی ڕێگای ڕاست هاتون و ئیسلام ئاینی خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامش وئامانجی بەرزی لیبرالیزم بریتیە لە ڕیزکردنی هەمو مرۆڤکان وەکو بونەوەری یەکسان و ... تاد ، چونکە ئەوانیش بەو تایبەتمەندیانەوە پێناسەی خەیان کردوە.

لێگەڕێ ئەوانەشدا، ئایا قەناغی هەیمەنە و ڕەواجی ئایدیۆلۆجیا بەسەرچوە؟ من پێموایە سەرباری پاشکشەی سەرسوهێنەری مارکسیزم لۆچاو سەدەی بیستدا بەناو خودی ئەو ڕەوتە فکریە بچووکترین چاوپیاخشاندنەوەی بەسەردا نەهاتوە و سەرباری ئەو گورزە کاریگەرانەی خواردویەتی سەرسەختانە ، گەرچی لە مەوقیعیەتکی پەراویزخراوەوە، درێژە بە پەداگری لەسەر ئەرکان و بنەما زیهنیەکانی ئەدات.
بەناو ئەوە وەهمە کە واتبگەین کە ئەوە تەنها ئەحزابی سیاسیی عەقیدەتیی چەپی و کۆمۆنیستیە کە پارێزەری سەرسەختی ئەو دنیابینیە تەسکە ئایدیۆلۆجیەن ، بەڵکو ، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ، ئایدیۆلۆجیا بە تایبەتمەندیە ڕاستڕەویکەیەوە ، هەیمەنیەکی فراوانتری هەیە بەتایبەتی بەسەر بوارەکانی ئەکادیمی و میدیادا .

ڕۆژگاری ئەمڕۆ ، بەپێچەوانەی زۆربەی پێشبینیەکانەوە ، بەتایبەتی پێشبینیی ڕەوتە لیبرالەکانی ڕۆژئاواوە، سەردەمی پووکانەوە و پێچرانەوەی مۆلەفی ئایدیۆلۆجیا نیە، بەڵکو ڕەوتە ئایدیۆلۆجیەکان گەرچی بە تین و تاوێکی کەمترەوە لۆچاوجاران، درێژە بەتەمەنی خەیان ئەدەن و لە قاڵب و فۆرمی نوێ و لە بەرانبەر تەحەدیاتەکانی ئەم سەردەمەدا دێنە مەیدان و مۆجی تازەی بزووتنەوەی ڕاسیزم و ناسیونالیزم و کۆنسیرڤاتیڤی ڕۆژاوایی و ئیسلامی سیاسی تەنها چەند نمونەیەکن.
ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر کوردستان و ناوچەکە نابێ لە بواری باسکردنی ئایدیۆلۆجیای مارکسیزمدا ٢ شت لەیاد بکەین :
یەکەم : ئەوە نوسخە و ڤەرژینە ئاسیایی و دەستی یەکەمکەی ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم نیە کە لە سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەوە بەربەرە بەناوئەبێتەوە بەڵکوو ئەوە ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم بەیوایەت و تەفسیری ستالینییەوە ، وەکو مەرجەعی سەرەکیی مارکسیزم و کۆمۆنیزم لەو قۆناغەدا.
دووەم: بەناوبونەوەی هەر ئایدیۆلۆجیایەک لە هەر شوێن و کاتێکدا زەمینە و پێویستیی تایبەتی خۆی هەیە. دەستبردن بە مارکسیزم و

کۆمۆنیزم (شیوعیەت) لەو قۆناغە سەرەتاییانە لە عێراق (١٩٢٠ – ١٩٣٠) و لە کوردستاندا ١٩٣٠ – ١٩٤٠ لەسەر بناغەی پەیوستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بو کە بریتی بو لە دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانکردنە مەدرنیتە و پێویست بون بە ژیانی کۆمەڵگای جیهانیی ئۆکاتەو کە شتێک نەبوو جگە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی جیهانی.

بەهۆی بوهەیەوە کە عێراق بە کوردستانیشەوە لەژێر کۆنترۆڵی هاستوخێی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بو بۆیە بەتەبیعەت ئەو پرسیارە مەدەنیی دژی کۆلۆنیالیستی و قاڵبێکی چەپیی بەخۆوە گرت. لەو سەردەمەی عێراقدا ژیاربون لە کەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و ئەنجامدانی پرسی سەربەخۆیی سیاسی بە عێراق، یەکەی پێویست بون بوو بەژیانی مەدیرنیزمەوە لە سایەی مەدەنی بزوتنەوەی ژیاریی نیشتیمانیدا کە تێریزانە مارکسیەکانی ئۆکاتەی سەقیەت سەبارەت بە چارەنوسی وڵاتانی ژیردەستی کۆلۆنیالیزم دایانەشتبوو. هەبەتە ئەوە تەنها مەدەل نەبو بەڵکو لەپەنای ئەوەدا مەدەلێکی تر هەبوو کە چینی ناوەنجیی تازە سەرهەڵداوی ئەو جۆرە ولاتانە پێیەویان لێئەکرد کە پێی وابو کە هەمان پرسی مەدیرنیزم لەپەنای وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەزە کۆلۆنیالیستەکاندا باشتر و بەدەردیسەرتر دەتە دی وەکو نموونەی ئوردن یا ئێرانی ئۆکاتە. لەستیشدا ئیستە پاس ٨٠ ساڵ دەرکەوت کە ئێرکی مەدیرنەکردنی ئابوریی وڵات و پیادەکردنی مەدەلێکی داینامیک لە ڕوانگەی دوەمەوە دابین ئەبێت و بەپێچوانەوە ئەوانەی مەدەلی بزووتنەوەی ژیاری نیشتیمانیان پێیەوکرد سەرەنجام تووشی داووخان و بنبەستی گەورەبون. نموونەکانی ئیمارات، کوەیت ، قەتەر، بەحرەین ، مەغریب لەلایەک کە پرسی گۆڕینی ئابووری وپێویست بون بە ئابووری گۆڕاوی سەدەی بیستویەکیان دابینکرد و تیایدا جێگیر بون و جۆرێک لە ئیستیقراری سیاسی تیایاندا جێگیربوو ، لەبەرانبەریشدا نموونەکانی لیبیا و میسر سوریا و عیراق و یەمەنی خوارو هەن کە جگە لە داووخانی هەیکەلیی ئابوریان بوونە بە مەبەندی نائارامی سیاسی و تیرۆر و ئەزمەی قوڵی کۆمەڵایەتی.

من وتم مارکسیزم لەسەر بناغەی زەمینە و پێویستیە تایبەتەکانی خەی سەرهەڵدات واتە پێویستیەک وادەکات کە لەدرێژەی پرسەیەکی سیاسیدا بە بەدیهێنانی ئاوگۆ لە ژیانی سیاسیدا چینە نوکان بەتایبەتی ئەوانەی کە هەست ئەکەن کە بەئەندازەی پگەی کۆمەڵایەتیی نویان بەهرەمەند نین لە پگەی سیاسیی شیاو لەگۆ

ئەو ئەو پێگە کۆمەڵایەتیادا ،و لەڕووی مارکسیزم بە فیعلی ئەو ڕۆبینەت. لەڕشدا بە پێچوانەی ئیدیعائاتی شیوعی و کۆمۆنیستکانەوە ، ئەو توێژە نێک کرێکاران بەکوو چینی ناونجیی شار و ڕۆشنبیرانی هاوتیرازی ئەوانن و وەکو هەمیشەش مەرام و تەماحێ سیاسی و کۆمەڵایەتیکانی خۆیان لەژێر بارگی بەرژەوەندی چینی کرێکاران و جوتیاراندا ئەخنەو نێک بۆن و ڕاستەوخۆ بەناوی چینایەتیی خۆیانەوە ئەو پۆیامە ڕابگەیەنن.

لەکوردستاندا ئەم پرسیە ، بەهۆی خاویی دینامیزمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئەوکاتێ و ڕکوودی ئابووری و فکریەوە ١٠ ساڵێک پاش باقی عەراق ئەکەوت. بەیە ئەو قۆناغی چرکردنی مارکسیزم ، بەتایبەتیش بەهۆی لاوازیی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کوردەوە و هەروەها پێگەی لاواز و نەخۆمیوی چینی ناونجیی کۆمەڵ ، هیچ تایبەتمەندی و ڕەنگوبۆیەکی تایبەتیی کوردستانیی پەونیە بەکو درێژکراوەی ڕاستەوخۆی پرسەی سەرهەڵدانی مارکسیزمێ لەبەشی عەرەبیی عەراقدا ، بەهەمان تایبەتمەندی و لەسەر بناغەی هەمان پەویستی و بەهەمان میتۆد و لۆقاڵبی هەمان ئەو تێزە سیاسیاندا (سەربەخۆیی عەراق ، گشپەدانی ئابوریەکی ، ئازادیی خەڵکەکەی لە کۆتی وابەستەیی بە بەریتانیاوە، هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامە ناڕەواکان کە بەریتانیا سپاندونی بەسەر عەراقدا ، ئەندامەتیی عەراق لە ئەنجومەنی گەلان و… تاد) ، لە کوردستانیش مارکسیزم بە ١٠ ساڵ تاخیرەوە سەرهەڵدات.

لەڕدا پەویستێ جۆخت لەسەر خاڵکی مانادار بکەمەوە. بەاوبونەوەی ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی هەر لەسەرەتاوە و تا ئێستاش تەنها و تەنها وەکو ئامرازێکی ڕاستەوخۆی خەباتی سیاسی وەیا وەکو عەقیدەیەک و بەدیاریکراویش وەکو ئامرازی بەرجەستەکردنەوەی تموحاتکانی چینی ناونجیی تازە سەرهەڵداوی کۆمەڵ دەرکەوتوە نێک وەکو هێزێکی فکری و کەلتووری کە بوارکانی فەرهەنگ و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و نوسین بگرێتەوە یا گەر لەوبوارانشدا هەر بروزاتێکی مارکسیزم ببینرێت ئەوە هەر بە پەیوەند بە چالاکیی حیزبی و سیاسەتەوەیە کە پریشکەکانی لەوبوارانشدا و بە خزمەت بە ئامانجە سیاسی و حیزبیەکە دەرکەوتون.

هەیمەنەی جیهانیی فکری مارکسی و دایناميکیەتی ئەو ئایدیۆلۆجیایە و تەداعی بونەوەی بە ڕزگاربونی گەلانی ستەملێکراوی ڕووسیا و ڕۆژهەڵات بەگشتی و خەسڵەتی نوێی ئەو بیروباوەڕە بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتدا و لە مەحکەدانی تا ئەوکاتەی و لەئارادانبونی

نمونەی شکستخواردویی ئەو ئایدیۆلۆجیە خاڵی بەهێزبون و خزمەتیان بەگەشەسەندنی ئەکرد. لەولاشەوە پوچ دەرچونی بانگەوازگانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستکانی ڕۆژئاواو بەتایبەتی بریتانیا و پرۆنسیپەکانی ویلسون و بڕیارنکانیان سەبارەت بەئازادیی گەلانی ژێردەستە لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم و ڕوخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی کە ببوە بەمتەکیەک بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە، لەگەڵ چەندین هەکاری تردا کە بواری ڕیزکردنیان نیە ، وایان کرد کە ئەو تموحاتە سیاسیانەی چینی ناوەنجی لەپەنای ئیمپراتۆریی تازە سەرهەڵداوی سۆڤیەتی و لەقابیی چەپی و سۆسیالیستیدا بڕجەستە بکرێن . ئیتر تایەتمەندی گۆڕەی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و مەقوولاتی هاوشانی ئەوان لەو بەستێرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا و لەو ململانێ واقیعی و ڕاستیەدا سەرهەڵئەدەن و مانا پەیدا ئەکەن نەک خەباتی چینی کرێکار لە دژی سەرمایە و بورجوازی ، کە وجوودەکی دەرەکیان نەبوو ، یا لەچاو بزوتنەوەی یەکەمدا بەبڕاورد نەدەهات. بەڵام هەروەکو لەپێشەوە وتم ئیتر ئایدیۆلۆجیا و بەتایبەتیش لەپرۆسەی تەمەنی خۆیدا و لە ئەقڵکانی دواتردا ئەوانە ئەکات بە بەدیهیاتی فکری. لیرە بەدواوە ماتریالە ڕاستقینەکە لەگەڵ وێنەکەیدا جێگەکەیان پێئەکریت و بابەتە ئاسێیەکە وەکو ڕەنگدانەوەی وێنەکە نیشان ئەدریت و بەتەپڵەینی ڕۆژگار ئیتر ئەو ئەبەت بە ڕیوایەتی ڕاست. هیچ شتێک ناتوانێت شتەکان ئاوا سەرووقنگ نیشان بدات جگە لە سیحری ئایدیۆلۆجیا.

بەوپێیە ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم لە عێراق و کوردستانەکەیدا هەر لەسەرەتاوە ڕەنگ و بۆیەکی تەواو حیزبی و سیاسیی هەبوە و کەمتر وەکو میتۆدێک خراوەتەگەڕ بە ناسینی کۆمەڵگا و چینەکان و ڕەوتە فکریەکانی تر و مەڕوی ئەو وەاتە و پێکهاتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکەی. ئەمە لەڕادا ڕوبەڕوین نەک لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا بەمانا مەعریفیە پان وپۆڕەکەی (بەبڕاورد لەگەڵ ئەو دەسکەوتە فکری و مەعریفیانەی کە مارکسیزم لە وەاتانی ڕۆژئاوادا بەدەستیان دێنێت لە بوارەکانی ڕەشنبیری و ئەکادیمی وهونەر و ئەدەب … تاد) بەڵکو لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا بەمانا لەقابەدراو و بڕجەستەکراوەکەی لەچوارچێوەیەکی شتەکدراوی تەسکی سیاسی و گروهی و حیزبیدا.

دەنگەکان:
لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا و لە کۆپلەیەکدا ئاواتان نووسیوە، (مارکسیزم چونکە زیهنی ترین ڕەوتی ئایدیۆلۆجیە پێیوایە کە مڕووە

شتێک نیە جگە لە دووبارەبوونەوەیەکی میکانیکیی سواوی خەباتی چینایەتی.)
ئایا پێتان وایە مارکسیزم وەکو تیۆر (زهنگرایی) یاخود، لایەنگرانی ئەو میتۆدە فکرییە ئاوا لەگەیدا کار دەکەن؟ ئەی ئەگەر پێت وانییە مێژوو لە ژێر هەژموونی خەباتی کارو سەرمایەدا دەچێتە پێشەوە، ئەی چیترە؟

عدنان کریم:

مانیفێستی کۆمۆنیست ، کە بە حەق ناونراوە ئینجیلی کۆمۆنیزم ، یەکەمین پەرەگرافی گوزارشت لەو مانا مەفهوومیەی Conceptual)) مارکسیزم ئەکات بە خەباتی چینایەتی و ئەڵێت : مێژووی تا ئێستای مرۆڤایەتی (جگە لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی) ، شتێک نیە جگە لە مێژووی خەباتی چینایەتی.
لەوەهەڵسانی قسەکانی من لەسەر مارکسیزم واتە خودی ئەو تیۆریەیە کە مارکس و ئەنجلز بناغەکانیان داشت و دواتر لینین لەسەرەتای سەدەی بیستەوە تەکمیلی کرد. تیۆریی خەباتی چینایەتی لای مارکس (بەتایبەتی لە سانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا) زیاتر هەندێکی سۆسیۆلۆجیی هەبوو بەلام لای لینین هەندێکی تەواو ئایدیۆلۆجی و سیاسی بەسەریدا زاڵ بوو.
پەداگریی جوهەریی مارکسیزم لەسەر ئەوەیە کە مێژووی بەشەریەت شتێک نەبوو جگە لە مێژوی خەباتی چینە ژێردەستەکان لە دژی چینە دەسەڵاتدارەکان کە دواترینیان بریتیە لە ململانێی بە ئەمانی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداری و چینی بورجوازی و هەموو چینەکانی تری کۆمەڵ کە کەم تا زۆر سودمەندن لە نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری. تیۆریی مارکسیزم پێ لەسەر ئەوە دائەگرێت کە سەرمایەداری خۆی گۆڕ هەڵکەنی خۆی واتە چینی کرێکار دروست و پەروەردە ئەکات . بەوپییەش ناکۆکیە حەتمیەکانی ئەو نیزامە تا دێت قوڵتر ئەبنەوە و سەرەنجام چینی کرێکار و پێشەوانی ئەو چینە واتە کۆمۆنیستەکان لە دژی ئەزمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم نیزامە و لەسەرپایەی ناهەزایەتیی گشتی و سەرتاپاگیری چینی کرێکار و هەمو توێژە ژێردەستەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری پاراوتر و موجەڵەبتر ئەبن.

ئەم تەفسیرە دواتر ئەگاتە جێ مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی و پەداگری لەسەر ئەوە ئەکات کە کۆمۆنیستەکان بەدامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست ڕیزی سەربەخۆی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەدی دێنن و چینی کرێکار ساز و ئامادە ئەکەن تا لە ڕۆژی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی خۆیدا

سەرمایەداری لە گەنجت و لەجێی ئەو دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەکو یەکەمین پلەیستی و هەنگاو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بسڕێنت و تا لووتکەی مەکدارێتیی گشتیی ئابووری بۆ قۆناغی بکات و هەنگاوی یەکجاری بنێت ئەو نامانی چینەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگای بێ چین و بێ دەوڵەتی کۆمۆنیزم. لێرە بەدواوە چیدی شتێک ناماننت بەناوی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و ئازادی بەمانا هەقیقەکەی لەسایەی کۆمۆنیزمدا ئۆگات بە چەپڵەپەی خۆی و خۆشگوزەرانی هەموو سوچێکی کۆمەڵ ئۆگرتووە.
بەناو مارکسیزم بەلەحنێکی نیمچە دینی هەمیشە پەداگری لەسەر ئەوە ئۆکات و بەبیرمان دێنێتەوە کە مەرجی یەکەمی سەرجەم ئەو پرۆژە گەورەیە پیادەکردنی لە سۆسیالیزمی زانستی (واتە مارکسیزم) وەدامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستە.
ئەو وێنەیەی سەرەوە دەسکردی من نیە، بەڵکوو ئەوە جەوهەری مارکسیزمی ئەرتەدەکسە کە جێی هاوڵایی تەواوە لەناو باڵە جیاوازەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە کۆنەوە تا ئێستا.
تیۆریی مارکسی سەبارەت بە خەباتی چینایەتی لەوانلەوە لە وەهم. ئەم تیۆریە تایبەتمەندیەکی هلامیی هەیە . زۆر سەیالە و هیچ نادات بەدەستەوە. دەتوانرێت بە زۆر مەبەستی ناکۆک و جیاواز بخرێتگەڕ.

مەقولەی خەباتی چینایەتی و فەرمۆلەی خەباتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداری مەقولەیەکی زانستیی سەربەخۆ و بۆلایەن و بەهرام نیە لەچاو زۆرێک لە مەقولات و تێرمی تری بواری سۆسیۆلۆژی. ئەم تێزە بە مەبەستی سیاسیی زۆر ڤۆشن داتاشراوە و لەململانێ لەگەڵی و جیهانیکانی یەک سەدە و نیوی ڕابوردودا چەکی دەستی بزوتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو بووە بۆ ئامانجی تایبەتی خۆیەوە کە ناوەکەی لەکۆیتەوە ، لەناوەڕۆکدا، چینی کرێکار قازانجێکی لە نەبینیوە.
کریکارانی وڵاتانی سۆسیالیستی و بەتایبەتی لەسەردەمی لینین و ستالیندا ، ژێردەستەترین بەشی کۆمەڵگای ئەو وڵاتە و گشت سیستمە سۆسیالیستیەکان بون. بارودۆخی کرێکاران لە کۆریای باکور و باشوور یان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی جارانی سۆسیالیست و ئەڵمانیای سەرمایەداری لە ڕۆژئاوادا بەراورد ناکرێن. لەکۆریای باشوردا چینی کرێکاری بەهرەمەندە لە مافی مانگرتن ، ڕێکخراوبون، پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی، مافی مانگرتن و خۆپیشاندان، و لە باکورکۆیدا هیچێک لەو مافانەی نیە گەرچی سیستمەکە نازناوی ئەو چینەی پلۆیە و بەناوی ئەوەو زیندانێکی گەورە دروستکراوە. لە ساڵی ١٩٦٢ بەدواوە حکومەتی ئەڵمانیای سۆسیالیستی (شەرقی) دیواری بەرلین دروست ئۆکات بۆ ڕێگرتن لە هەڵاتنی کرێکاران و

خەڵکی ئەو وڵاتە بە " دەزگای " ئەمنیای فیدرالی سەرمایەداری ئەوکات!!!!. گەیشتن بەئاستی گوزەرانی کریکارانی ئەمریکا و ئەو مافانەی لەیان بەهرەمەندبون، هەر لە سەردەمی لینینەوە، خەونکی دەرینی کرێکارانی سۆڤیەتی جاران بو.

بەکورتیەکەی ، چینی کریکار کە بابەتی ئەسڵیی کەمپانیزمە هیچ خەروبەرێکی ئەو هەمو ئیتەریکە لەفزیەی مارکسیزمی بەرناکەوە سەبارەت بە ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتدارەتیی کرێکاران و ...تاد و بەپێچەوانەوە کەمپانیزم خزمەتێکی گەورە ئەکات بەسەرمایەداری لەڕێ بنیاتنانی سیستمێکی تۆتالیتارەوە کە چینێکی نوێی حیزبی – ئایدیەلۆجی تیا فەرمانڕەوان. سیستمێکی تاک حیزبی و تاک ڕەهەندی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا کە جگە لەوەی ئازادی لە خەڵک و لەپشیانەوە لە کرێکاران زەوت ئەکات دژوارترین بارودۆخی ئابوریش بەسەریاندا ئەسەپێنێ و ئەستاش قات و قێرکان و مەرگەساتکانی ژیان لەسایەی سیستمی سۆڤیەتیدا لەیادەوەری خەڵک و مێژوی ئەو وڵاتەدا بە زیندویی ماونەتەوە . بەوجۆرە کەمپانیزم گەورەترین هەڵمەتی ڕزگاریبەخشی ئینسان لەسەدەی بیستدا لە دژی سەرمایەداری ئەکات بەقوربانیی ئیتەریکە فکری و ئۆتۆریتانیزمە سیاسیەکەی خەی وسەرەنجامە مەئساویەکانی بلۆکی سۆسیالیستی لە جیهاندا بە قۆناغێکی دورودرێژ خەونی ڕزگاری لە کۆتی چەوسانەوەی سەرمایەداری و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ، لە ناخی ئەواندا ئەمرێنێت. لەڕەدا ئەوە گومانی تیا نیە کە لە ئەمریکا و کەریای باکور و ئەمپانیای فیدرالی ئەوکات ، ئەوە سیستم و نیزامی کاپیتالیستیە کە زاڵ بوە و زاڵە و ئەو نیزامەش لەسەر بناغەی ناعەدالەتیی ئابووری ونایەکسانیی فرسەت بە چینەکان و چەوسانەوەی چینایەتی و دەسەڵاتدارەتیەکی سیاسی بنیاتنراوە کە پارێزگاری لەو سیستمە ئەکات ، بەتام هەشتا چینی کرێکار ، لەچاو هەموو جۆرەکانی سۆسیالیزمی تا ئێستادا ، بەهرەمەندە لە ژیانێکی باشتر.

ەنگ بە کەسانێک پەیدا بن و بڵێن کە هیچیەک لەو سیستمانەی تا ئێستا لە میژوودا بەناوی چینی کرێکار و سۆسیالیزمەوە دامەزراون ، سۆسیالیزمی ڕاستەقینە نەبوون!!! . ئەم جۆرە دەربینانە ئیتر لە بواری جەدەل و پلمیکی فکری دەرئەچن ومن پەموایە ئەو ئیتەریکە ەمانسیە سیاسیانە لەهیچ شوێنکی دنیا کەیارێکیان نەماوە و کەس ئەو جۆرە هەڵوەستانە بەجدی وەرناگرێت. ئەو سیستمانەی بەناوی سۆسیالیزمەوە لە ڕوسیا ، چین ، ئەوروپای شەرقی، ڤێتنام ، کوبا، کەمبودیا ، لاوس و چەندین وڵاتی تری جیهانی سێیەم دامەزران ،

کتومت و هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان پێیانویان لە تیوریی مارکس ولینین کردوە. لەگەڵ وسیا لینین خۆی ئەندازیاری ئەو سیستمە بوو و بنەماکانی دامەزراندنی سیستمی پێ لە ستەم و چەوسانەوە لەلایەن خودی ئەوەوە بنیاتنرا.
بەو مانایانە مەقولەی خەباتی چینایەتی و ململانێی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری شتێک نیە جگە لەوتێکی فکری- سیاسی تری کۆمەڵگای مودرین و بەرهەمێکی تری مودرنێتە کە بەرپرسیارە لە بەدیهێنانی ئەو دنیا پڕ لەستەمە.
گەر سنورەکانی ئەو ئیدراکە عاتیفی و ئەمانسیە ببەزێنین کە تان و پۆی کۆمۆنیزم پێکدێنێت و دیاردەکان هەروەکوو خۆیان هەن نەک بەوجۆرەی کە پێویستە هەبن ، ببینین، ناواقیعی بونی ئەو تێز – جۆهەرە مارکسیە دەرک پێئەکەین.

با نمونەی مێژوی ئەوروپا بە بیر بهێنینەوە. ئایا بەڕاستی لەسەدەکانی زایین بەدواوە مێژوی ئەو ناوچەیە میژووی خەباتی چینایەتی بوە و ئەو خەباتە ئەنگێژی کۆمەڵگا و دیاردەکانی کردوە وسیماکانی دیاریکردوە؟ بەگومان نەء . شۆڕشکانی ئیمپراتۆری ئەمانی ، کۆشکانی نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی کریستیانیەت (پرۆتیستانت و کاتۆلیک و ئۆرسۆدەکس واتە کڵیسەی شەرقی) ، ئینکیزسیۆن و قڕکردنی جوولەکان ، شۆڕشی پیشەسازی ، ئینیسیانس، مەزهەبە ئابوریە پێیەوکراوە جیاوازەکان و ئاکامەکانی پێیەوکردن لەهەر یەکێکیان ، شۆڕشکانی جوتیارانی ئەڵمانیا و پڕۆتستانیا و چیک لە دژی فیەدالەکان ، پەڵامارەکانی عوسمانیەکان بە سەر ئەوروپا و بەرەنگاریی ئەوروپا لەبەرانبەریاندا، سەرهەڵدانی ئیسلام و دواتر شۆڕشی سەلیبیەت، و دەیان کارەسات ودیاردەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی ، فکری ، ئاشنبیری ، ئەدەبی و هونەری تر ئینیان هەبوە لە سازدان و خەماندن وپشێوی مێژووی واقیعیدا. ئەوانەن توخمە پێکهێنەرە ئاستەقینەکانی مێژوی کۆنی ئەوروپا تا دەگەن بە شۆڕشی پیشەسازی و قۆناغی داهێنانی ئامێری هێم و شۆڕشی فەرەنسا و ئیسلاحاتی دەستووریی بەریتانیا. بەو مانایە کورتکردنەوەی ئەو میژووە فرەجەمسەر، پڕگرێ و گۆڵ، دەوەستەدند ، قوول و پانوپۆڕ لەتەنیا ئاهەندەکی کۆمەڵایەتیدا کە ئاهەندی خەباتی چینە ژێردەستەکانە لە دژی چینە دەسەڵاتدارەکان، بریتیە لە ئاوژوکردن و ئینکردنی ئەو مێژوە نک هونکردنەوەی لاپڕە تاریکەکانی.

بەڵام دیسانەوە ئەوەش جێی سەرنجێکی قووڵترە کە بکەر و پاڵەوان و پشێوی ئەو ئەو ئاڵوگۆڕانە و بەتایبەتی لەوەرچەرخانە

گۆڕەکانیدا چینی ناوەڕاست بوون و ئەوان بوون کە چینە ژێردەستەکانیان مەبەلایز، هوشیار و ئامادەی کردوە بۆشۆشی ئوکتۆبەریشەوە. ئەو چینی ناوەڕاستە کە ئاراستەی دیاردەکان و ئاوگەڕەکان دیاری ئەکات. ئەو چینەیە کە ئاسۆی سیاسی و فکریی قەناغەکان ڕەسم ئەکات و هەر قەناغە و لەهەر شوێنێش ناوەکی لێئەنێت و یا بە شۆشی گەل ، بزووتنەوەی خەڵک ، ئاپۆینی جەماوەر، هەستانی برسیەکان یا شۆشی کریکاری و سۆسیالیستی ناوزەدیان ئەکات. ناونانەکە و نازناوە هەبەستراوەکە زەمان و باوبونی ئایدیۆلۆجیەکان و گیرابونی بیروباوەڕە جیاوازەکان دیاریی ئەکەن. شۆشی فەرەنسا لەژێر چەتری (برایەتی و یەکسانی و ئازادیدا) بەرپائەبێت بەڵام شۆشی ڕووسیا لەژێر نازناوی سۆسیالیزم و ڕزگاریی چینایەتی و لەناوبردنی سیستمی سەرمایەداریدا. گەر ئەو ٢ نموونەیە لەهەموو شتێکدا جیاواز بن ، کە حەتمەن جیاوازی زەریان هەیە ، بەڵام لەوەدا یەکسانن کە ئابەر ، دیاریکەری ئاسۆ سیاسیەکەی ، و سودمەند و سوکان بەدەستەکەی هەمان چینی ناوەنجیی کەمە.

بەڵام ئایا ئەوانە لەسایەی چ سیستمێکی چینایەتیدا ڕوئەدەن و قەناغی تەمەنی خەیان تێئەپەڕێنن و میژو دروست ئەکەن؟ بەگومان لە جەرگەی سیستمێکی ئابوری و کۆمەڵایەتیی چینایەتیدا (فیەدالی و پاشان سەرمایەداری) . هەرلەڕوەش ناسکی و ئیشکالیەتی سەرکی باسکە سەرهەڵدا کە مارکسیزم تیکەڵکی سەیر ئەکات لە نەوان جیاوازی چینایەتی و خەباتی چینایەتی و لەئەقەی دواتریشدا ئیتر خەباتی چینایەتی لە دیاردەیکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ئەگوزێتەوە بۆ دنیای ئایدیۆلۆجی و تەوتەم و تابۆیکی ئایدیۆ – سیاسیی تەمام عەیاری لە ساز ئەکات.
مرۆقی سەدەی بیست هەمو شەواز وباڵەکانی کۆمۆنیزم و مارکسیزمی تاقیکردەوە بەڵام هیچیان نەک هیشی چەوسانەوەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەویان هەڵنەتەکاند بەڵکوو ئەو تاڵاوی لەسایەی ئەو سیستمەدا چەشتیان لە تاڵاوی سەرمایەداری خراپتر بوو.
لەڕەدا ئەوە ئەو دووبارە بکۆمەوە کە ئاژیتاسیۆن لە دژی ستەمی کاپیتالیزم خۆی لە خۆیدا هیچ شەرعیەتێک و ڕەوابوون نادات بە کۆمۆنیزم. ئەمە بەپێچەوانەی سەرەتای سەدەی بیست واقیعیەتێکی دنیای ئەمڕۆیە و تایبەتمەندی جیهانی ئەستای ئەمڕۆیە کە کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمە دەرکی ناکەن و ئەوە نادیدە ئەگرن کە جارێکی تر زەحمەتە کۆمۆنیزم بەو ئابوردوە تاڕادەیەوە ببەتەوە بە پەرچەمی ڕزگایی چینی کرێکار یا گەلانی ژێردەستەم یا پەرچەمی

ناڕزایەتیی هیچ بەشکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئینسانیی ئەمڕۆ. ئەمڕۆ هاتنەوە مەیدانی کۆمۆنیزم تەنها لەژێر ئاڵای پەردەهەڵماڵین لەستەمی سەرمایەداری و پاکنەکردنەوەی پاشماوەی کۆمۆنیزم لەو پەخشەوات و " گۆڤاری ئەجیاس" ی کە لابوردوی کۆمۆنیزمی پیس کردوە نک هەر مەحاڵ بگرە وەهمکی گەورەش. ناکرێ ئەو پاشخانە خۆناوی و پڕ لەستەمەی کۆمۆنیزم بە هیچ پاساوێک بخرێتە ئەستۆی هیچ لایەنکی دژەکی و نەیار و ئەنتی کۆمۆنیست و لادەر بەکو جورئەتی سیاسی و فکری لەوەدایە کە کەک دان بەو هاستیدا بنێن کە ئەو کۆمۆنیزم و مارکسیزمە کە لەپرسراوی هاستۆخی ئەو تراجیدیانەیە کە لە سایەی سیستمی سۆسیالیستیدا خوڕقاون نک هیتلەریک داتاشینی وکو جەڵادکانی سۆسیالیزمی بورجوازی و وردە بۆرجوازی و تەزگەلی وکو سەرمایەداری دەوڵەتی و چی و چی.

ئەمڕۆ هەڵگرانی ئاڵای خەباتی چینایەتی ، واتە کۆمۆنیستەکانی سەدەی بیستویەک لەبەردەم ئەرکەکی سیاسی و فکری و ئەخلاقیی گەورەدان و ناچارن وەڵام بدەنەوە بەدیان پرسیار وکەشی سەردەم یا کێشکانی پەیوەندیدار بە مەژوی کۆمۆنیزمەوە ئەگینا پرسەی پڕاوەزبونیان بەردەوام ئەبێت. ئایا ئەوان بەوایان بە هەبژاردنی ئازاد هەیە یان نا ؟ فەلسەفەی پلەرالیزمیان قەبووڵە؟ لەسەر دیموکراسی چی ئەڵێن ؟ چۆن ئەوانە مەسەلەی مافی مرۆڤ ؟ ئایا بەکارهێنانی کارتی مافی مرۆڤ لەگەڵ لەوە لایەن غەرب و ئەمریکاوە بۆ مەرامی سیاسی ئەتوانێ ببێت بە بیانوویەک بۆ سوکایەتی و کایەکردن بەبایەخی مافی مرۆڤ لایەن کۆمۆنیستەکانەوە؟ ئایا تەنیا کەمپەینکردن لە دژی شا، هەرشی سەرمایەداری بەسەر مافەکانی کرێکاران، تەسکردنەوەی بواری کانی ماف و ئازادیەر گشتیەکان ، پەرەسەندنی هاستەوەی یا وتنەوەی قەوانی " ئەزمەی سەرمایەداری " … تاد، ئەتوانێت کۆمۆنیزم لەو گێشگیری و پڕاویزکەوتویی و بەئایندەیی ڕزگار بکات ؟ ئایا تەنها بەوێندە ئەستێیان پاک ئەبێتەوە بەبێن تاقیکردنەوەکانی سۆڤیەت، چین ، کوبا، ڤێتنام ، ئەوروپای شەرقی ، و …. ، تاد کۆمۆنیست نەبوون و ئەوانە ناوزەد کرێن بە لادان و پیادەنەکردنی دروستی مارکسیزم ؟ ئایا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کەیەکی بنەڕەتیی مارکسیزم بووە یا " بدعە " یەکی ستالین و ماو یا ئەنوەر خۆجە و هۆنیکەر بووە؟ تا ئەستای بەشەجەراوجەرکانی کۆمۆنیزم لە جیهان و ناوچەکەی ئەمەدا (تڕتسکیستەکان ، چەپی نوێ ، مارکسیە هادیکاڵەکان ، لایەنگرانی ئەنتەرناسیونالیزمی چوار ، کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەران …تاد) وەهامکی هون بەوانە و بەدیان پرسیاری تری چارەنووسساز نادەنەوە

کە یەخیان گرتوون و دژیان ساڵە تەپاون بەسەریەکدا و ئوبالی خیان بەو پاک ئەکەنەوە کە ئەوەوتە فکری و سیاسیانەی تا ئێستا و دەولەتانی بلەکی سۆڤیەت و سەرجەم نیزامە سۆسیالیستەکانی تا ئەمڕۆی جیهان هیچیان نوێنەرایەتیی میراتی مارکس و لینین ناکەن و تەنیا ڕەگەش گڕانەوەیە بەسەر تیەری و ڕێنماییەکانی ئەوان.
گەر ١٠٠ مڵیۆنی ساڵی رابووردووی کوردستان (عێراق) بەهەمان پێودانگ تاوتوێ بکەین ئەگەینە ئەنجام و دەسکەوتکی چوونیەک.

بەدوای شکڵی جیهانی یەکەمدا سەرمایەداری وەکوو فەرماسیۆنکی ئابووری ، زیاتر لەدەرەوە و بەادەی یەکەم لەڕێی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیا و لکاندنی بازاڕی ئابوری و بازرگانیی ئەم ولاتەوە بە بازاڕی سەرمایەی جیهانی ، پاشانیش لەڕێگەی ئەو گۆڕ ئابوریەوە کە هۆکاتە ووڵات ، چەکەرەئکات و کوردستانیش هاکشرتە ناو ئەو گەڕانکاریانەی کە دینەپێش. ئەوانە سەرەتای ئاوگەڕکی هادیکالبوون لە پکهاتەی کۆمەڵگای کوردستاندا.
لە کۆتایی سیەکانی سەدەی پیشودا ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم لەکوردستانی عێراقدا نەشونمائەکەن. ئەم قۆناغە هاوکات ئەبەت لەگەڵ هەڵچونی خێرای نازیەت و فاشیەت لە ئیتالیا و ئەڵمانیا کە ڕەنگدانەویان لە عێراقدا زەر ئەبەت و وجگە لەوەی کە توڕاڵکی سیاسی ناسیونالیزمی عەرەبی لە عێراقدا ئەکەونە ژێر هەیمەنەی فاشیەتەوە بەنام شیوعیەکانی عێراق زیرەکانە ئەکەونە گۆڕ بە هەڵخراندنی بیروڕای گشتی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بە ئاراستەی پەیەوی لە سیاسەتی هاوپەیمانان واتە سۆڤیەت و بەریتانیا لە دژی دەوڵەتانی میحوەر واتە ئەڵمانیا و ئیتالیا و هاوپەیمانکانیان کە لە ١٩٣٩ – ١٩٤٤ هەمو جیهان ئەبەت بە مەڵگەی شکڵی جیهانی ئەم ٢ قوتبە.

گۆڕی شیوعیەت و مارکسیزم لەم قۆناغە لەکوردستاندا ، لەسایەی نەبونی سونەتەکانی ململانێی فکری و سیاسیی دیموکراتیک و عەقلیەتی جدلی بیروباوەڕکان ، فەزای گشتیی ئازادیی دەربڕین و گفتوگۆی ئازاد و هەڵبژاردنی ئازادانەی بیروباوەڕ و جدلی نێوان ڕەوتە فکریەکان بەتوندی ئەخاتە ژێر کاریگەریی خەیاڵ و بۆئاراستەی هەیمەنە وکپکردنی دەنگی جیاواز کارئەکات تا ڕادەی تەخوین و تەکفیری سیاسی وفکری و تەرمەکانی “وردبورژوا ‘ و ” کۆنەپەرست ” و ” فاشیست ” بەکاردەهێنن بۆ ناوزەدکردنی نەیارانی سیاسی و فکریان. لەو قۆناغەدا هەردو باڵی شیوعیەت و ناسیونالیزمی کوردی ژیانی سیاسی و فەزای فکری داگیر ئەکەن و لەقاڵبی ئەدەن و بەتوندی

ئەیخانە ژەرگوشارەوە ئیتر هەر زەر زوو جدلی ناو بزوتنەوە سیاسی و هزوتە فکریەکان قاڵبەکی ئادیکال و توندوتیژ وەرئەگرێ و هەچکەی ئازادی بیروباوەڕ و پلمیکی ئازاد تیایدا بزر ئەبێت.

کوردستان لە سەردەمی پاشایەتیدا بارودۆخیکی چونیەکی هەبو لەگەڵ باقی عێراقدا. داخوازی و شیعاری سیاسی و ئامانجی خەڵک یەک بو. هەمو وڵاتەکە لەلایەن ژیمەکەوە بەهەوە ئەبرا کە دەسنیشاندە و جێبەجێکەندی بڕیتانیا بو و بەجێندین پەیماننامەی زیللەت ئاوەڕ بەستراوەتەوە بە بڕیتانیاوە. جگە لەوە ناسیونالیزمی کورد پایگایەکی سیاسیی بەهێزی لەناو خەڵکدا نەبو. بزووتنەوەیەکی ناهەزایەتی بەهێز لەکوردستانیشدا وەکو باقی عێراق لەئارادابو کە زیاتر بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دیموکراتی بو. ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن حیزبی شیوعیەوە ڕابەری ئەکرا و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو مەددە ئازادیخوازە چەپیە ئەوپەڕی هەوڵی ئەدا کە بەیەی چەپی وپێشکەوتنخوازی بدا لە سیاستەکانی.

حیزبی شیوعیی عێراق لەقۆناغی ڕابەریی فەهد و سەلام عادلدا حیزبێک نەبو خۆی لەناو قاڵبە فکری و سیاسیە تەسکەکانی مارکسیزمی کلاسیکدا قەتیس بکات. ئەوان عەقلانی تر و بێشەوازەکی سیاسیی باڵاتر ئیانەوانیە مەیدانەکانی خەباتی سیاسی ونادەبون بە ئەسیری تەزی خەباتی چینایەتی و هیچی تر. بزوتنەوە واقیعیە کەمایەتیەکانی ئەوەژگاری خیان پیکەوە گرێئەدا بە دەرهەنانیان لە بزوتنەوەیەکی سەرتاسەریدا. بزوتنەوەی جوتیاران لەپەناوی زەوی ، بزوتنەوەی ناهەزایەتی خەڵک بەکرێکارانیشەوە بە بژیوی هەژانە و خێشگوزەرانی ، بزوتنەوەی دژ بە ژیمی پاشایەتی و پەیماننامە زەلیلەکانی لەگەڵ بڕیتانیا، بزوتنەوەی ژنان و قوتابیان و لاوان و هەمو ناهەزایەتی و جموجۆڵکانی تری کەمەگا و چاوەڕوانی ئەو وهەمە نەبون کە چینی کرێکار ببێت بەفریشتەی نەجات و هەمو کەمەگا و وەڵات ڕزگار بکات.
چەپ لەم قۆناغەدا کە حیزبی شیوعی نوێنرایەتی ئەکرد هێزێکی واقیعیی دانەبراو لە کەمەگا بو. بە عەینەکی ئایدیەلەجی نایدەوانیە جموجۆڵ و کۆشکانی کەمەڵ و ململانێ سیاسی و کەمایەتیەکانی بەیش ببو بە هێزی سیاسیی سەرەکی گەڕپانی وڵات. ئەم بزوتنەوەیە لەو قۆناغەدا بەئەوەی شیعاری قەبە و گران هەڵگرێت ناسیونالیزمی کورد و عەرەبی خستبوەڕ پەراوێزەوە.

لەنیوەی دوەمی حەفتاکانەوە هێزێکی چەپی نوێ لەکوردستاندا

سەرهەڵدات کە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان نوێنەرایەتی و سیمبولیەتی. ئەم هەوڵە لەجەرگەی بنبەستی حیزبی شیوعی و شکستی بزوتنەوەی ناسیونالیستی پارتی و بزوتنەوەی چەکداری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ دا زەر خەرا گۆشە ئەکا و لەماوەیەکی کەمدا ئەبە بە هێزی یەکەمی گەورەپانی خەباتی سیاسی و چەکداری لەدژی ژیمی بەعس.

ئەم هەوڵە گۆرچی خۆی بە هێزکی مارکسی – لینینی دەناساند بەڵام یەکخراوەک بو کە پێی لەناو بزوتنەوەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکی کوردستان و مقاومەتی ئەوان لە دژی سیاسەتە شۆفینیەکانی ژیم و باڵی ناسیونالیستی کورددا قایم کردبوو.
کۆمەڵە هێزکی چەپی و نیشتیمانیی ئازادیخواز بوو کە لەهەمو بوارەکانی کۆمەڵی کوردستانی ئۆکاتەدا تێشنەی کرد. ئەم هەکخراوە هوانگە و پراتیکەکی زەر داینامیکی پێیەو دەکرد سەبارەت بە مەیدانەکانی خەبات . ئەو وەکو هەکخراوەکی مارکسی نەدەهات چاوەوانی ئەوە بکات کەی بزووتنەوەی کریکاری دەتە سەر شانەی سیاسەت تا ئەم هابەری بکات. کۆمەڵە نەبزی دەی کۆمەڵگای ئەگرت و لەناو زەربەی چین و توێژکانی کوردستاندا نفوزی گەورەی پێیداکرد.

خۆ ئاسیر کردن لەناو ڕیتەریکی خەباتە چینایەتی و بە دیاریکراوتر لەناو قۆفزی مەقولەی خەباتی چینی کرێکار لەدژی چینی سەرمایەدار سەرچاوەی ئەو سیاسەتە پاسیفیستی و نەزەکانەن کە چەپی ئەمەی کوردستان وبەدیاریکراویش کۆمۆنیستەکان دەرگیری بوون. ئەو پەداگریە لەسەر ئەولەویەتی هێزی بزوتنەوەیەک کە لە دنیای واقیعدا بروزکی ئەوتۆی نیە یانی بەدەنگە کردن لەسەر هەوەند و شکستکی هاستەقینە کە لە کوردستاندا زەر بە تووندی لەئارادایە. ئەمە چی لەوە گومەاکەر ترە کە تە لەبەرانبەر دەسەاتدارێتیکدا کە تە و وشکی وەات بەتاڵان ئەبات و دەیان ملیاردەری حیزبی تیا پەیدابوە بێیت و بەناوی کۆمۆنیزمەوە بێیت سەرمایەداری سەرچاوەی کێشکانی ئەم وەاتەیە وهەموو کێشکانی ئەم ووەاتە لە هێی چینی کرێکارەوە چارەئەبێت و تەنها ئەو ئەتوانێت وەکو پاڵەوانی ڕزگاری ووەات دەرکەوێت؟ ئەوە سیاسەتی هیچ نەکردنە بەناوەکی زەر قەبە و هادیکاڵەوە. لە کوردستانی ئەمەدا دەیان مەیدانی خەباتی سیاسی و ئابووری درۆژیان هەیە و ئەوەی کە تیایدا چالاک نیە چینی کرێکار و دەلیلی ئەوەش ئەگەتەوە بە فاکتەری زەر بنەەتیی ئابووری و کۆمەایەتی و مۆژوویی لەم وەاتەدا ئیتر دانیشتن و چاوەوانی بەدیار هاتنی فریشتەیەکی ڕزگاریبەخشی وهەمی کە خۆی ئەو حسابە لەسەر تواناکانی خۆی ناکات لەخۆشباوەی زیاتر هیچی لە شین نابێت.

ئەبە خاوەنکانی ئەو تێزە نیشانمان بدەن کامانەن بەرکانی شێوی فیعلیی ئەو چینە ؟ ئەکخراوبونی چەن و لە فەرمکدا بەرجەستە بەتەوە؟ پلاتفەرمی سیاسیی ئەو چین و بزوتنەویە کامیە؟ ئابەران و قسەکەرانی کەن ؟ دەرکەوتنی خەباتکی و بزوتنەوکی بە چی شەوازکە؟ قورسایی لە تەرازوی هەزدا چیە؟ سیاستی ئەم هەزە لەسەر کێشە ئەژانکان و دەرگیریە ئاستقینەکانی ئەو هەموو تۆژ و جەماوەرە فراوانی کوردستاندا لەگەڵ دەسەڵات و حیزبکانی بزووتنەوی کوردایەتیدا چیە؟ لەسەر دەها کێشی وکو مادی ١٤٠ و ئیفراندەم و دزینی سامانی نیشتیمانی و پێیوندی بغدا و هەریم و دیان گیروگرفت و ململانێ و دەرگیریی سیاسی و کەمەڵایەتی و دیان پرسیار و ئیشکالیاتی فکری تردا ئەو بزوتنەوە کرکاریە چی نیشانی خەڵک ئەدات و چ ئاسێیک ئەخاتە بەردەم وەاتک کە لە لیواری داوخانی گشتیدایە؟

هەڵگرانی تێزی خەباتی چینایەتی بریتین لە ئاکردوان لە بەرکانی خەباتی فیعلی و پیاهەڵگوتن بە خەباتکی زیهنی و فەرزی و هیچی تر و کرکار و زەحمەتکێشی ئەو ووەاتەش بخەبەرترین بێشی کەمەڵن لەو هەموو ریتەریک و نازناوانی لەوان نراون.

هەڵگرانی ئەو دیدگایە دابەاوترین لایەنی سیاسیین لە واقیعی کوردستان و کەمترین کاریگەریان بەسەر ڕەوتی ڕوداوکانەوە هەیە و دەسەڵاتیش پێیخێش هەمو نیارکانی لەهەمان قیافەت و بچمدا دەرکەون .

درێژی هەیە .....